ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (463) دووشەممە 2017/7/3 - 12ی پووشپەڕ 2717 (750) دینار

## "حەویجە دوایین شوێنی عێراق دەبێ کۆنترۆڵ بکرێتەوە"

ڕووداو- کەرکووک

بەپێی پلانی سوپای عێراق بێت، ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە دەکەوێتە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر و ناوچەکانی دیکەی ئەنبار و دوایین شەڕی دژی داعش لەوێ دەکرێ.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەتا ئێستا هیچ شتێک بەفەرمی نییە، بەڵام لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ هاوپەیمانان پێیانڕاگەیاندووین کە پاش مووسڵ ئۆپەراسیۆنی تەلعەفەر و ڕومادی دەستپێدەکات و دوای ئەوان ئینجا ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە دەبێت".

یاوەر هەروەها گوتی کە ئەوان داوایان لە هاوپەیمانان کردووە ئەولەوییەت بە گرتنەوەی حەویجە بدەن، لەبەرئەوەی ئەو شارە تەنیا 30 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای کەرکوکەوە دوورە، بەڵام گوتی هەتا ئێستا حکومەتی عێراق هیچ خشتەیەکی دانەناوە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە.

هێشتا حەوت یەکەی ئیداری لە سنووری کەرکووک لەژێر دەستی داعشدا ماون کە سەرجەمیان دەکەونە سنووری قەزای حەویجە. ڕووبەری ئەو سنوورەی بەدەستی داعشەوەیە 110 کیلۆمەتر پانە و درێژییەکەشی 185 کیلۆمەترە، ئەوەش دەکاتە 30%ی خاکی کەرکووک.

داعش تاوەکو ئێستا لە حەویجەوە 17 جار پەلاماری کەرکووکی داوە.

4«



گوتارخوێنەکەی مزگەوتی نووری:

### ڕۆژێک دوای گوتارەکەی بەغدادی دەریانکردم

5

ڕاوێژکارێکی پێشووی دۆناڵد ترەمپ بۆ (ڕووداو):

### ئەمریکا پشتگیریی گشتپرسی دەکات

7



د. ئێدی کۆهێن

### ئیسرائیل پێویستی بە سەربەخۆیی کوردستانە

19

پارتی ڕازیە یوسف محەممەد ئەو خولەی پەرلەمان تەواو بکات

# یەکێتی لەسەر داوای گۆڕان نوێنەر بۆ کۆمیتەی گشتپرسی نانێرێ

« 3



بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی "دادگای شەرعی"ی داعش

# کچە کوردێکی ئێزدی بە 1500 دۆلار فرۆشراوە







« 2

ژنان 12

### باوکێک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچە 12 ساڵانەکەی



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### ژنێک لە هەولێر 30 چەقۆ لە هەوێکەی دەدات

ئەدەب و کولتوور

نەزەند بەگیخانی:

### من گۆڕستانم و پڕم لە مۆتەکە و خێو



ئابووری 8

### جوتیاران خەیارەکانیان دەفرۆشنە ئاژەڵداران



## دوکاندارێک 1.2 ملیۆن دۆلاری هاووڵاتیان دەبات

**رووداو– سلێمانی**

لەنێو بازاڕێکی تایبەت بە کەرەستە کارەباییەکانی سلێمانی، خاوەن دوکانێک بە بیانووی مامەڵەپێکردن و پێدانی قازانج بڕی ملیۆنێک و 250 هەزار دۆلاری لە چەند دوکاندار و هاووڵاتییەک وەرگرتووە. نەبەز کەریم کە 300 هەزار دۆلاری داوەتە ئەو دووکاندارە و ئێستا سکاڵای لەسەر تۆمارکردووە، گوتی "لەبەرئەوەی ساڵانێکی زۆر کارمانکردبوو متمانەم پێی بوو، چەند جارێک پارەم پێدا و قازانجی پارەکەی پێدەدامەوە ئەمە وایکرد چەند جارێکی د.m hgshl یکە پارەی بدەمێ". لەدوای مانگێک شەش سکاڵا لەسەر ئەو خاوەن دووکانە تۆمارکراوە و بە بڕیاری دادوەر لە زینداندا راگیراوە .



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (463) – دووشەممە 2017/7/3

### بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی "دادگای شەرعی"ی داعش

# کچە کوردێکی ئێزدی بە 1500 دۆلار فرۆشراوە



نەجلە



نەجوە



عالیە



نەجمە




بەڵگەنامەی فرۆشتنی نەجمە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**رووداو– هەولێر**

بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەیەک و دواتر پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، ئومێدێکی زۆری بۆ خێزانەکەی نەجمە گەڕاندووەتەوە کە کچەیان هێشتا لە ژیاندا ماوە. بەپێی بەڵگەنامەکە، داعش وەکو "سەبییە" مامەڵەی لەگەڵ نەجمە کردووە. نەجمەش لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا مژدەی نزیکبوونەوەی رزگاربوونی بە کەسوکارەکەی داوە.

سەعید ئیسماعیل عەلی، خۆی و هاوژینەکەی و 10 منداڵەکەی (حەوت کچ و سێ کوڕ) لە کاتی پەلامارەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014، لە گوندی تەلقەسەب دەکەونە دەست چەکدارانی داعش. پاش ئەوەی منداڵەکان لە دایک و باوکیان جیادەکرێنەوە، کەسیان سۆراخی ئەوانی دیکە نازانێت و ئاگاداری دۆخی یەکدی نامێنن.

لە کاتی هێرشی سوپای عێراقدا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو چەند ناوچە کەمەی لەبن دەستی داعشدا ماوە لە بەری لای راستی مووسڵ، چەندین بەڵگەنامە کەوتنە دەست سوپای عێراق، یەکێکیان بەڵگەنامەی فرۆشتنی کچێکی سەعید بوو بەناوی نەجمە. بەپێی بەڵگەنامەکە، نەجمە بە 1500 دۆلار بە چەکدارێکی داعش بەناوی ئەبوو زوبێر فرۆشراوە.

بەڵگەنامەکە یەکێکە لە نووسراوەکانی دیوانی دادوەریی داعش و بە ژمارە 221 لە ویلایەتی نەینەوا کراوە.

رۆژی سێشەممە، 2016/8/16 ، ئەبوو زوبێر کە چەکدارێکی داعشە و کڕیاری نەجمەیە (کچەکە لەوێ وەکو "سەبیە" ناوی هاتووە)، گرێبەستی لەگەڵ ئەبوو مونعیم وەک فرۆشیاری نەجمە کردووە. پەنجەمۆری هەردووکیشیان لەسەر بەڵگەنامەکە هەیە. بەڵگەنامەکە مۆری سەرۆکی دادگای شەرعیی داعشی پێوەیە، جگە لە ناوی نەجمە و تەمەنی، بە روونی وەسفی شێوە و روخساری نەجمەی بەمشێوەیە کردووە: "نەجمە سەعید ئیسماعیل، تەمەن 20 ساڵ، بالا 130 سانتیمەتر و رەنگی چاوی هەنگوینییە و بالایەکی باریکی هەیە".

لە بەشی خوارەوەی بەڵگەنامەکەدا و لە تەنیشت ناو و پەنجەمۆری فرۆشیارەکەدا نووسراوە، خاوەنداری شەرعی، واتە ئەبوو مونعیم بە شەرعی خاوەنی ئەو ژنەیە کە دەفرۆشرێتە ئەبوو زوبێر و لەمەودوا ئەبوو زوبێر دەبێتە خاوەنی شەرعیی ژنەکە.

تێبینی دادوەرەکەی داعشیش لە خوارەوەدا هاتووە "هەردوو برا ئەبوو مونعیم و ئەبوو زوبێر لەبەردەمم ئامادەبوون و رێککەوتن. ئەبوو مونعیم، نەجمە سەعید (موڵکی خۆی) تەنیا بە 1500 دۆلاری ئەمەریکی بە ئەبوو زوبێر فرۆشت و دەبێتە خاوەنی شەرعی و ئەبوو زوبێر تەواوی پارەکەی داوە، لەبەرامبەریشدا ئەبوو مونعیم، نەجمە سەعید رادەستی ئەبوو زوبێر دەکات". لە بەڵگەنامەکەدا دوو کەس وەک شایەدحاڵ تۆمارکراون کە ناویان ئەبوو تیبە و ئەبوو عیزەددینە.

لە ئابی 2014 دا داعش پەلاماری شنگال و دەوروبەری دا، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لەو هێرشەدا 6800 کەس رفێنراون کە 4300 کەسیان تاوەکو ئێستا ئازاد کراون، بەڵام 2500 کەسیان هێشتا شوێنبزرن. داعش زۆربەی ئەو پیاوانەی رفاندبوونی، گوللەباران کردوون. وەکو دەستکەوتی جەنگیش مامەڵەی لەگەڵ کچ و ئافرەتەکاندا کردووە و لە نێوان خۆیاندا بەناوی "سەبایا" کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردوون.

### تەلەفۆنی بۆ کەسوکارەکەی کردووە

سەعید عیسا ئیسماعیل، ئامۆزای نەجمە بە (رووداو)ی راگەیاند "نەجمە سێ رۆژ لەمەوبەر لە ناوچەی شەهوان لە مووسڵی کۆنەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی ئەو کەسەی منی کڕیوەتەوە کوژراوە، ئەگەر بۆردومان و تۆپباران نەمکوژێت ئەوە رزگارم دەبێت".

نەجمە لە تەلەفۆنەکەیدا باسی ژیانی خۆی بۆ ئامۆزاکەی کردووە و گوتوویەتی "10 جار کڕین و فرۆشتنی پێکراوە، هیچ شتێکیش لە بارەی چارەنووسی خوشک و براکانی و باوک و دایکی نازانێت". وەک لە تەلەفۆنەکەدا بۆ ئامۆزاکەی باسیکردووە، ئێستا لەگەڵ خێزانی چەکدارە کوژراوەکەی داعشە، تاوەکوو ئێستاش سێ جار هەوڵی هەڵاتنی داوە، بەڵام هەرسێ جارەکە دەستگیرکراوەتەوە.

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو خێزانە 13 کەس بوون، هەموویان رفێنراون و بە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ لە منداڵەکانی سەعید ئیسماعیل رزگار کراون، ئەوانیش بریتین لە دوو کچ بەنێوەکانی غالیە تەمەن 7 ساڵ و مەروە 6 ساڵ، لەگەڵ کوڕێکی 4 ساڵان بەنێوی هەیسەم، بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە نازانرێ".

(رووداو) پێشتر بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە کە داعش لە پێشبڕکێی قورئان لەبەرکردن کچانی (سەبیەکراو)ی دەستکەوتی جەنگی بەسەر براوەکاندا لە فەللوجە دابەش کردووە. لە گرتەی ڤیدیۆییشدا چەکدارانی داعش دەرکەوتوون کە باس لە کڕین و فرۆشتن بە کچە ئێزدییەکانەوە دەکەن. وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقیش رایگەیاندبوو کە داعش بە سەدان کچی لە بازاڕەکانی فەللوجە فرۆشتووە و بازاڕێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە ئاوا کردبوو.

### خێزانە شوێنبزرەکەی نەجمە:

سەعید ئیسماعیل، 63 ساڵ، باوکی نەجمە.
دایکی نەجمە، 65 ساڵ.
ڤیان سەعید، 17 ساڵ، برای نەجمە
نوری سەعید، 27 ساڵ، برای نەجمە
نەجمە سەعید، تەمەن 22 ساڵ
نەجوە سەعید، تەمەن 21 ساڵ، خوشکی نەجمە
نەجلە سەعید، 24 ساڵ، خوشکی نەجمە
عالیە سەعید، 25 ساڵ، خوشکی نەجمە
عەمشە سەعید، 12 ساڵ، خوشکی نەجمە

### کردوویانن بە کوڕ و کچی خۆیان

# دەیان منداڵی کوردی ئێزدی لەنێو ئاوارەکانی مووسڵدا دەدۆزرێنەوە



25 منداڵی کوردی ئێزدی کە لە دەستی داعش رزگارکراون زمانی دایکیان بیرچووەتەوە (فۆتۆ: AFP)

**ناسر عەلی**
**رووداو– دهۆک**

رۆژ بەڕۆژ سنووری قەڵەمڕەوی داعش لە عێراق و سووریا بەرتەسک دەبێتەوە و هێشتا چارەنووسی نزیکەی سێ هەزار کوردی ئێزدی دیار نییە کە لە ئابی 2014 لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە شنگال رفێنراون. بەڵام ژمارەیەک لەو رفێنراوانە، بە تایبەتی منداڵەکان لەنێو ئەو ئاوارانەدا دۆزراونەتەوە کە لە مووسڵ هەڵاتوون.

خێزانی یەکێک لە منداڵە رزگاربووەکان دەڵێت سێ مانگە منداڵێکیان لە دەستی داعش رزگار کراوە، بەڵام هێشتا خۆی بە منداڵی ئەوان نازانێ و دەڵێت "من تورکمانم".

لە کاتی پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە 2014/8/3 ، نزیکەی شەش هەزار کوردی ئێزدی رفێنران. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا 3500 کەسیان رزگارکراون، بەڵام چارەنووسی 2500 کەسیان نادیارە، لەکاتێکدا داعش لە عێراق تەنیا قەزای تەلعەفەر و حەویجەی بەدەستەوە ماوە، لە سووریاش رەققە و دێرەزوور.

بەپێی زانیاری چالاکڤانانی کوردی ئێزدی، زۆربەی منداڵەکان لەلایەن داعشەوە کار لەسەر بیرکردنەوەیان کراوە و بەشێکیشیان رەوانەی بەرەکانی شەڕ کراون.

ئێستا گرووپێکی خۆبەخشی ئێزدی بەدوای ئەو منداڵانەدا دەگەڕێن کە داعش رفاندوونی، بە مەزەندەی ئەوان نزیکەی 1000 منداڵی ئێزدی لەلایەن داعشەوە رفێنراون و بەشێکیان مەشق و راهێنانیان پێکراوە. هەندێک لەو منداڵانە لەلایەن خەڵکی تەلعەفەر و مووسڵەوە بەخێوکراون.

مەحموود پاشا، چالاکڤانی کوردی ئێزدی کە سەرپەرشتی ئەو گرووپە خۆبەخشە دەکات، بە (رووداو)ی گوت "بەشێک لەو منداڵانەی کە لەلایەن خێزانەکانی تەلعەفەر و مووسڵەوە بەخێو دەکرێن، ئەو کاتەی رفێنرابوون تەمەنیان لە نێوان 2 — 4 ساڵ بووە، ئێستا تەمەنیان بووەتە–5 7 ساڵ، ئەوان بە جۆرێک پەروەردە کراون وا هەست دەکەن منداڵی ئەوانن. ئەو منداڵانە زۆرتر لەلایەن ئەو خێزانانەوە بەخێودەکرێن کە منداڵیان نابێ، یان منداڵی کوڕیان نییە".

مەحموود ژمارەی دروستی ئەو منداڵانە نازانێ کە لەلایەن خێزانە عەرەبەکانی مووسڵ و خێزانە تورکمانەکانی تەلعەفەرەوە بەخێودەکرێن، بەڵام دەڵێت دۆزینەوەی هەندێکیان ئاسانە "چونکە لەگەڵ ئەو خێزانانەی لە ترسی شەڕ هەڵاتوون، ئاوارە بوون و ئێستا لە کەمپەکان دەژین".

تاوەکوو ئێستا نزیکەی 1500 منداڵی رفێنراوی کوردی ئێزدی بە رێگەی جۆراوجۆر لە چنگی داعش رزگارکراون، 15 لەو منداڵانە خێزانەکانی خۆیان نەناسیوەتەوە، تەنانەت زمانی دایکیان بیرچووەتەوە و بە عەرەبی یان تورکمانی قسەیان کردووە.

قاسم خدر، برای یەکێک لەو منداڵانەیە کە پێش سێ مانگ رزگار کراوە. قاسم بە (رووداو)ی گوت "ئەو ماڵەی براکەمیان هەڵگرتبووەوە، تورکمانی تەلعەفەر بوون، براکەم کە داعش رفاندی تەمەنی پێنج ساڵان بوو. ئەو ماڵە خۆیان بەدوای ئێمەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی منداڵەکەمان بدەنەوە".

دوای تێپەڕینی سێ مانگ، براکەی قاسم هێشتا لەگەڵ خێزانەکەی رانەهاتووەتەوە. قاسم دەڵێت "سەرەتا کە رزگار کرا، یەک وشەی کوردیی نەدەزانی و هەر دەگریا و دەیگوت من تورکمانم، ئەوە سێ مانگە هێشتا بە تەواوی فێری کوردی نەبووەتەوە".

حوسێن کورو، بەرپرسی نووسینگەی رزگارکراوەکان لە دهۆک نوێترین ئاماری رزگارکراوەکانی دایە (رووداو) و گوتی "تەنیا هەفتەی رابردوو نزیکەی 20 کەس کە زۆربەیان منداڵ بوون، لە مووسڵ و رەققە رزگارکراون. تاوەکوو ئێستاش 3045 کەس رزگارکراون".

سەبارەت بە چارەنووسی ئەوانەی تاوەکو ئێستا رزگار نەکراون و لە کاتێکدا خەریکە شەڕی داعش تەواو دەبێت، کورو گوتی "هێشتا چارەنووسی زیاتر لە سێ هەزار کەس دیار نییە، دوای نەمانی داعشیش بەردەوام بەدوایاندا دەگەڕێین".

# ژنێک 30 چەقۆ لە هەوێکەی دەدات

**دیمەن بورهان**
**رووداو– هەولێر**

ژنێکی تەمەن 27 ساڵ، هەوێیە تەمەن 26 ساڵانەکەی دەداتە بەر چەقۆ و بەپەلە دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە، خۆیشی رادەستی پۆلیس دەکات.

(خ.ج) دایکی سێ کچە، بەهۆی چەند کێشەیەکەوە لەگەڵ هاوژینەکەی، دوو ساڵ لەمەوبەر دەچێتەوە ماڵی باوکی و ناگەڕێتەوە، (ە.ح)ی هاوژینیشی چەند جارێک داوا دەکات بگەڕێتەوە، بەڵام نایەتەوە و ئەویش منداڵەکان دەهێنێتەوە لای خۆی و لێی جیادەبێتەوە.

(ە) هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی دیکە دەکات بەناوی (خ.ع)، هاوسەرگیرییەکەیان هەر لە سەرەتاوە کێشەی تێدەکەوێ، چونکە ماڵی هاوژینی دووەمی داوای پارە لە (ە) دەکەن و 15 هەزار دۆلاری لێوەردەگرن.

دوای نزیکەی ساڵێک، (خ.ج)ی هاوژینی یەکەمی (ە)، لە چەند کەسێکەوە گوێی لێدەبێتەوە کە ژنی دووەمی هاوژینەکەی پێشووی لەگەڵ سێ کچەکەی خراپە و لێیان دەدات، دەچێتەوە لای هاوژینەکەی و پێیدەڵێت ناڕۆمەوە و لەلای منداڵەکانم دەبم، بۆیە (ە) دیسان مارەی دەکاتەوە، بەڵام ماڵی باوکی (خ.ج) بەو کارە رازی نابن و دەڵێن دەبێت 20 هەزار دۆلارمان بدەیتێ، ئەگینا کچەکەمان دەبەینەوە و دەیکوژین، تۆش بەرپرس دەبی لە مردنی، هەر بۆیە (ە) ئەو بڕە پارەیەش دەداتە ماڵی باوکی (خ.ج) و کێشەکەی چارەسەر دەکات.

(ە) وەستای سپلیتە، لەگەڵ هەردوو هاوژینەکەی لە خانوویەکی 100 مەتریدا دەژین، بەڵام ئەم دوو هەوێیە بەیەکەوە ناگونجێن و بەردەوام کێشە و شەڕیانە، ئێوارەیەک ژنی دووەم لای هاوژینەکەی شکات لە ژنی یەکەم دەکات، بۆیە (ە) بۆکسێک لە چاوی (خ.ج) دەدات و چاوی شین دەکاتەوە، بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نابێت و چاوەڕوانی دەرفەتێکە بۆ تۆڵەکردنەوە لە (خ.ع) کە پێیوایە هۆکاری لێدانەکەی بووە.

بەیانیی رۆژی دواتر (خ.ج) چاوەڕوان دەکات تا (ە) دەڕواتە دەرەوە، ئینجا بە چەقۆ هێرش دەکاتە سەر هەوێکەی و 30 چەقۆی لێدەدات و هەموو گیانی خەڵتانی خوێن دەکات. (خ) بەپەلە دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە، ئێستا ژنی دووەمی (ە) لە نەخۆشخانەیە و ژنی یەکەمیشی لە زیندانە.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند "رووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و بەبڕیاری دادوەر (خ.ج) کە هاوژینی یەکەمی (ە)یە، دەستبەسەرە و هاوژینی دووەمیشی لەژێر چاودێریی پزیشکدایە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ رووداوەکە کراوەتەوە".



## عەبدولستار مەجید: ئێران ئاو بەرنەداتەوە، لە عێراقی دەگرینەوە

ڕووداو- هەولێر

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، گرتنەوەی ئاو بەیەکجاری لەسەر باشووری کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کارێکی باش نازانێت و دەڵێ "ئێران بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەی پێداوین. دەشڵێت ئەگەر ئێران ئاو بەرنەداتەوە، هەرێمی کوردستان ناچارە لەسەر عێراقی بگرێتەوە. عەبدولستار مەجید لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕۆژی 2017/7/2 گوتی "لە بابەتی گرتنەوەی ئاو لەلایەن ئێرانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقمان ئاگادارکردووە، چونکە سوودمەند و زەرەرمەندی یەکەم لە گرتنەوەی ئاو هەر عێراقە، بۆیە پێویستە عێراق خۆشی بێتە سەر هێڵ، چونکە بابەتی بەنداوەکان بابەتێکی سیادییە و پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەیە".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (463) - دووشەممە 2017/7/3

### پارتی بە گەڕانەوەی یوسف محەممەد بۆ تەواوکردنی ئەو خولەی پەرلەمان رازیە

# یەکێتی لەسەر داوای گۆڕان نوێنەری بۆ کۆمیتەی گشتپرسی نەناردووە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر



پارتی بە پێشنیازی تازە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێوەچوونی گشتپرسی دەست بە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان دەکات، سەرکردەیەکی یەکگرتووش دەڵێت داوایان کردووە هێڵێکی گەرم لە نێوان پارتی و گۆڕان بکرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکان، پارتی بە گەڕانەوەی یوسف محەممەد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و تەواوکردنی خولەکەی، لە پێناوی دەرچوونی یاسای گشتپرسی و بەڕێوەچوونی پرۆسەکە رازییە، بەڵام بەو مەرجەی جارێکی دیکە پرسی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەخرێتە کارنامەی دانیشتنەکان. ئێستاش پارتی تاوتوێی چەند پێشنیازێک دەکات بۆ چۆنیەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان. بۆچوونێکی بەهێزیش لە نێو پارتی دروستبووە کە حیزبەکەیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ گۆڕان دانوستاندن بکات.

### پارتی: یەکێتی نەیتوانی ببێتە بەشێک لە چارەسەر

د.چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی نیگەرانیی حیزبەکەی لە خاویی پرۆسەکە نەشاردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێتی نەیتوانی ببێتە بەشێک لە چارەسەری کێشەکان و ئەو ناکۆکییەی نێوان پارتی و گۆڕان چارەسەر بکات، ئەوەی ئێستا هەیە تەنیا گەیاندنی هەواڵ و پێشنیازی پارتییە بە گۆڕان، جا ئەگەر ئیشەکە ئەوەندە بێت پارتی خۆی دەتوانێت بیکات".

د.چنار هەروەها گوتی: "بۆئەوەی کات بەفیڕۆ نەڕوات، پارتی چیدی چاوەڕێی ئەو لایەنە ناکات کە نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان، بۆیە لەم هەفتەیە و سەرەتای هەفتەی داهاتوو دەست بە جوڵەیەک دەکات ئەگەر هاتوو کۆبوونەوەکانی یەکێتی و گۆڕان ئەنجامی نەبوو".

### گۆڕان: هیچ مەرجێکمان قبوڵ نییە

د.شۆڕش حاجی گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەستەواژەی کاراکردنەوەی پەرلەمانمان قبوڵ نییە، بەڵکو ئێمە لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و دەستپێکردنەوەی دانیشتەکانی پەرلەمانین بەو دەستەی سەرۆکایەتییەی ئێستا، لای ئێمە هیچ مەرجێک قبوڵ نییە بۆ ئاساییکردنەوەی پەرلەمان".

د.شۆڕش حاجی گوتی: "ئێمە بەو مەرجە رازی نین کە پەرلەمان کارا کرایەوە باسی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەکرێ، بەڵکو دەبێ بەپێی هەلومەرج و ئەولەویەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی بکاتەوە".

### یەکگرتوو: دەبێ پارتی و گۆڕان ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەن

سەرکردەیەکی یەکگرتووش ئاشکرای دەکات کە هەوڵێک بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنی ڕاستەوخۆ و دوو قۆڵی لە نێوان پارتی و گۆڕان هەیە، بۆ ئەوەی چیدی کات بە فیڕۆ نەڕوات.

خەلیل ئیبراهیم، کارگێڕی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە خاویی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دانوستاندن نیگەرانین، پارتی و گۆڕانمان هانداوە کە هێڵێکی گەرم لە نێوانیان بکەنەوە و ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی ئاشتەوایی نیشتمانی دروستبێت و پەرلەمان کارا بکرێتەوە".

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەڵێنی بە گۆڕان داوە (ڕووداو) زانیویەتی شاندی گۆڕان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەش لە ڕۆژی 2017/6/23 داوای لە یەکێتی کردووە بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان یەکێتی نوێنەری خۆی بۆ کۆمیتەی گشتپرسی دیاری نەکات کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/6/7 ی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکاندا بڕیاری دروستکردنی درا تاوەکو ئامادەسازی بکەن بۆ بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە ڕۆژی 25ی ئەیلولی ئەمساڵ.

لەبەرامبەردا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەڵێنی پێداون یەکێتی نوێنەری خۆی دیاری نەکات و لە خاڵی یەکەمی بەیاننامەی سەرکردایەتیی هاوبەشیشدا جەختکراوەتەوە کە پاش ئاساییکردنەوەی پەرلەمان، ئامادەکاریی تەواو بکرێت بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی بە مەبەستی سەربەخۆیی و بە بەشداریی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

لە بارەی بەشداریکردنی ئەرسەلان بایز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق و باڵیۆز و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا کە ڕۆژی 2017/6/22 لە پیرمام بەڕێوەچوو، شاندی یەکێتی بە گۆڕانیان ڕاگەیاندووە کە وەکو نوێنەری یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە نەک وەکو نوێنەری حیزبەکەیان لە کۆمیتەی گشتپرسی.

### پارتی: ئەگەر ئیشی یەکێتی تەنیا هەواڵ گەیاندن بێت خۆمان دەیکەین

### سەرکردەیەکی یەکێتی: بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان یەکێتی ناچێتە نێو پرۆسەی گشتپرسی

### سەرکردەیەکی یەکگرتوو: پێشنیازمان کردووە هێڵێکی گەرم لە نێوان پارتی و گۆڕان بکرێتەوە

### گوتەبێژی گۆڕان: بۆچوونی گۆڕان و یەکێتی لەسەر پەرلەمان و گشپرسی یەکە

### گۆڕان: لەسەر پەرلەمان و گشتپرسی لەگەڵ یەکێتی یەکین

لەبارەی ئەگەری دیاریکردنی نوێنەر لەلایەن یەکێتییەوە بۆ کۆمیتەی گشتپرسی، د.شۆڕش حاجی دەڵێ: "ئێمە تەنیا داوای پابەندبوونمان بە ڕێککەوتنەکە لە یەکێتی کردووە، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، هەربۆیە لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەش، گۆڕان و یەکێتی لەسەر ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانی ریفراندۆم یەک بۆچوونیان هەبوو، هەر کاتێک یەکێتی نوێنەری خۆیان دیاری کرد، ئەوکات قسەی خۆمان دەکەین".

یەکێتی بە مەرج پشتیوانی گشتپرسی دەکات

بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ دیاریکردنی نوێنەری یەکێتی نین لە کۆمیتەی گشتپرسی و پێیانوایە دیاریکردنی نوێنەر بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێچەوانەی بڕیاری دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەیانە.

د.ڕێواز فایەق ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە بابەتە چارەنووسسازەکان سەرکردایەتی یەکێتی مەرجەعی بڕیاردانە، یەکێتی بە ڕوونی بۆ بەڕێوەچوونی ریفراندۆم داوای دەرچوونی یاسایەکی تایبەتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو پرۆسەیە کردووە، وەکو مەرجێک بۆ پشتیوانی یەکێتی".

د.ڕێواز فایەق گوتیشی: "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، هیچ ئۆرگانێک ناتوانێت پێچەوانەی بڕیارەکانی سەرکردایەتی مامەڵە بکات، بۆیە تاوەکوو پەرلەمان کارا نەکرێتەوە و یاسایەکی تایبەت بۆ ریفراندۆم دەرنەچێت، یەکێتی ناچێتە نێو پرۆسەکە".

### کۆمیسیۆن سەرقاڵی گرێبەستە

ڕۆژێک دوای بڕیاری لایەنە کوردستانییەکان بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولی ئەمساڵ، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسوومی هەرێمی بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەرکرد بۆ ئامادەسازی پرۆسەکە بڕیارە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە 70 هەزار کارمەند بە گرێبەست دابمەزرێندرێت. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئێستا شاندێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی و هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە دەرەوەی کوردستانە، بڕیارە گرێبەست لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک بۆ دابینکردنی وێستگەی دەنگدان، سندوقی دەنگدان و کەرستەکانی دیکەی دەنگدان واژۆ بکات.

## ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی:

# لە ئایندەیەکی نزیکدا پۆستی ڕێکخەری گشتی پڕدەکەینەوە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕۆژی چلەی نەوشیروان مستەفا بەشێوەی فەرمی کۆتایی بە پرسەی ڕێکخەری گشتیی پێشووی بزووتنەوەکە هێنا، بەڵام تاوەکوو ئێستا ئەجێندای کۆبوونەوەکانی داهاتووی جڤاتی نیشتمانی دیار نییە بۆ دیاریکردنی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن. ئەوە لەکاتێکدا کە ئەندامێکی جڤاتەکە دەڵێت لە ئایندەیەکی نزیکدا پۆستی ڕێکخەری گشتی پڕدەکەنەوە.

### ڕێکخەر دەبێ خەڵکی سلێمانی بێت

بەپێی زانیارییەکان، سەرکردە و هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان لەسەر پڕکردنەوەی پۆستی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کۆکن، بەڵام لەسەر دەستنیشانکردنی کەسەکە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. بۆچوونێکی بەهێزیش هەیە کە دەبێ ڕێکخەری گشتی خەڵکی سلێمانی بێت. ئێستاش باس لە هەریەک لە (عومەری سەید عەلی، قادری حاجی عەلی، محەممەد تۆفیق ڕەحیم) دەکرێت کە خەڵکی سلێمانین. لەنێو ئەوانەدا، عومەری سەید عەلی، جگە لەوەی لەڕووی تەمەنەوە لە سەرکردەکانی دیکەی گۆڕان گەورەترە، پێشتریش نەوشیروان مستەفا لە لەندەنەوە بریکارنامەی تایبەتی بۆ کردبوو تاوەکو ئیش و کارە یاساییەکانی گۆڕان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەببات.

### هەڵسوڕاوێکی گۆڕان: کاتی پڕکردنەوەی شوێنەکەی نەوشیروان مستەفا هاتووە

بێستوون فایەق، پەرلەمانتار و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا کاتی پڕکردنەوەی شوێنەکەی کاک نەوشیروان مستەفا هاتووە، باشترین وەفاش بۆ ئەو سەرکردەیە جێبەجێکردنی دەستووری نێوخۆی گۆڕانە کە بە ڕوونی باسی هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن دەکات، نابێ چیدی ئەو پرسە دوابخرێ".

بۆ تاوێکردنی دۆخی نێوخۆی گۆڕان، گرووپی ڕاوێژ کە لە سەرکردە و هاوڕێیانی نەوشیروان مستەفا پێکهاتوون، زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان لەگەڵ ناوەند و ئۆرگانەکانی گۆڕان کرد بۆ ئامادەسازی قۆناخی دوای نەوشیروان مستەفا. بەپێی دەستووری گۆڕان، جڤاتی نیشتمانی کە بەرزترین ناوەندی بڕیاردانە لە نێو گۆڕان، ڕێکخەری گشتی بە دەنگدان هەڵدەبژێرێ، پێش هەر کۆبوونەوەیەکی جڤاتی نیشتمانی، جڤاتی گشتی کۆدەبێتەوە کە ئۆرگانێکی ڕاوێژکاری سیاسییە، دوای گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان، بۆچوونەکانی دەنێرێتە جڤاتی نیشتمانی و لەوێ بە دەنگدان یەکلادەکرێتەوە.

حەوت کەس دەبنە ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن

ڕەئوف عوسمان، سکرتێری جڤاتی گشتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: " دیار نییە کەی دەست بە کۆبوونەوەکان دەکرێت، هەر کاتێک گرووپی ڕاوێژ ئەجێندای کۆبوونەوەکانیان بۆ ناردین، ئێمە بۆچوونەکانی خۆمان بۆ جڤاتی نیشتمانی دەنێرین".

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی لە بەردەم سەرکردەکانی گۆڕانە، دروستکردنی خانەی ڕاپەڕاندنە کە ڕۆڵی مەکتەبی سیاسی دەبینێ. ئەو خانەیە بڕیارەکانی جڤاتی نیشتمانی جێبەجێ دەکات، بۆ ماوەی دوو ساڵە و ئەندامان بۆیان هەیە بۆ سێ خول خۆیان کاندید بکەن. بەپێی بەشی نۆیەم لە ماددە 13ی دەستووری گۆڕان، خانەکە پێکدێت لە حەوت کەس کە خۆی لە ڕێکخەری گشتی، سکرتێرەکانی کاروباری جڤاتی نیشتمانی، فراکسیۆن، ژوورەکان، بازێڕەکان، خەڵک و سەرۆکی جڤاتی گشتی دەبینێتەوە.

سەرکردەکانی گۆڕان لە گفتوگۆدان بۆ میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی کە بە ناوی سەربەخۆ بێت یان بە لیست بۆ ئەوەی لە جڤاتی نیشتمانی دەنگی لەسەر بدرێ.

سەرکردەیەکی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوو میکانیزممان لەبەردەمە بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەویش بەردەوامبوونە لەسەر پەیامە هەشت خاڵییەکەی کاک نەوشیروان مستەفا کە لە ڕۆژی 2016/11/12 ئاراستەی جڤاتی گشتی و نیشتمانی، ڕێکخەری ژوورەکان و گرووپی ڕاوێژی کرد، یان هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن، هەروەکو لە دەستووری نێوخۆی گۆڕاندا هاتووە".

عەبدولڕەحمان موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ئایندەیەکی نزیکدا پۆستی ڕێکخەری گشتی پڕدەکەینەوە، لە نێو گۆڕان جڤاتی نیشتمانی هەیە کە بەرزترین دەسەڵاتە و ڕێکخەری گشتیش بەرامبەر جڤات بەرپرسیارە، بۆیە هیچ کێشەیەک لە دانانی کەسێکی دیکە بە ڕێکخەری گشتی نابینم".



### کۆمپانیای وشە.. خاڵی ناکۆکی نێوان گەنج و سەرکردەکان

کۆمپانیای وشە لە ڕووی خاوەندارێتییەوە موڵکی نەوشیروان مستەفایە، لە ڕووی بەڕێوەبردنیشەوە پێشتر لەسەر ناوی بابەکر دەڕەیی، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەکە بوو، پاشان لە ساڵی 2012 گواستراوەتەوە سەر ناوی کەسێکی دیکە. کۆمپانیاکە لە ڕووی یاساییەوە سەربەخۆیە و خاوەنی پەیکەری کارگێڕیی خۆیەتی، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە موڵک و زمانحاڵی بزووتنەوەکەیە کە ڕۆژی 2010/5/31 مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. لە بەرامبەردا بەشێک لە گەنجەکانی نێو گۆڕان داوا دەکەن کۆمپانیای وشە و بزووتنەوەی گۆڕان جیا بن، بەڵام قادری حاجی عەلی بە دۆکیۆمێنت قسەی نەوشیروان مستەفای لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی جڤاتی نیشتمانی خستووەتەڕوو کە باس لەوە دەکات کۆمپانیای وشە بەشێکە لە گۆڕان.

## "داعش لە مووسڵ 5000 مەدەنی کوشتووە"

**ڕووداو- هەولێر**

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت، زیاتر لە 5000 مەدەنی لە مووسڵ بە دەستی داعش کوژراون. بەشار کیکی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەرچەندە لەبارەی کوژراوانی دوای هاتن و دەسەڵاتی داعش لە مووسڵ ژمارەی ورد نییە، بەڵام زیاتر لە پێنج هەزار کەسی سڤیل لەسەر دەستی داعش لەو شارە کوژراون". بەشار کیکی گوتیشی "لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی مووسڵدا زیاتر 2000 کەس لەلایەن ئەو هێزانەی بەشدارن لە ئازادکردنی شارەکە کوژراون". لە ناوەڕاستی مانگی 10ی 2016 هێزە عێراقییەکان شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکەیان دەستپێکرد. لە سەرەتای ئەم مانگەدا تەواوی شارەکە لە دەست داعش ڕزگارکرا.



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 463 ) - دووشەممە 2017/7/3

### کورد داوای گەرەنتی لە هاوپەیمانان دەکات

# "حەویجە دوایین شوێنی عێراق دەبێ کۆنترۆڵ بکرێتەوە"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی سەربازیی هەرێمی کوردستان، بە نیگەرانییەوە لە مانەوەی حەویجە دەڕوانن لەو ڕەوشە تەمومژاوییەدا. ئەوە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی سەربازیی عێراق و میلیشیاکان، سەرگەرمی دەربڕینی خۆشین بەهۆی نزیکبوونەوە لە کۆنترۆڵکردنەوەی یەکجاریی مووسڵ. بەرپرسێکی پێشمەرگە دەڵێ "حکومەتی بەغدا هەوڵ دەدات تەنیا سوپا و حەشدی شەعبی بچنە نێو حەویجە، بەڵام ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین".

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک، پێیوایە پرسی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە پرسێکی ئێجگار ئاڵۆزە "بەبێ هەماهەنگی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد و هاوپەیمانان، ئاسان نییە باسی کۆنترۆڵکردنەوەی بکرێ". سەرحەد قادر گوتیشی، هێزی زۆر لەنێو حەویجەن، هەروا هێزی زۆریش خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بەشداریی کۆنترۆڵکردنەوەی بکەن.

قەزای حەویجە 55 کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری کەرکووکەوە دوورە. دانیشتووانەکەی زۆربەیان عەرەبی سوننەن، ئێستا حەوت یەکەی ئیداریی لە سنووری کەرکووک لەژێر دەستی داعشدان کە سەرجەمیان دەکەونە سنووری قەزای حەویجە. ڕووبەری ئەو سنوورەی بەدەستی داعشەوەیە 110 کیلۆمەتر پانە و درێژییەکەشی 185 کیلۆمەترە، واتە 30%ی خاکی کەرکووک.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند بەرپرسێکی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە وەریگرتووە، دوای شکست لە مووسڵ، داعش ژمارەیەک لە چەکدارانی هێناوەتە حەویجە و دەیەوێ ئەو بەرگرییەی لە مووسڵ پێی نەکرا، لەحەویجە بیکات، بەڵام پێشمەرگە لە هەندێ جموجوڵی هێزەکانی حەشدی شەعبیش نیگەرانن کە پێش هەر ڕێککەوتنێک لەسەر شێوازی کۆنترۆڵکردنەوەی هاتوونەتە ناوچەکە. بەرپرسێکی سەربازیی پێشمەرگە دەڵێ پێشمەرگە گەرەنتی دەوێ "دەبێ بەغدا گەرەنتی بدا کە دواتر ئەو ناوچەیە نابێتە شوێنی ململانێ و کێشەی نوێی تێدا دروستناکرێ، باشترە ئەگەر هاوپەیمانان لەگەڵ هەردوولا بن".

وەستا ڕەسوڵ، بەرپرسی میحوەری چواری کەرکووک لەبارەی حەویجەوە دەڵێ "پێویست ناکات ئێمە گومانی سیاسی لە بەغدا بکەین کە نە ئەوان بەبێ ئێمە دەتوانن حەویجە کۆنترۆڵ بکەن و نە ئێمەش بەبێ ئەوان". گوتیشی ئێمە دەمێکە ئامادەین و ئەوان دوایانخستووە، هۆیەکەش ئەوەیە "تاوەکو ئێستا هێزەکانیان بە مووسڵەوە خەریک بوون. سوپای عێراق نەیدەتوانی لەیەک کاتدا دوو بەرەی شەڕ بکاتەوە".



عەرەبە سوننەکانی حەویجە خوازیار نین حەشدی شەعبی بەشداری کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە بکات

زەکی کەمال، فەرماندەی حەشدی شەعبی لە سنووری بەشیر، دەیەوێ ئەو نیگەرانییانەی پێشمەرگە بڕەوێنێتەوە و دەڵێ: "حەویجە کە ئێستا پێگەی داعشە، کاتی کۆنترۆڵکردنی دیاریکراوە و فەرمانمان پێکراوە ئامادەکاری بکەین ، بێگومان هێزەکانی پێشمەرگەش یاوەر و هاوکارمان دەبن، هەر ئەوەندەیە کە چاوەڕوانی کاژێری سفر دەکەین بۆ هێرش".

### فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی: لە ئۆپەراسیۆنی حەویجەدا پێشمەرگە هاوکار و یاوەرمان دەبێ

عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە بەو جۆرە لێدوانانەی بەرپرسانی حەشدی شەعبی قەڵس دەبن و خوازیار نین ئەوان بەشداریی بکەن. بەشێک لە عەرەبە سوننەکان تووڕەن و ترسیشیان لەو هێزە هەیە، بۆیە داوا دەکەن ڕۆڵی سەرەکی لەو ئۆپەراسیۆنە بە پێشمەرگە و پۆلیسی کەرکووک بدرێت.

شێخ حاتەم جبووری، سەرۆک هۆزی جبوور لە کەرکووک گوتی "ئێمە داوا دەکەین هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکووک، ئەرکی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەیان پێ بدرێ، چونکە ئێمە دەزانین حەشدی شەعبی کێن و مامەڵەشیان بەلای سوننەکانەوە مایەی قبوڵ نییە".

بەپێی زانیارییەکان، فیرقەی عەباس و لیوای ئیمام عەلی، سەر بەحەشدی شەعبی لە تەلعەفەرەوە هێنراونەتە نزیک گوندی بەشیر لە باشووری کەرکووک و مۆڵەتی تەنیا یەک مانگیان بۆ دانراوە تاوەکو ئامادەکارییەکانیان تەواو بکەن، بەڵام عەمید سەرحەد قادر دەڵێ سوننەکانیش چوار فەوجیان هەیە و دوو فەوجی پۆلیسیشیان لای ئێمەیە "کێشە تەنیا کۆنترۆڵکردنەوەی نییە، دەبێ ڕێککەوتنێک هەبێ لەسەر ئەوەش کە کێ تێیدا دەمێنێتەوە و کێ دەیپارێزێ".

### داعش لە حەویجەوە 17 جار هێرشی کردووەتە سەر کەرکووک

حەویجە بۆ داعش، لەدوای موسڵەوە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە ناوچەیەکی مرۆیی گەورەیە و سێ سەربازگەی تێدایە کە دابەشکراوە بۆ چوار بەش لە ناوچەکانی (ڕیاز، زاب، ڕەشاد و عەباسی)، هەر بەشێکیش لە کەتیبەیەکی سەربازی پێکدێ. هەروەها بارەگای ناوەندی سێ لە ویلایەتەکانی داعشە، ئەوانیش ویلایەتەکانی کەرکووک، دیالە و سەلاحەدین و بەرپرسە یەکەمەکانی ئەو ویلایەتانە لەو ناوچەیەن. هەر بۆیە حەویجە لەلایەکەوە مەترسیی بۆ سەر کەرکووک و داقووق و دبس دروست دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ سەر ناوەندی پارێزگەی سەلاحەدین.

ڕۆژی یەکشەممە 2017/7/2، سەرۆک هۆزەکانی هەر سێ پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان لە کەرکووک کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند "ئێمە وەکو سەرجەم سەرۆکهۆزەکانی پارێزگای کەرکووک، چەندینجار داوامان لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی دەست بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە بکرێت، کۆنترۆڵنەکردنەوەی حەویجە بە تەنیا مەترسی بۆ سەر کەرکووک نییە، بەڵکو مەترسی بۆ سەر هەموو عێراق هەیە، داوا لە بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەکەین بە هەردوو لایانەوە هەوڵ بدەن حەویجە کۆنترۆڵ بکەنەوە".

ئیسماعیل حەدیدی سەرۆکی هۆزی حەدیدی لە کۆنگرە میدیاییەکەدا هۆشداری دا کە ئەگەر پاش گرتنەوەی مووسڵ ئۆپەراسیۆنی حەویجە دەستپێنەکات "ئەوە هەڕەشە لەسەر باشووری کەرکووک دروست دەبێت".

داعش تاوەکو ئێستا لە حەویجەوە 17 جار پەلاماری کەرکووکی داوە. بەرپرسانی ناوچەکە ترسی ئەوەشیان هەیە دواجار حەشدی شەعبی لەو ناوچەیە ببێتە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ کەرکووک و ئارامیی لێ تێکبدا.

عەمید سەرحەد قادر دەڵێ "تەنیا داعش لە حەویجە نییە، چونکە چەندین گرووپی توندڕۆی دیکە لەوێ هەبوون، ئێمە دڵنیاین ئەگەر هەماهەنگی نەبێ لەنێوان بەغدا و پێشمەرگە و هاوپەیمانان، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێ".

### ئۆپەراسیۆنی حەویجە دوادەکەوێت

بەپێی پلانی بەغدا بێت، ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە دەکەوێتە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر و ناوچەکانی ئەنبار. جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەتا ئێستا هیچ شتێک بەفەرمی نییە، بەڵام لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ هاوپەیمانان پێیانڕاگەیاندووین کە پاش مووسڵ ئۆپەراسیۆنی تەلعەفەر ڕوومادی دەستپێدەکات و دوای ئەوان ئەوجا ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە دەبێت".

یاوەر هەروەها گوتی، ئەوان لە کۆبوونەوەکەیان داوایان لە هاوپەیمانان کردووە ئەولەوییەت بە گرتنەوەی حەویجە بدەن، لەبەرئەوەی ئەو شارە تەنیا 30 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای کەرکوکەوە دوورە، گوتیشی هەتا ئێستا حکومەتی عێراق هیچ خشتەیەکی کاتیی دانەناوە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی حەویجە.

# سوپا و حەشد لەسەر گرتنەوەی تەلعەفەر ناکۆکن

**ڕووداو- هەولێر**

شەڕی گرتنەوەی مووسڵ بەرەو تەواوبوون دەچێت و چاوەڕێ دەکرێ تەلعەفەر ئامانجی دووەمی هێزە عێراقییەکان بێت، بەڵام هەر لە ئێستاوە ناکۆکییەکی سیاسی خەریکە ئۆپەراسیۆنی دژی داعش لە تەلعەفەر تووشی کێشەی گەورە بکات، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە سوپای عێراق بە پشتیوانی ئەمریکا و لەلایەکی دیکە هێزەکانی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتیی ئێران، دەیانەوێ پێشەنگی ئۆپەراسیۆنەکە بن.

میلیشیاکانی حەشدی شەعبی زیاتر لە شەش مانگە گەمارۆی شارۆچکەی تەلعەفەریان داوە. تەلعەفەر بۆ ئەم هێزانە بایەخێکی ستراتیژی هەیە و بە گەمارۆدانی ئەو شارە و بڕینی سنووری نێوان عێراق و سووریا لەو ناوچەیە ڕێگەی دەرچوونی چەکدارانی داعش لە مووسڵەوە بەرەو سووریای گرت، جگە لەمە تەلعەفەر بایەخێکی سیمبۆلیکیشی بۆ هێزەکانی حەشدە شەعبی هەیە، چونکە لەکاتی هێرشەکانی داعش لە 2014 ژمارەیەکی زۆری دانیشتووە شیعەکانی ئەم شارۆچکەیە لەلایەن داعشەو گوللەباران کران.

لە لایەکی دیکەوە فەرماندەکانی هێزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراقیش ڕایانگەیاندووە ئەوان ئەرکی گرتنەوەی شارەکە دەگرنە ئەستۆ، کە 75 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای مووسڵەوە دوورە و بەر لە هێرشەکانی داعش 200 هەزار دانیشتووی هەبوو، بەڵام وەزارەتی بەرگریی عێراق هەتا دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ فەرمان بە سوپای عێراق ناکات هێرش بکاتە سەر تەلعەفەر.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، واشتن و ئەنقەرە نیگەرانن لەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە دەستپێبکەن و بەوەش ئەلتەرناتیڤێک بە ئێران بدەن بۆ ئەوەی وەکوو خاڵێکی سەرەکی لە هیلالی شیعەی خۆیدا بەکاری بهێنێت کە کۆریدۆرێکە لە تارانەوە بە عێراقدا دەڕوات و بە سووریادا هەتا کەناراوەکانی دەریای نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە.

ژەنەراڵ جۆرێف مارتن، فەرماندەی هێزە پیادەکانی ئەمریکا لە عێراق، بە جورناڵی ڕاگەیاندووە ئەوان چاوەڕێ دەکەن "هێزەکانی سوپای عێراق سەرکردایەتی شەڕی تەلعەفەر بکەن"، جەختیشی کردووەتەوە ئەگەر هێزە عێراقییەکان ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن ئەوە "سوپای ئەمریکا پشتیوانیان دەبێت، بەڵام ئامادەنین هاوکاری میلیشیاکان بکەن". لێدوانەکەی فەرماندە ئەمریکییەکە لە کاتێکدایە کە هیچکات لە شەڕی شەش ساڵەی سووریادا، پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا هێندەی ئێستا گرژ نەبووە، بە تایبەتیش لەکاتێکدا هەردوو وڵات چاویان لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی سەر سنووری سووریا و عێراقە.

بەرپرسانی سەربازی عێراق مەزندە دەکەن داعش 1000 بۆ 1500 چەکداری لە نێو شارۆچکەکەدا هەبێت. کاربەدەستانی ئیداری ناوچەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەمارۆ شەش مانگییەکەی حەشد لەسەر تەلعەفەر خەڵکی مەدەنی شارەکەی تووشی کێشەی کەمی خۆراک و ئاوی خواردنەوە کردووە.

فەرماندەکانی سوپای عێراق بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە "دوای ئازادکردنی مووسڵ یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق ئاراستەی تەلعەفەر دەکرێن". بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ) هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا چەندینجار بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق بنکەکانی داعش لە تەلعەفەریان بۆردومان کردووە.

بەڵام لە پاش تەواوبوونی شەڕی مووسڵ، تەلعەفەر دوا شوێنی شەڕی دژی داعش لە عێراق نابێت و بەو ناکۆکییانەی ئێستا هەیە ڕەنگە یەکەم شوێنیش نەبێت. وەکوو کۆلۆنێل سەعید کەتام، فەرماندەی هێزە تایبەتەکانی سەر بە بەتالیۆنی نەجەف بە دەنگی ئەمریکا (VOA)ی ڕاگەیاندووە پاش گرتنەوەی مووسڵ سێ شەڕیان لە پێشە کە بریتین لە گرتنەوەی ناوچەکانی دیکەی پارێزگای ئەنبار، کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە و تەلعەفەر.

پێشتر لە کاتی دانانی پلانی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەڵێنی بە ئەمریکییەکان دابوو ڕێگەنادات هێزەکانی حەشدی شەعبی لە هیچ قۆناغێکی شەڕی پارێزگای نەینەوادا بەشدار بن. ئەمریکا و هاوپەیمانان بە تایبەتی نیگەرانی ئەوە بوون کە بەشداری هێزەکانی حەشد لە ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای نەینەوا ڕێگە بۆ شەڕی تایفی نوێ لەو پارێزگایە خۆش بکات، لەبەر ئەوەی پێشتریش لە تکریت و فەللوجە توندوتیژیان لە دژی خەڵکی ناوچەکە بەکارهێنابوو.

بەڵام فەرماندەیەکی حەشد بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە حاڵەتەکانی توندوتیژی حەشد "تاک و تەرا" بوون و ئەو هێزە ئێستا "دیسیپلینی سەربازییان لە جاران زیاترە". فەرماندەکەی حەشد جەختی لەوەش کردووەتەوە کە ئەوان بۆ گەمارۆدانی شارۆچکەکە قوربانیان داوە، بۆیە مافی خۆیانە لە هێرشەکانی گرتنەوەی شارەکەدا "ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕن"

ئەمریکییەکان ڕایانگەیاندووە بەهیچ شێوەیەک ئەو ئەگەرە قەبووڵ ناکەن. بەرپرسێکی باڵای سەربازی ئەمریکا بە (جورناڵ)ی گوتووە بۆ ئەوان گرنگە کە کام هێز تەلعەفەر دەگرێتەوە "بەهیچ شێوەیەک نامانەوێت میلیشیا شیعەکان ئەو بۆشایی هێزە پڕ بکەنەوە" کە ڕەنگە لە سوپای عێراقیدا هەبێت.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان بە کۆمەڵێک چەکداری هۆزە سوننەکانی نزیک لە تەلعەفەر کردووە، بەڵام ئێستا سەرکردەی ئەو هۆزانە گازندەی ئەوە دەکەن کە پەراوێزخراون و لە هەندێک حاڵەتدا ماف و دەسەڵاتەکانیان لە لایەن حەشدەوە پێشێل دەکرێ.



ئەمریکییەکان دەڵێن هاوکاری میلیشیا شیعەکان ناکەین بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر

فەهد ئەلزەممو، فەرماندەی یەکێک لە چەکدارانی هۆزێکی تورکمان لەبارەی هەوڵەکانی حەشدەوە دەڵێت "ئەوان بڕوایان وایە تەلعەفەر شارێکی شیعییە و دەبێ شیعەکان بەسەریدا زاڵ بن". ئەلزەممو 75 چەکداری هەیە کە هەموویان بۆ شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر ناونووس کرابوون، بەڵام وەکوو خۆی دەڵێت لە چەند هەفتەی ڕابردوودا 22 کەس لە چەکدارەکانی لە لایەن حەشدی شەعبییەوە دەستبەسەرکراون و لێپێچینەوەی توندیان لەگەڵ کراوە.

فەرماندە تورکمانەکە پێیوایە "ئەمە تۆقاندنە" و دەڵێت "حەشد نایەوێت هیچ هێزێکی سوننەی سەربەخۆ لەو شەڕەدا بەشدار بێت"

بەڵام نیگەرانییەکانی ئەمریکا و خەڵکی سوننەی ناوچەکە تەنیا پەیوەندی بە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەوە نییە، بەڵکو لە دیموگرافی داهاتووی شارەکەش نیگەرانن.

عەلی حەلای بەگ یەکێک لەو سەرۆک هۆزە سوننانە کە بەشدارە لە دانوستاندنەکانی ئەو هێزانەی دەبێت بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی تەلعەفەردا هێزی پێشڕەو بن. عەلی دەڵێت "بەهۆی پێگەی گرنگی ستراتیژی شارەکەوە هەموو لایەنەکان چاویان لەسەر تەلعەفەرە، بەڵام هیچ لایەنێک خەڵکی تەلعەفەریان ناوێت".

### مەلا حەموودی هیلالی، پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی نووری لە مووسڵ بۆ (رووداو):

# خەڵک لەناو مزگەوت لە بەغدادی کۆبوونەوە و ماچیان کرد



رۆژی 27/6/2014 چەکدارێکی داعش هاتە نێو مزگەوتی نووری و بە پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتەکەی راگەیاند کە ئەم هەینییە گوتار نادات و ئەوان گوتارخوێنی خۆیان دەهێنن. چەکدارەکە ناوی ئەبو حوسام بوو. گوتارخوێنە تازەکەش ئیبراهیم عەواد بوو کە دوو رۆژ دواتر بەناوی ئەبوبەکر بەغدادی، وەکو خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بە خەڵک ناسێنرا و داوا لە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی داعش کرا بەیعەتی پێبدەن. مەلا حەموودی عومەر هیلالی کە گوتارخوێنی مزگەوتی نووری بووە لە مووسڵ، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) چیرۆکی ئەو رۆژە دەگێڕێتەوە کە ئەبوبەکر بەغدادی لە شوێنی ئەو چووەتە سەر مینبەر و گوتاری هەینی پێشکەش کردووە.

هەڤپەیڤین: سیداد لەشکری
رووداو- مووسڵ

**رووداو: چۆنتان زانی کە داعش هاتووەتە ناو مووسڵەوە.. ئەوان کە هاتن شەو بوو، پێشتر جموجوڵیان هەبوو؟**

**مەلا حەموودی:** جموجوڵی ئەوان لە ناوچەکانی چواردەوری مووسڵ دەستیپێکرد، ئێمە کە هەندێک لە سەنتەری شارەوە نزیکبووین، زانیاریمان نەبوو لەسەر هاتنیان، رۆژانی هاتنیشیان پێنجشەممە و هەینی بوو، شەممەش پشوو بوو، ئەو رۆژانە فەرمانگەکان نین و جووڵەش کەمە، ئەوان ئەو هەلەیان قۆستەوە و هاتنە ناوەوە.

**رووداو: ئێوە لەسەرەتاوە چۆنتان زانی کە داعش هاتووە؟**

**مەلا حەموودی:** شەڕ روویدا و سوپا پاشەکشەی کرد و شانە نووستووەکانی ئەوان دەستیان بە جموجوڵ کرد و هاتنی خۆیان راگەیاند. ئەوانیش لە دەرەوە رایانگەیاند کە لایەنگرانیان لە ناوەوەی مووسڵن و پشتگیرییان دەکەن.

**رووداو: یەکەم رۆژی هەینی کە ئەوان هاتن، تۆ گوتارت لە مزگەوتدا خوێندەوە، دۆخەکە ئەوکات بەشێوەیەکی گشتی چۆن بوو؟**

**مەلا حەموودی:** یەکەم هەینی نیمچە قەدەغەی هاتوچۆ هەبوو، جووڵە نەبوو، تەنیا شەڕ هەبوو، بۆیە گوتاری هەینیش نەبوو، بەڵام هەینی دوای ئەوە دەستمانکردەوە بە گوتاردان.

**رووداو: لەسەرەتاوە هەڵسوکەوتی داعش لەگەڵ خەڵک چۆن بوو؟**

**مەلا حەموودی:** هەڵسوکەوتیان بەشێوەیەک بوو کە تۆ حەزت لێدەکرد، بەڵام بەتێپەڕینی کات روونبووەوە کە قسەیان شتێکە و کرداریان شتێکی دیکەیە.

**رووداو: لە ماوەی مانگی یەکەمدا تاوەکوو راگەیاندنی خەلافەتی داعش پاش مانگێک، کاروباری مووسڵ چۆن بەڕێوەدەبرا؟**

**مەلا حەموودی:** سەرەتا ئەوان بایەخیان بە خەڵک و مزگەوتەکان نەدەدا، بە شتی گرنگترەوە سەرقاڵ بوون، بارودۆخەکە ئاسایی بەڕێوەدەچوو، چونکە دەوڵەتەکە تازە دروستبووبوو، خەڵکیش هیچ بژارەیەکی دیکەیان نەبوو، هیچ چارەسەرێکی دیکەیان نەبوو، خەڵکیش ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەردەبرد، ئاسوودە بوون. خەڵک بارودۆخەکەیان قبوڵ بوو، ئەو گوشارەی سوپا و پۆلیس پێشتر خستبوویە سەریان وایکردبوو خەڵک گۆڕانکاریی بوێت، جا جێگرەوەکە هەرچییەک بێت، ئەمەش بەهۆی زۆریی گوشار و دەستدرێژی و دەستگیرکردن و سەغڵەتکردنی خەڵک لەسەر کار و لە شەقامەکاندا، لەبەرئەوە خەڵک داوای گۆڕانکارییان دەکرد بە چاوپۆشین لەوەی جێگرەوەکە کێیە.

**رووداو: ئەو رۆژەی بەغدادی هاتە مزگەوتەکەی ئێوە مزگەوتی نووری، چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ ئەو شەش ساڵەدا کە بەرلەوە ئێوە لەوێ گوتارتان دەدا؟**

**مەلا حەموودی:** نزیکەی مانگێک تێپەڕیبوو بەسەر هاتنی ئەواندا کە هاتنە مزگەوتەکە و خەلافەتیان تێدا راگەیاند. ئەوکات خەڵک تینووی گۆڕانکاری بوون، لەبەرئەوە هەستیان بە ئارامی و ئاسایش دەکرد و بە ویستێکی زۆرەوە پێشوازییان لێکرد، گوتارەکەی بەغدادی تەنیا راگەیاندنی خەلافەت بوو، هەرچی گوتاری ئێمەیە باسی لە ژیانی ئاسایی دەکرد و خەڵک چی دەوێت و پێویستی بە چییە، بەڵام گوتاری ئەو گوتاری راگەیاندنی خەلافەت بوو، هەروەها پێشاندانی بە جیهان کە خەلافەت لێرەوە راگەیەندرا و لایەنگرەکانی لێرە بوون، تا خەڵک بزانن کە ئەو بووەتە خەلیفە و خەڵکیش پەیمانی پێبدەن.

**رووداو: کێ بوون ئەوانەی لە پشتی خەلیفەوە نوێژیان دەکرد؟**

**مەلا حەموودی:** خۆم ئەو رۆژە لەوێ بووم، خەڵک وەک جاران بە نیازی نوێژکردن هاتبوون، بەڵام کە کاتی نوێژکردن نزیکبووەوە، کەسێک هات و گوتی ئێستا شێخ ئیبراهیم عەواد قسەتان بۆ دەکات و لەوێوە خەڵک تێگەیشت کە ئەوە خەلیفەیە. من لە مزگەوت بووم، ئەوان هاتن گوتیان ئێمە گوتاربێژمان هەیە، نە من پرسیم

> داعش گوتاری هەینیی چاپکراوی بەسەر مزگەوتەکاندا دابەش دەکرد

گوتاربێژەکە کێیە و نە ئەوان گوتیان کێیە، ناوەکەیان ئاشکرا نەکرد و منیش گوتم با گوتارەکەی بدات، کە کاتی نوێژکردن هات، زانیم کامە گوتاربێژەکەیە.

**رووداو: ئەو رۆژە بارودۆخەکە بەگشتی چۆن بوو، هیچ گۆڕانکارییەک لە دەوروبەری مزگەوت روویدابوو؟ خەڵکی دەرەوەی مزگەوت چۆن بوون؟**

**مەلا حەموودی:** لە کاژێر نۆی بەیانییەوە جموجوڵ لە مزگەوتەکەدا پەیدابوو، لەوکاتەوە ئەندامانی ئەوان هاتنە ناو مزگەوتەکەوە، دەستیان بە پشکنینی مزگەوتەکە کرد و لە دەرەوەش ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەوان هەبوون. لە دوای ئەوەوە خەڵک هەستیان کرد کە شتێکی نامۆ روودەدات یان کەسێک دێت بۆ گوتاردان. هەر لەو کاتەوە پەیوەندییەکان هەموویان وەستان. ئاسیا

> رۆژی گوتارەکەی بەغدادی تەلەفۆن لەکارخرابوو

و کوڕەک و زێن هەموویان لەکارکەوتن، ئیدی خەڵک هەستیان کرد کە شتێک هەیە، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆریان بڵاوبووبوونەوە و روون بوو بۆ هەمووان کە ئەو رۆژە رووداوێک روودەدات.

**رووداو: کێ داوای لە تۆ کرد گوتار نەدەیت؟**

**مەلا حەموودی:** کەسێک هات ناوی ئەبو حوسام بوو، گوتی ئێمە ئەمڕۆ گوتاربێژمان هەیە و تۆ گوتار مەدە.

**رووداو: ئەوان پێشتر پەیوەندییان پێوەکردبوویت یان راستەوخۆ پێیان گوتی، شێوازی گوتنەکەیان چۆن بوو؟**

**مەلا حەموودی:** نا ئەوان پەیوەندییان نەکرد، راستەوخۆ هاتنە نێو مزگەوتەکەوە و هەموو دەرگاکانیان کردەوە، ئەو دەرگایانەش کە قوفڵدرابوون قوفڵەکانیان شکاند و گوتیان ئێمە گوتاربێژمان هەیە، پێشتر هیچیان نەگوتبوو، تەنانەت لە رۆژی گوتارەکەشدا رایاننەگەیاندبوو کە گوتاربێژەکە کێیە، تەنیا ماوەیەکی کەم بەر لە دەستپێکردنی گوتارەکە ئاشکرایان کرد و ناوەکەیان گوت.

**رووداو: هاتنی خەڵک لەو رۆژەدا بۆ نوێژی هەینی کراوە بوو؟ هەموو کەس دەیتوانی بێت یان سنووردار کرابوو؟**

**مەلا حەموودی:** نا نا هاتنی خەڵک ئاسایی بوو، تەنیا ئەوەبوو کە هەر کەسێک بهاتایە دەیانپشکنی و پاشان دەیتوانی بێتە ژوورەوە، هەروەها داوایان دەکرد کە مۆبایلەکەت بکوژێنیتەوە.

**رووداو: ئەو کەسانەی لە یەکەم ڤیدیۆدا دەردەکەون لە کاتی ئەو نوێژەدا هەموویان دەموچاویان شاردراوەتەوە، ئەوانە کێ بوون؟ خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون یان لە دەرەوە هاتبوون، عێراقی بوون یان غەیرە عێراقی؟**

**مەلا حەموودی:** زۆرینەی ریزی پێشەوە ئەندامانی ئەوان بوون، من نازانم لە سەرکردەکانیان بوون یان لە خەڵکانی ئاسایی بوون، چونکە ئەوە کەس نایزانێت و تەنیا ئەندامە نزیکەکانی خۆیان دەزانن کێ سەرکردەیە و کێ ئەندامێکی ئاساییە، بەڵام دەزانم کە ریزی پێشەوە زۆرینەیان لە ئەندامانی ئەوان بوون.

**رووداو: ئەبوبەکر بەغدادیت لە نزیکەوە بینی؟ قسەت لەگەڵ کرد؟**

**مەلا حەموودی:** نا ئەو لەگەڵ هاتنی کاتی گوتاردا دەستبەجێ هاتە ژوورەوە و گوتارەکەی دا و دوای تەواوبوونی دەستبەجێ رۆیشت، هەر ئەوەندەشی رۆیشت ئیدی خەڵکێکی باش لە چواردەوری کۆبوونەوە، هەندێک سەلامیان لێدەکرد و هەندێک ماچیان دەکرد و هەندێک نزایان بۆ دەکرد. قەرەباڵخییەکی زۆر دروستبوو، ژمارەیەکی زۆری پاسەوانی چەکداریشی لە چواردەور بوون، لەبەرئەوە من نەمدەتوانی لێی نزیک ببمەوە.

**رووداو: کاردانەوەی خەڵکت لە دوای گوتارەکە و راگەیاندنی خەلافەت چۆن بینی؟**

**مەلا حەموودی:** وەک گوتم ئەوە خەونی خەڵک بوو کە گۆڕانکاری رووبدات، ئەمەش هەمووی لەبەر زۆریی گوشاری سەریان بوو، بۆیە خەڵک هەموو ئومێدیان ئەوەبوو کەسێک بێت و لەو گوشار و تەنگەتاوکردنە زۆرەی لەسەریان بوو رزگاریان بکات، لەسەرەتاوە خەڵکێکی زۆر قبوڵیان کرد. لەسەرەتاوە خەڵک بە مژدەیەکی خۆشیان دەبینی، خەڵکیش خەونیان بە خەلافەتی ئیسلامییەوە دەبینی، بەڵام خەلافەتێکی ئیسلامی لەسەر رێگەیەکی راست.

**رووداو: پاش بڵاوبوونەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە تێیدا خەڵک سەردەبڕن، رای خەڵک چۆن بوو؟**

**مەلا حەموودی:** ئەوە سەرەتای تۆقینی خەڵک بوو لە دەوڵەت، ئیدی لەوکاتەوە کە کوشتن دەستیپێکرد، گومان دروستبوو، دەرکەوت کە قسە شتێکە و کردار شتێکی دیکەیە. ئیدی خەڵکی دەستیانکرد بە پێداچوونەوەی حساباتەکانیان. مامەڵەی زۆرینەی ئەندامانی داعش لەگەڵ خەڵکدا زۆر توند بوو، تەنانەت لەگەڵ ژنان و منداڵانیشدا، هیچ نەرمییەکی تێدا نەبوو.

**رووداو: تۆ وەک گوتاربێژی مزگەوتەکە، هەستتکرد ئەوە خەلیفەی موسڵمانانە و لە مزگەوتەکەتدا پێشنوێژی دەکات؟**

**مەلا حەموودی:** لە راستیدا من هەستم بە خەلافەت نەکرد، چونکە رەفتاری ئەندامەکانی ئەوان تەنانەت پێش راگەیاندنی خەلافەتیش و لە نێوان خۆشیاندا توند بوو، ئەوەی سەرپێچی بکردایە یان ئەندامێک بیویستایە وازیان لێبهێنێت دەیانکوشت، ئەمە مانای ئەوەیە شتێکی نهێنی لە ئارادایە.

**رووداو: هەڵسوکەوت و کردەوەی بەغدادی لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی چۆن بوو؟**

**مەلا حەموودی:** هەر وەزیرێک بەرپرس بوو لە وەزارەتەکەی خۆی، دیوانی دارایی بەرپرسەکەی لێی بەرپرس بوو. دیوانی مزگەوت بەرپرسی گوتاربێژ و مامۆستایان بوو، دواتر وای لێهات هەر مامۆستایەکی ئاینی نەبووایەتە ئەندامیان

> داعش 90 %ی مەلاکانی پێشووی لە گوتاردان دوورخستەوە

بەشێوەیەک لە شێوەکان دووریان دەخستەوە، تەنیا لایەنگر و ئەندامانی خۆیان لە گوتاربێژی بەردەوام بوون.

**رووداو: بابەتی گوتاری رۆژانی هەینی کێ دایدەنا؟ دیاریکراو بوو یان خۆتان ئازادبوون باسی چی دەکەن؟**

**مەلا حەموودی:** من ئەوکات لە گوتاربێژی نەمابوومەوە، بەڵام ئاگاداربووم کە گوتارەکان بە چاپکراوی دەهاتن و هەمووی هەر یەک بوو، هەمووان یەک گوتاریان پێشکەش دەکرد، باوەڕناکەم کەسیش هەبووبێت بوێرێت بیگۆڕێت یان بەشێکی لێ لابدات، چونکە ئەوە بۆی هەبوو رووبەڕووی لێپرسینەوە و تەنانەت سزاشت بکاتەوە.

**رووداو: چی لە بەغدادیدا هەبوو کە وایکردبوو ئەو هەموو خەڵکە دوای بکەون؟**

**مەلا حەموودی:** هیچ تایبەتمەندییەکی نەبوو، تایبەتمەندیی لەو پروپاگەندانەدا بوو کە بۆ رێکخراوەکە دەکرا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە وایکرد خەڵک خەون بەو خەلافەتە و ئیسلام و ئاسایشەوە ببینێت، لەبیریشمان نەچێت زانیارییە ئاینییەکان لاوازبوون و ئەوەش وایکرد خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێت لە هەموو رێگەکانەوە.

**رووداو: دەوڵەتی ئیسلامی کە دەسەڵاتی مووسڵی گرتە دەست، ئەو هەموو خەڵکە جیاوازە کە لە وڵاتانی جیاوازەوە هاتبوون، چۆن پێکەوە دەژیان، ئەو ژیانە ئاسایی بوو وەک ئەوەی داعش پێشانیدەدا یان رووداو هەبوون و نەیاندەهێشت کەس بزانێت و دزە بکاتە دەرەوە؟**

**مەلا حەموودی:** ئەوان پەیمانیان بە رێکخراوەکە دابوو، وەک ئەوان بیریان دەکردەوە، کێشەمان نەبوو، تەنیا ئەوە بوو هەندێک کەس لەوە دەترسان رێکخراوەکە وازیان لێنەهێنێت و دەستوەربداتە ناو هەندێک شتەوە کە هەر واشیکرد و هەندێک شتی چاککرد.

**رووداو: داعش بۆچی زۆرینەی شوێنەوارە ئاینییەکانی نێو مووسڵی تەقاندەوە، هۆکاری ئەوە چی بوون و بۆچی وایاندەکرد؟**

**مەلا حەموودی:** ئەوان بیانوویان ئەوەبوو کە ئەو مزگەوت و شوێنانە گۆڕیان تێدایە و ئەو شوێنانەی گۆڕیان تێدا بێت نوێژکردن تێیاندا رێگەپێدراو نییە، لەبەرئەوە دەیانگوت دەبێ ئەو شوێنانە یان بتەقێنرێنەوە یان بەیەکجاری بڕووخێنرێن، ئەوە هۆکاری ئاشکرای ئەو کارە بوو، لەوانەشە هۆکاری نهێنیش هەبێت و ئێمە نەیزانین.

**رووداو: هیچ جارێک هەوڵتاندا رێگری لەو کارەیان بکەن یان داواتان لێکردن ئەو شوێنانە نەتەقێننەوە؟**

**مەلا حەموودی:** ئەوان کاتێک دەیانویست کارێک بکەن نە پرسیان بە خەڵک دەکرد و نە بەخەڵکیان دەگوت چی دەکەن. تۆ هەستت بەهیچ نەدەکرد تا ئەوەی ناوچەکەیان دەگرت و مزگەوتەکەیان پڕی تەقەمەنی دەکرد و دەیانتەقاندەوە.

**رووداو: ئەی بەڕای تۆ بۆچی تەقاندنەوەی منارەی حەدبای خستە دوا رۆژەکانی مانەوەی لە مووسڵ، ئایا ئەوێیان بەلاوە پیرۆز بوو یان وەک سیمبولی راگەیاندنی خەلافەت سەیریان دەکرد؟**

**مەلا حەموودی:** مزگەوتی نووری یەکێکە لە سیمبولەکانی شاری مووسڵ، منارەی حەدباش مووسڵی بەناوەوە کراوە و دەگوترێ مووسڵی حەدبا، لەوێش خەلافەتیان راگەیاند و تا دوا هەناسە بەرگرییان لە خەلافەتەکە کرد، کاتێکیش هەستیان بە نا ئومێدی کرد و هێزە ئەمنییەکان لێیان نزیکبوونەوە، تەقاندیانەوە چونکە نەیاندەویست کەس جگە لە خۆیان لە شوێنی راگەیاندنی خەلافەت بێت. لای هەندێک لە ئەندامانیان ئەو شوێنە پیرۆز بوو. ئەوە رووداوێکی ناخۆش بوو، دڵمان خوێنی لێدەچۆڕێت بۆ تەقاندنەوەی منارەکە، بێگومان ئەو منارەیە لە خوێنی خەڵکی ئاسایی و شەهیدان و هێزە ئەمنییەکان پیرۆزتر نییە، بەڵام ئەوە شوێنەوارێکی مێژوویی بوو، کاتێک ئاسەوارێکی تەمەن زیاتر لە

> رۆژی دوای هاتنی ئەبوبەکر بەغدادی بۆ مزگەوتەکەم پێیانگوتم چیدی گوتار نادەی

800 ساڵ دەڕووخێ، ئەوە کێشەیە، شتێکە دڵ ئازار دەدات. بەڕاستی من ئازارم چەشت، چونکە حەدبا بووە بەشێک لە رابردوو. بە خەمەوە باسی دەکەین و نەماندەویست کارەک بگاتە ئەو دۆخە.

**رووداو: چۆن مزگەوتەکەت بەجێهێشت، خۆت رۆیشتی یان لە گوتاردان دووریان خستیتەوە؟**

**مەلا حەموودی:** ئەوان لە رۆژی دوای گوتارەکەوە پێیانگوتم ئیدی تۆ نابێ گوتار بدەیت، ئەگەر هەست بە زوڵملێکراوی دەکەیت دەتوانی بچیت لە دیوانی سکالاکان سکالای خۆت پێشکەش بکەیت و ئەوان گوێت لێدەگرن. دەشزانی کە نزیکەی 90%ی گوتاربێژ و پێشنوێژەکان لە کارەکانیان دوورخرانەوە و

> کاتی نوێژکردن کەسێک هات و گوتی شێخ ئیبراهیم عەواد قسەتان بۆ دەکات

هۆکارەکەش ئاشکرایە.

**رووداو: چۆن خۆت رزگار کرد لە دەستی داعش؟**

**مەلا حەموودی:** کاتێک هێرشی هێزە ئەمنییەکان دەستیپێکرد، ئیدی هاوەن و مووشەک دەکەوتن، من رۆژی 13ی ئاداری ئەمساڵ لە بەری راستی مووسڵەوە بەرەو بەری چەپ هەڵهاتم، شەو بوو کاژێر سێی شەو رامانکرد، خەڵکیش دەستیان بە هەڵهاتن کرد. خەڵک ئەو کاتانەیان هەڵدەبژارد کە قەناس بەدەستەکانی لێنەبوون، یان سوپا رێڕەوی بۆ هەڵهاتنی خەڵک دەکردەوە و بە شەو رایاندەکرد، پێشبینیمان دەکرد کە دەتوانین بگەینە ناوچە ئارامەکانی دەستی سوپا و ئەو کارەمان کرد.

**رووداو: لەڕووی سەربازییەوە داعش لە لەناوچوون نزیکە، پێتوایە لە رووی بیر و تێڕوانینەوە کەی کۆتایی دێت؟**

**مەلا حەموودی:** بێگومان ئەو مێشک شۆردنەوەیەی کە لەسەر زۆر گەنج کرا، پێویستی بە کات و کاری باش هەیە، هەروەها نیازی راستگۆیانەی دەوێت، ئەگەر نیازی راستگۆیانە و کاری لێبڕاوانە هەبێت، گۆڕانکارییەک دەبینی کە هیوادارم دوور نەبێت.

**رووداو: پێتوایە دوای داعش تۆڵە لەو کەسانە بکرێتەوە کە هاوکاریی داعشیان کردووە؟**

**مەلا حەموودی:** هیوادارین تۆڵەکردنەوە روونەدات، بەڵام گوێمان لێدەبێت کە خەڵکێک کوڕیان یان باوکیان کوژراوە یان ماڵیان وێرانکراوە یان دەرکراون یان خانوویان خاپوورکراوە، ئەوانە دەبێ قسەیان هەبێت، بەڵام هیوادارین نەگاتە ئەوەی کە دوژمنەکانمان دەیانەوێت.

**رووداو: چی بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رووداوی هاوشێوەی سەرهەڵدانی داعش لە مووسڵدا دووبارە نەبێتەوە؟**

**مەلا حەموودی:** ئەگەر حکومەت سیاسەتی خۆی بەرامبەر خەڵک بگۆڕێت بەرەو باشتر، ئەوکات هیچ جۆرە گرووپێکی چەکدار نابینی، بەڵام ئەگەر دەستبکەنەوە بە گوشارکردن لە خەڵک و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و رێگریکردن لە خەڵک، ئەوکات دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەوەی بینیمان.



## خەڵاتی ئاشتیی لۆکسمبۆرگ دەبەخشرێتە کوردێک

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، کە کوردە، خەڵاتێکی جیهانی لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە جیاوازەکان لە پارێزگای نەینەوا وەرگرت. دامەزراوەی شـنگن بۆ ئاشـتیی (Schengen Peace Foundation)، "خەڵاتی ئاشـتیی لۆکسـمبۆرگ"ی بەخشییە بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا. لەبارەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، بەشار کیکی بە (رووداو)ی راگەیاند، یەکەم کەسە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان خەڵاتەکە وەردەگرێت. بەشار کیکی گوتیشی "وەرگرتنی ئەو خەڵاتەش جێگەی شانازییە بۆ میللەتەکەم، مانای ئەوەیە کورد یەکێکە لەو میللەتانەی هەمیشە حەزی بە ئاشتیی و پێکەوەژیان کردووە".

# حەشدی شەعبی ڕێگە بە قائیمقامی بەعاج نادات بگەڕێتەوە

فەرماندەیەکی کوردی ئێزدیی حەشدی شەعبی:

## حەشدی شەعبی بەڵێنەکانی لەگەڵ ئێمە نەبردنە سەر

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

حەشـدی شەعبی لە سنووری سووریا و عێراق سـەرقاڵی لێدانی خەندەقـە، ڕێگەش بە قایمقامی بەعاج نادەن بگەڕێتەوە شـارۆچکەکەی و دەسـت بـە کارەکـەی بکاتـەوە. بەڕێوەبـەری ناحیـەی گرعوزێریش دەڵێت تاوەکو ئێسـتا تاکە ماڵێکیش نەگەڕاوەتـەوە ئەو ناوچانەی بەمدواییە حەشـدی شەعبی لە دەستی داعش ڕزگاری کردوون.

نزیکـەی 40 ڕۆژ تێدەپـەڕێ بەسـەر کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی باشـووری شنگال و قەزای بەعاج، بەڵام هێشتا یەک خێزان نەگەڕاوەتەوە ئـەو ناوچانـە و فەرمانگەکانـی حکومەتیش دەسـتبەکار نەبوونەتـەوە. فەرماندەیەکی کوردی ئێزدی لە نێو حەشـدی شـەعبی دەڵێت حەشـد بـێ بەڵێن بوو بەرامبەریان و چارەنووسـی ناوچە ڕزگارکراوەکانیان نادیارە.

ڕۆژی 12ی ئایاری 2017 حەشـدی شـەعبی ئۆپەراسـیۆنێکی بەرفراوانـی بـۆ ڕزگارکردنـی باشووری شـنگال لە چنگی داعش دەستپێکرد، لـە مـاوەی دوو هەفتـەدا چەندیـن ناوچەی لە باشـووری شـنگال کۆنترۆڵ کـردەوە، لەوانەش سـەنتەری قەزای بەعـاج، ناحیـەی گرعوزێر و تەلبەنات و تەلقەسەب و کۆچۆ و چەند گوندێکی دیکـە. ئـەوان توانییان لە مـاوەی دوو هەفتەدا هێزەکانیان بگەیەننە سەر سنووری سووریا.

ئەحمـەد یوسـف، قائیمقامی قـەزای بەعاج بـە (رووداو)ی ڕاگەیانـد "هەفتەیـەک پێـش ئێسـتا بەرێگای حەمام عەلیلـەوە چووینە نێو سـەنتەری قەزای بەعاج، هەوڵـم دا بارەگایەک لەوێ بکەمەوە، بۆ ئەوەی دەسـت بە کارەکانم بکەمەوە، بەڵام بەرپرسـانی حەشـدی شەعبی ڕێگەیان پێنەداین و پێیانگوتین، هێشـتا کاری ئێمـە لێرە تـەواو نەبووە و بۆتـان نییە جارێ بێنە ئەم ناوچانە".

ئەحمەد یوسف، بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەی حەشدی شەعبی کردووە بۆ سەر قـەزای بەعاج بەو ئومێدەی داعش لەوێ نەمێنێ و ئەوانیش بە زووترین کات بگەڕێنەوە ناوچەکانیان، بەڵام ئێستا نائومێد بووە و دەڵێت "هیچ ئومێدێک نییە بگەڕێینەوە بەعاج".



حەشدی شەعبی دەیەوێت شەممەریەک بکاتە قائیمقامی قەزای بەعاج

هـەر لە دەسـتپێکی ئۆپەراسـیۆنی حەشـدی شـەعبی بۆ سـەر ئەو ناوچانە، ژمارەیەک کوردی ئێـزدی کە نزیکـەی 400 کەس دەبـوون، چوونە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی. سەرەڕای ڕزگارکردنی ناوچەکانیان لەلایەن حەشـدەوە، بەڵام ئێسـتا بە نائومێدییەوە لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکە دەڕوانن.

خودێدا جوکـو کە فەرماندەیەکـی کەتائیبی ئێزدیخانە لەنێو حەشـدی شەعبی، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە بە دڵێکی پاکەوە پەیوەندیمان بە حەشدی شـەعبییەوە کرد، متمانەیەکی زۆرمان بە حەشـد هەبوو، بـەڵام وا دەرنەچـوو. ئەوان سـەرەتا گوتیـان هەر کـە ناوچەکانمـان ڕزگار کـرد، ڕادەسـتی ئێـوەی دەکەین، بـەڵام ئەوە 40 ڕۆژ بەسـەر ئۆپەراسـیۆنەکە تێپـەڕی، هیچ دیار نییە، ڕەوشـەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپترە، هیـچ هاوکارییەکی ئێمە ناکەن، تاوەکوو ئێسـتا یـەک خێـزان نەگەڕاوەتەوە، لەبـەر ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەک لە ناوچەکەدا نییە".

سـەبارەت بـە ڕێگەنـەدان بـە گەڕانـەوەی قایمقامی بەعاج، جوکو گوتی "ئێسـتا حەشدی شـەعبی کار دەکـەن بۆ گۆڕینی ئـەو قایمقامە، بەنیـازن کەسـێک لـە هـۆزی شـەمەر دابنێن، جگـە لەوە دەسـتیان بە دروسـتکردنی فەوجی عەرەبی سوننە بۆ ئەم ناوچانە کردووە و چەکی باشیان دەدەنێ. هەموو ئەو عەرەبانە کە ئێستا فەوجیـان بۆ دەکرێتەوە، ئەوانەن کە هێرشـیان کردە سەر ئێمە و کچ و ژنی ئێمەیان برد. ئێستا ئـەوان بوونەتە خاوەنی چەکی باش، ئێمەش نە مووچەمان دەدەنێ و نە چەک".

ئـەو بەرپرسـە کوردەی حەشـدی شـەعبی، ئاینـدەی ناوچەکە بە ناڕۆشـن دەبینێ و دەڵێت "چارەنووسـی ئەو ناوچانە بە نادیاری ماوەتەوە، باوەڕ ناکەم کەس بگەڕێتەوە. حەشـدی شەعبی لەسـەر سـنووری عێراق و سـووریا دەسـتی بە لێدانی خەندەقێک کردووە بە بەرزیی سێ مەتر و پانایـی چوار مەتر، ئەوان خەریکی کاری گەورەن لـەو ناوچەیە، وا بە ئاسـانی ڕادەسـتی خەڵکی ناوچەکەی ناکەنەوە".

خدر خودێدا ڕەشۆ، بەڕێوەبەری ناحیەی گرعزێر بـە (رووداو)ی گـوت "هەتا ئێسـتا یـەک خێزان نەگەڕاوەتەوە ئەو ناوچانە، جگە لە خەڵکی سڤیل، هیچ بەرپرسێکی ئیداریش نەگەڕاوەتەوە".

چەکی قورسیان هەیە

# هۆزەکان لە بەسرە پاشەکشە بە حکومەت دەکەن

**ئەمرۆ محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

لـە پارێزگای بەسـرە، شـەڕ و ململانێـی نێوان هـۆزەکان باڵی بەسـەر کەشـوهەواکەدا کێشـاوە، دەسـەڵاتی لۆکاڵی و حکومەتی عێراق بەدەست ئەم دیاردەیەوە گیرۆدەن. ئەو هۆزانە، لاوازیی دەزگاکانی دەوڵـەت و دامەزراوە ئەمنییەکانیان قۆسـتووەتەوە و زۆر جـار، لەبـری دەزگای ئەمنـی و دەسـەڵاتی دادوەری، بە زەبری چەک و نەریتە عەشـایرییەکان کێشەی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە.

سـەلیم شـەوقی، نوێنەری پارێزگای بەسـرە لە پەرلەمانی عێراق، هۆکاری باڵادەستبوونی هۆزەکانی بەسـرەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی هێزی پێویسـت لە بەسرە، چونکە زۆربەی هێزە ئەمنییەکانی پارێزگای بەسرە، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی دژی داعش کراون لە نەینەوا.

سەلیم شەوقی بەشێکی کێشەکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ لاوازیی چاودێریی ئەمنی و هەواڵگری. ئەو دەڵێت "زۆرجـار بەرپرسـە ئەمنییـەکان بـە گوڕوتینەوە دەسـت بەکار دەکەن، بەڵام بـە تێپەڕبوونی کات، لەلایەن سـەرۆک هۆزەکانەوە بـە داوەت و بەرتیل چاوبەست دەکرێن".

دانیشتووانی بەسـرە نزیکەی 3 ملیۆن کەسن و 178 هـۆز و تیرە لە سـنووری ئەو پارێزگایە هەن. ئەو هۆزانە خاوەن چەکی مامناوەند و سووکن کە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و کێشـە کۆمەڵایەتییەکاندا پەنای بۆ دەبـەن و زۆرجار بەهۆی ئەو پێکدادانەوە ڕێگا سـەرەکییەکان لە نێوخۆی پارێزگای بەسـرە، هەروەها بەسرە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە دادەخرێن، تـرس و دڵەڕاوکێـی زۆر لای دانیشـتووان دروسـت دەکـەن، لـە هەندێـک دۆخدا زیـان بە دامـەزراوە گشـتییەکان دەگات و زۆرجار کارەبـای ناوچەیەک زیانی پێگەیشتووە و پچڕاوە.

دۆخی بارگاویی نێوان هۆزەکان بەجۆرێکە، تەنیا کێشـەیەکی بچووکـی بەسـە بۆ ئەوەی ڕەوشـەکە بتەقێتەوە، زۆرجار لەسـەر بابەتێکـی زۆر بچووک، شـەڕی گەورەی نێـوان هۆزەکانـی لێدەکەوێتەوە و چەندیـن کوژراو و برینداری لێدەکەوێتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر یارییەکی تۆپی پێ لە ناوچەی حەیالییـە، شـەڕ کەوتـەوە و ژمارەیەک کـوژراو و برینداری بەدواوە بوو.

فەرید شـەعلان، بڕیاردەری لیژنەی هۆزەکان لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "دەرمارگیری، شەڕوپێکدادانی نێوان هۆزەکان و پەنابردن بۆ چەکی مامناوەنـد و هەندێـک کات چەکـی قورسـیش لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان، یەکێکە لە سیما ناشیرین و ناشارستانییەکانی پارێزگای بەسرە، پێویستە ئەم دیاردەیە کۆتایی پێ بهێنرێت و یاسـا بسەپێنرێت، جگە لە دەوڵەت نابێت چەک بەدەست هیچ کەس و لایەنێکەوە بێت".

بەسـرە بە یەکێک لـە دەروازە سـەرەکییەکانی عێراق و بە شـادەماری ئابووریی عێـراق دادەنرێت، بەهۆی پێگەی جوگرافییەوە زۆرجار وەک ناوەندێکی بازرگانی بە مادە هۆشـبەرەکان نـاوی دەبرێت. بە


هەڵمەتێک بۆ داماڵینی هۆزەکانی بەسرە لە چەک دەستپێدەکات

گوتـەی بڕیاردەری لیژنەی هـۆزەکان لە پەرلەمانی عێراق "لە پارێزگای بەسـرە نزیکەی 400 بازرگانی مـادەی هۆشـبەر هەن، زۆرجـار هۆزەکان لەسـەر بازرگانـی بـە مـادەی هۆشـبەر و دەسـتکەوت و داهاتـی ئەو بازرگانییە بەشـەڕدێن. بەشـێکیش لە هۆزەکان، سەرقاڵبوونی حکومەتیان بە شەڕی داعش

بڕیاردەری لیژنەی هۆزەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران:

## بەشێک لە شـەڕی هۆزەکان لەسەر مادە هۆشبەرەکانە

## 400 بازرگانی مادەی هۆشبەر لە بەسرە هەن

قۆستووەتەوە و بە ئارەزووی خۆیان لاملی دەکەن".

شـێخ ڕائـد فرێجـی، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی هۆزەکانی بەسرە، پێیوایە یاسا لە پارێزگای بەسرە پاشەکشـەی کردووە، ڕۆڵی هێزە ئەمنیەکان لاوازە، پێویسـتە فەرماندە ئەمنییەکان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیـان بگێـڕن. هەروەهـا دەڵێـت ناکۆکیی کوتلە سیاسـییەکان کاریگەریـی خراپی لەسـەر ناکۆکیی نێوان هۆزەکان و دۆخی پارێزگای بەسرە هەیە.

بەشێکی دیکەی ناکۆکیی نێوان هۆزەکان لەسەر زەوی، پـارە، کاری کۆمپانیاکانـە، زۆرجار لەسـەر دەرگای ماڵان دەنووسرێت: "خوێنیمان دەوێت" واتە دەبێ خاوەنی ئەو ماڵە بکوژرێت.

نـوری مالیکی، لەسـەردەمی دەسـەڵاتی خۆیدا ئەنجوومەنی هۆزەکانی دروسـتکرد بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنـی هەژموونی خۆی سـوودی لێوەرگرتن، بەڵام کاتێک حەیدەر عەبادی هاتە سـەر دەسەڵات، لـە چوارچێـوەی هەنـگاوە چاکسـازییەکان و بـۆ کەمکردنـەوەی خەرجییـەکان ئـەو ئەنجوومەنانەی هەڵوەشاندەوە و پارە و پول و ئیمتیازاتەکانی بڕین.

فرێجی دەڵێت "هۆکاری سـەرەکی دروستکردنی ئەنجوومەنـی هـۆزەکان لەلایـەن مالیکیـەوە، بەکارهێنانیـان بوو بـۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و کوتلەکـەی، بـەڵام ئەنجوومەنەکە ڕۆڵی هەبوو لە چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان".

زۆرجار لەبری یاسا، خواست و ئیرادەی هۆزەکان دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هۆزەکان، زۆر جاریش ئافرەتان دەبنە قوربانیی ئەو نەریتە دواکەوتووە و لە بری خوێن، دەبەخشرێنە لایەنی زیانپێگەیشتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. لە هەندێک کاتدا بەشـێک لە هۆزی دەسـتدرێژیکار بـە زۆر کۆچیـان پێدەکرێـت، هەمـوو ئەمانە وەک جێگرەوەی یاسـا بەکاردێت لـە وڵاتێکدا، کە خۆی بە داهێنەری یاسا دەدانێت لە سەردەمی حامورابیدا.

حکومـەت چەندینجار هەوڵی داوە ئەو کێشـەیە چارەسەر بکات، وەک گۆڕانکاری لە فەرماندە سەربازی و ئەمنییەکاندا، دانانی وادە بۆ ڕادەستکردنی چەکی ئەندامانی هۆزەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشداریی توند لەبارەی دیاردەی چەکداری، بەڵام سەرکەتوو نەبووە، لەو چوارچێوەیەدا بە فەرمانی ژمارە 26ی وەزارەتی بەرگریی عێراق، بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی نێوان هۆزەکانی ئەو پارێزگایە، بە سەرۆکایەتی فەریق ڕوکن جەمیل شـەممەری، فەرماندەی ئۆپەراسـیۆنەکانی بەسرە، لیژنە لە پۆلیس، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە پێکهێنراوە کە هەوڵی چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانە دەدەن، چەندیـن و دیـدار و کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. هەفتەی دووجار یەکشـەممە و چوارشـەممە کۆبوونەوەیان هەیە، بۆ کێشەی نێوان هەر هۆزێکیش لیژنەیەک پێکهێنراوە و ژمارەیەک لـەو ناکۆکییانەی چارەسـەر کردوون، بـەڵام نەیتوانیـوە ئـەو دیاردەیە بنبڕ بـکات، بۆیە وەک فەریـق ڕوکن جەمیل شـەممەری، ئاماژەی بۆ کرد، بەم نزیکانە ئۆپەراسیۆنێکی فراوانی سەربازی دەستپێدەکەن "بەمەبەستی سەپاندنی سەقامگیری لـە پارێزگای بەسـرە و داماڵینی هۆزەکان لە چەک و ڕێگریکردن لە هەر دیاردەیەکی شـەڕ و پێکدادانی نێوان هۆزەکان".

# یوئێن هاوکارییەکانی نیوەی ئاوارەکانی کوردستان دەبڕێت

**ئاسۆ سەراوی**
**رووداو- هەولێر**

ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (WFP) بڕیاری دا هاوکاریی ماڵی نیوەی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی لە کوردسـتان دەژیـن ببڕێـت. بەرپرسـێکی ئاوارەکانیـش لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی ئەو بڕیارەوە کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت، بەڵام دەڵێت بڕیارە وەزارەتی بازرگانیی عێراق ئەو کێشـەیە چارەسـەر بکات و بە پێدانی خۆراک قەرەبووی ئـەو ئـاوارە و پەنابەرانە بکاتەوە کە پارەکەیان لێدەبڕدرێ".

لـە مانگی ئـاداری ئەمسـاڵدا بەرپرسـانی ڕێکخـراوی خۆراکـی جیهانی سـەر بـە نەتەوە یەکگرتـووەکان WFPلـە هەرێمی کوردسـتان ڕایانگەیانـد، بەهۆی کەمبوونـەوەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان، بەنیازن پارەی تەرخانکراو بۆ خۆراکی ئاوارەکان بۆ نیوە کەمبکەنەوە.

هۆشـەنگ محەممـەد، بەڕێوەبەری ناوەندی هاوبەشـی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لەم مانگەوە WFP ئەو بڕیـارە جێبەجێ دەکات و یارمەتیی پارە لە بەشێک لە ئاوارە و پەنابەران دەبڕێ".

هۆشەنگ گوتی: "یارمەتیدانی دارایی WFP بـۆ کڕینی خۆراک، پێشـتر بۆ هەمـوو ئاوارە و پەنابـەرەکان، مانگانـە 19$ بوو، بـەڵام وردە وردە ئـەو یارمەتییە بڕا. سـەرەتا یارمەتییەکە لـەو ئـاوارە و پەنابەرانـە بڕا کە لـە دەرەوەی کەمپەکانـدا دەژیان و کارێکیان هەبوو، ئێسـتا بڕیاریانـداوە ئەو یارمەتییە لە نیـوەی ئاوارە و پەنابەران ببڕن، ئەوەش کێشـەیەکی زۆر گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات".

سـەبارەت بـە چارەسـەری ئـەو گرفتـە، بەڕێوەبـەری ناوەنـدی هاوبەشـی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان گوتی داوایان کردووە حکومەتی عێراق ئەو گرفتە چارەسـەر بـکات "بڕیـارە وەزارەتی بازرگانیـی عێراق ئەو کێشـەیە چارەسـەر بکات و بە پێدانی خۆراک قەرەبـووی ئەو ئـاوارە و پەنابەرانە بکاتەوە کە پارەکەیان لێدەبڕدرێت".

بەڵام هۆشەنگ گەشـبین نییە کە وەزارەتی بازرگانیی عێراق بتوانێ ئەو کێشـەیە چارەسەر بـکات و دەڵـێ "لـەو بڕوایـەدا نیـم وەزارەتی بازرگانی بتوانێ ئەو کێشـەیە چارەسەر بکات، چونکـە ئەو وەزارەتە ناتوانێ بە باشـی بەشـە خۆراکی دانیشتووانی عێراق دابین بکات، ئێستا لەکوێ دەتوانێ خۆراک بداتە ئاوارەکانیش".

بەپێـی ئامارەکانـی نەتـەوە یەکگرتووەکان یـەک ملیۆن و 566 ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردسـتان دەژین کە یەک ملیۆن و 333 هەزار کەسـیان ئاوارەن و 233 هەزاریشیان پەنابەرن. 60%ی ئـاوارە و پەنابـەرەکان لـە 54 کەمپی هەرێمـی کوردسـتان دەژین، 40%یشـیان لە دەرەوەی کەمپەکانن".

هۆشـەنگ محەممەد، ئـەو کارە بـە لێدانی زەنگێکی مەترسـیدار نـاو دەبـات و دەخوازێ لایەنـە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی لە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا بێنە دەنگ و کاری جدی لەسـەر بکـەن، چونکـە وەک ئەو دەڵێت "بـەو هۆیەوە کێشـە بۆ نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارە و پەنابەر دروست دەبێ".





## ڕاوێژکاری پێشووی دۆناڵد ترەمپ بۆ سیاسەتی دەرەوە:

# ئەمریکا پشتگیریی گشتپرسی دەکات و ئەنجامەکەشی قبوڵ دەکات

خاوەنی 14 کتێبە، پێشتر سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکرات بووە کە حیزبێکی سۆشیالیستی مەسیحی بوو لە لوبنان. د.وەلید فارس، دوو خولی هەڵبژاردنی ئەمریکایە کۆمارییەکان ڕاوێژی پێدەکەن، ساڵی 2011 ڕاوێژکاری میت ڕۆمنی بوو، ساڵی ڕابردووش یەکێک بوو لە ڕاوێژکارانی دۆناڵد ترەمپ بۆ سیاسەتی دەرەوە، بەڵام دوای کەمپەینی هەڵبژاردن، گەڕایەوە بۆ کەرتی تایبەت. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ د.وەلید کە میوانی ستۆدیۆی ڕووداو بوو لە بەرنامەی (لە واشنتنەوە لەگەڵ نامۆ عەبدوڵڵا) و شەوی سێشەممە تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) بڵاودەبێتەوە.

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا
ڕووداو- واشنتن

**ڕووداو: دۆناڵد ترەمپ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ واشنتن پۆست، ئاماژەی بە ناوی ئێوە کرد، گوتی د.وەلید ڕاوێژکارمە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەتوانن باسی ڕۆڵی خۆتان بکەن؟**

**د.وەلید فارس:** ساڵی 2011 و 2012 ڕاوێژکاری باڵای ئاسایشی نیشتمانی میت ڕۆمنی بووم. نەریتی پاڵێوراوە کۆمارییەکان بەو جۆرە بوو، لە ساڵی 2015 و 2016 دەبووایە چاویان بەو پسپۆڕانە بکەوێت کە لە هەڵمەتەکانی پێشتر بەشدارییان کردبوو. لە پایزی 2015 چاوم بە پێنج شەش پاڵێوراوی کۆمارییەکان کەوت. دواییینیان دۆناڵد ترەمپ بوو. گفتوگۆی درێژمان لەبارەی ڕەوشی ناوچەکە کرد. کتێبەکانی خۆم پێشکەشکرد، قسەمان لەسەر سووریا، لیبیا و عێراق کرد. گفتوگۆکانمان بۆ ماوەیەک بەردەوام بوون، کۆتایی مانگی ئادار، بەڕێز ترەمپ، منی وەک یەکێک لە ڕاوێژکارانی سیاسەتی دەرەوە ناساند. تەواوی ساڵی ڕابردووم لە خزمەتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەسەربرد. لە ئاستی جیاوازدا کارم کرد، ئاستی یەکەم سەردانی باڵیۆز و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەجێندای دۆناڵد ترەمپ. دووەم، کاتی زۆرمان بە وەڵامدانەوەی میدیای دەرەکی بەسەربرد کە زۆر توند بوو، زۆر دژی هەڵمەتەکەی ترەمپ بوو. ئێمە بەشێوەیەکی عەقڵانی لێیان نزیک بووینەوە و ئەجێنداکەمان ڕوونکردەوە. سێیەم: هەندێ کاتمان لەگەڵ پێکهاتە ڕۆژهەڵاتییەکانی نێو ئەمریکا بەسەربرد، هەوڵی خۆمان دا بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ئەجێندای ترەمپ تێبگەن. لەگەڵ سەرکەوتنی سەرۆک ترەمپ و گواستنەوەی دەسەڵات، من گەڕامەوە نێو کەرتی تایبەت. بەڵام بێگومان لە خزمەتی سەرۆک و ئیدارەکەیدام ئەگەر پێویستیان پێم بێت.

**ڕووداو: کاتێک هەنگاوەکانی ئەمدواییەی سەرۆک ترەمپتان بینی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرامبەر داعش و قەتەر، هەروەها ناوچەکە بەگشتی، ئایا ئەو کارانە لەگەڵ پێشبینییەکانی کاتی بانگەشە دەگونجێن؟**

**د.وەلید فارس:** لەسەر بنەمای چەند زەمینەیەکی جیاواز، دەتوانم بڵێم بەڵێ. پێشتر ترەمپ باسی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی زۆر گەورەی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمان کردووە و دەیگوت هاوپەیمانێتییەک پێکدەهێنین دژی دوو شت بێت: یەکەم بەرفراوانبوونی ڕژێمی ئێران، بەرفراوانبوونی هێزی سەربازی و ئەمنی و کارە تیرۆرستییەکانی ڕژێمەکە لە ناوچەکەدا. ئێستا کار لەسەر ئەم خاڵە دەکات. دووەم: پاشەکشە بە داعش و قاعیدە و جیهادییەکان و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە. هەروەها ئەو ڕێکخراوانەش کە پەرە بە ئایدیۆلۆژیای توندئاژۆیی دەدەن. بەم دواییە کە سەردانی ڕیازی کرد، لەگەڵ 15 سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمان کۆبووەوە، ئەوە جێبەجێکردنی بەڵێنی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو. سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە سووریا و عێراق بریتییە لە لەنێوبردنی داعش، لەهەمانکاتدا پشتگیریکردنی هێزە لۆکاڵییە میانڕەوەکان، جا کورد بن، عەرەب بن، سوننە یان کەمینەی دیکە. بۆ ئەوەی شوێنی داعش بگرنەوە.

**ڕووداو: کورد هیواخوازن ئیدارەی ترەمپ لە گشتپرسییەکەی 25ی سێپتێمبەر پشتگیرییان بکات. پێتانوایە کاردانەوەی سەرۆک ترەمپ چی دەبێت بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان، ئەگەر دوای گشتپرسی ڕاییگەیەنن؟**

> ئەمریکا هاوکار دەبێ لە دانوستاندنی هەولێر و بەغدا

**د.وەلید فارس:** جیاوازی هەیە لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە ئێستا سەرۆک ترەمپە، لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان کە کۆنگرێسە. ئەمانە دوو شتی جیاوازن. لەبارەی ئیدارەی ترەمپ، بەڵێ، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن جەختی لەسەر پێویستیی پشتگیریکردنی هەموو هاوپەیمانانمان کردەوە، هەروەها پەراوێزنەخستنی هیچ لایەک، بەتایبەتی ئەوانەی شەڕی داعش و جیهادییەکان دەکەن. بەتایبەت ئاماژەی بە نێوی کورد کرد، ئەگەر گوێ لە قسەکانی بگرینەوە، ئەوا وەک پرەنسیپێکی گشتگیر پشتگیریی ئەوانە دەکات کە شەڕی داعش و جیهادییەکان دەکەن. هەروەها باسی پاراستنی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردووە. کوردی عێراق، زۆر پێش دەستبەکاربوونی ئیدارەی ترەمپ، دانپێدانانی زۆریان بەدەستهێنابوو. دەبێ لە یەک شت بڕوانین، عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە، پێگەی هەرێمی کوردستانیش بە یاسا چەسپێنراوە، کەواتە لە هیچەوە نەهاتووە. کورد بەرەو ئەنجامدانی گشتپرسی دەڕوات. ئەوە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قبوڵکراوە، هەر پێکهاتەیەک دەتوانێ داوای ئەوە بکات.

**ڕووداو: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا نیگەرانیی دەربڕیوە لەهەمبەر کاتی ئەنجامدانی گشتپرسییەکە، لەکاتێکدا دەڵێ خواستەکانی کورد شەرعین. ئێوە چی لەو پەیامە دژبەیەکە تێدەگەن؟**

**د.وەلید فارس:** ئەم پەیامە ئاماژەیە بۆ ڕەوشی ئێستای واشنتن. وەزارەتی دەرەوە بە تەنیا هەنگاو نانێت بۆ پشتگیریکردنی گشتپرسی، بێ ئەوەی کۆشکی سپی بە هەمان ئاڕاستە هەنگاو بنێت، وەزارەتی دەرەوە نایەوێت لە پێش کۆشکی سپی هەنگاو بنێت. ئەوەی کە دەبێ لە کوردستان تێیبگەن ئەوەیە، ئێمە بڕوامان بە پرەنسیپی بڕیاردان لە چارەنووس و ئەنجامدانی گشتپرسی هەیە، ئەمە ئەو ئازادییەیە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە. بۆئەوەی پرسەکە ببێتە بەشێک لە سیاسەتی ئەمریکا، دەبێ کۆشکی سپی هەنگاو بنێت. بەڕای من هەوڵی هاوبەشی کۆنگریس و ئیدارەی ئەمریکای دەوێت کە دوای ئەنجامدانی گشتپرسییەکە بەپێی نۆرمە نێودەوڵەتییەکان دەبێت.

**ڕووداو: دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چ گرنگییەکی دەبێت بۆ شەڕی جیهانی لەدژی تیرۆریزم؟ چونکە کورد وەک دەگوترێ گرنگترین ڕۆڵیان هەبووە لەدژی داعش. پێتانوایە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان گرنگیی زۆرتری دەبێت بۆ ئەو شەڕە؟**

**د.وەلید فارس:** کورد، بەتایبەتی لە عێراق، هەروەها لە ناوچەکە و جیهانیشدا، سەلماندوویانە کە هاوپەیمانن و لایەنێکی گرنگی شەڕی دژی داعشن. دەبینین چەند کورد بوونەتە قوربانی، چەند پێشمەرگە بوونەتە قوربانی، هەروەها کەمینەکانی کوردستان بوونەتە قوربانی، هەمووان لەوێ قوربانییان داوە. کەواتە لەو ڕوانگەیەوە، شەرعیەتی هەیە، بەڵام جگە لەوەش، ئەگەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی هەست بکات پێویستی بەوەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان هیچ شتێک ناتوانێ ڕێگر بێت. لەبەرئەوە گرنگە هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد بە جیهانی بسەلمێن کە ئەوە خواستی گەلی کوردە. دوای ئەوە، پێویستە دانوستاندن بکرێت. لەبیرمان بێت، کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری کە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانە. کەواتە، تاوەکوو ئەو کاتەی هیچ شتێک دژی یاسای نێودەوڵەتی نەبێت و پێشێلکاری نەکرێت، پێموانییە هیچ کێشەیەک لە ئەنجامدانی گشتپرسیدا هەبێت. تاوەکو ئەو کاتەی پرۆسەکە دیموکراسیانە بێت و بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت، خاوەنی شەرعییەتە.

**ڕووداو: گرژی لەنێوان تورکیا و کوردی سووریا هەیە کە ئەمریکا پشتگیرییان دەکات. لەبەرئەوەی ئەولەویەتی ئەمریکا لە سووریا لەنێوبردنی داعشە، ناڕەزایەتییەکانی تورکیای پشتگوێخستوون، تورکیا دەڵێ گرووپێکی تیرۆرستین و نابێ پشتگیری بکرێن. ئایا پێتوایە ئەگەر کوردی عێراق سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، ئەمریکا بەهەمانشێوە قسەی تورکیا لەبەرچاو ناگرێت و دانی پێدا دەنێت، بەهۆی پێگەی ستراتیژی و گرنگی بۆ ئەمریکا؟**

**د.وەلید فارس:** پێموانییە لە شەو و ڕۆژێکدا هەولێر و بەغدا لێک جیاببنەوە. ئەمە بەشێکە لە پرۆسەکە، کاتێک خەڵک دێنە سەر سندوقی دەنگدان و دەڵێن حەزدەکەین دەوڵەتی سەربەخۆمان هەبێت، پێموانییە هیچ کەس لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بڵێ ئەمە شتێکی نایاساییە و نابێ بیکەن. پێموایە ئەمریکاش پشتگیری گشتپرسی دەکات و ئەنجامەکەشی قبوڵ دەکات. ئەوەی پێویستە دواتر ئەنجامبدرێت، دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدایە. بەمجۆرە ئەمریکا هاوکار دەبێت. لەبارەی ئەکتەرە هەرێمییەکانی دیکەش، هەریەکەیان هەڵوێستی خۆی دەبێت. تورکیا هاوپەیمانی ناتۆیە، نیگەرانە لەوەی ترەمپ گوێ لە کورد بگرێت، ئێران نەیاری ئەمریکایە، ئەگەری زۆرە دژایەتی سەربەخۆیی بکات، لەترسی کێشەکانی خۆی. ڕژێمی ئەسەدیش لە پێگەیەکی دیکەدایە. من دەڵێم ئەوەی لەم کاتەدا کە دەبێ لە خەمیدا بن سەرکەوتنی گشتپرسییەکە و بەشداریی هەموو حیزبە سیاسییەکان و یەکگرتوویی کوردە، بەجۆرێک نیشانی جیهانی بدەن کە چیتان دەوێت، دواتر هەنگاوی دانوستاندن بنێن لەگەڵ بەغدا و پایتەختەکانی دیکە.

> ئەگەری زۆرە ئێران دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستان بکات

---

## بەشێکیان بۆ گلەیی چوونەتە لای مالیکی

# کوردی فەیلی دەترسێن باجی گشتپرسییەکەی کوردستان بدەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

عەلی کە لە یەکێک لە چێشتخانەکانی خانەقین کار دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە بڕواتە بەغدا و ئەو پارچە زەوییەی لەوێ هەیەتی بیفرۆشێ، چونکە دەزانێ داهاتووی کورد لە بەغدا مەترسی لەسەرە. عەلی فەیلی، کوردێکی شیعەیە و ساڵانێکی زۆر لەبەغدا ژیاوە، بەڵام دوای کەوتنی سەددام حوسێن، گەڕایەوە بۆ خانەقین.

ئەو پیاوە دڵنیایە لەوەی ڕۆژە ناخۆش و تاڵەکانی کوردی فەیلی دەردەکەونەوە "چونکە کوردستان گشتپرسی دەکات و لە عێراق جیادەبێتەوە، عەرەب و میلیشیاکانیشیان ئەو داخە بە کوردە فەیلییەکان دەڕێژن". ئێستا زۆربەی کوردە فەیلییەکانی بەغدا، وەک عەلی بێهیوان لە مانەوە لەنێو ماڵ و شوێنی ژیانیان.

لەدوای هەڕەشەکانی سەعد موتەڵیبی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا لە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا کە هەڕەشەی لە کوردی بەغدا کرد بەوەی لە ئەگەری ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، ئەوان ڕەگەزنامەی عێراقی لە کوردی دانیشتووی بەغدا دەستێننەوە و لە شارەکە دەریاندەکەن، هەڕەشەکان بۆ سەر کوردی فەیلی لە بەغدا زیادیان کردووە.

جەواد کازم عەلی مەلەکشا، ڕۆژنامەنووسێکی کوردی فەیلییە لە بەغدا و دەڵێ هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر کوردی فەیلی، وابەستەیە بە هەر بەرەوپێشچوونێکی سیاسی یان ئابووری لە هەرێمی کوردستان "ئێستا کە پرسی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان گەرم بووە، گوشارەکان بۆ سەر کوردی فەیلی لە بەغدا دەستیان پێکردووە". ئەو چاوەڕێی ئەوەش دەکات بە نزیکبوونەوەی زیاتر لە وادەی ئەو گشتپرسییە، هەڕەشەکان زۆرتر ببن.



کوردی فەیلی بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەن کە میلیشیا شیعەکان لە مووسڵەوە دەگەڕێنەوە
(فۆتۆ: ڕووداو)

ئامارێکی فەرمی نییە ژمارەی کورد بەگشتی لە بەغدا و کوردی فەیلی بە تایبەتی بخاتەڕوو. بەڵام ئەوان بەسەر گەڕەکەکانی شەقامی کیفاح و گەڕەکی سەدر و جەمیلە و شەقامی فەلەستین و شەقامی مەنسوردا دابەش بوون. لە ڕۆژانی ڕابردووشدا، لەنێو زەرفی نامەدا گوللە هەڵدراوەتە نێو چەند ماڵێکی کوردی فەیلی و هەڕەشەیان لێکردوون. ئەوەش ناچاری کردوون بۆ پاراستنی خۆیان، چەک هەڵبگرن.

جەواد کازم مەلەکشا، چەک هەڵگرتن بە چارەسەر نازانێ و دەڵێ "ئێمە لە بەغدا هەموومان لە شوێنێکی دیاریکراو ناژین تاوەکو چەک هەڵبگرین و پارێزگاری لە خۆمان بکەین، خۆ چەکیش هەڵبگرین هەر ناتوانین خۆمان بپارێزین".

بەبڕوای ئەو کەسانێکی زۆر لە بەغدا کە بە "دز و جەردە" ناویان دەبات، چاو و گوێیان بۆ ڕۆژێکی وا هەڵخستووە تاوەکو پشێوی دروست ببێ و بدەن بەسەر ماڵی خەڵکدا و داگیری بکەن، وەک چۆن ژمارەیەکی زۆر ماڵ و موڵکی مەسیحییەکانی بەغدایان داگیر کردووە.

لەو ڕۆژەوەی موتەڵیبی هەڕەشەی لە کوردی نیشتەجێی بەغدا کردووە، لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ترس و دڵەڕاوکێی زۆر بڵاوبووەتەوە. گەنجانی کورد لە بەغدا کاردانەوەی توندیان هەیە بەرامبەر موتەڵیبی و داوا دەکەن کوردی بەغدا بۆ پارێزگاری لە خۆیان چەک هەڵبگرن.

نەزیرە ئیسماعیل، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان کە خێزانەکەی خۆی قوربانیی دەستی توندوتیژی دژی فەیلییەکانە و لە بەغدا دەرکراون، گوتی: "مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوان ئەوەیە کورد بترسێن و بەغدا جێبهێڵن و دواتر ماڵ و سەروەتیان تاڵان بکەن". نەزیرە دەڵێت "ئەوانەی ئەو جۆرە هەڕەشانە بڵاودەکەنەوە زۆرتر سەر بە گرووپی عەسائیبی ئەهلی حەقن".

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکرەوە لە ساڵی 1970 کۆچی زۆرەملێی کوردە فەیلییەکان دەستیپێکردووە، دواتر لەگەڵ هاتنە سەرکاری سەدام حوسێن، پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی کوردی فەیلی گەیشتە ترۆپک. لە سەرەتای ساڵی 1980 وە شاڵاوی گرتن و زیندانیکردنی گەنجانی کوردی فەیلی پەرەی سەند، شانبەشانی ئەوەش ڕاگواستنی زۆرەملێی هەزاران خێزانی فەیلی بۆ ئێران دەستیپێکرد بەبیانووی ئەوەی کە ئەوانە لە ڕیشەدا بێگانەن و عێراقی نین. زیاتر لە 600 هەزار کوردی فەیلی بەزۆر کۆچیان پێکرا بۆ ئێران کە ڕێگەیان پێنەدەدان ناسنامەیەکیش لەگەڵ خۆیان ببەن. ڕۆژی 2010/11/29 دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، بڕیاری دا ئەوەی دەرهەق بەکوردی فەیلی کراوە پاکتاوی ڕەگەزی بووە.

سەعدون فەیلی، بەرپرسی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی لە بەغدا دەڵێ: "هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە کوردی فەیلی، لەسەر ئاستی جەماوەرییە، بە تایبەت لە سەردەمی نووری مالیکی ئەو هەڕەشانە هەبوون، کاتێک لە هەرێمی کوردستان هەڵوێستێک پێشان دەدرا، لە بەغدا بە توندی وەڵام دەدرایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شەقامی عەرەبی لەبەغدا نەک تەنیا دژی کورد، دژی عەرەبی سوننەش بێت، ئەمەی ئێستاش هەیە لێکەوتەی ئەو کێشانەن کە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە".

بەپێی قسەی جەواد کازم مەلەکشا، ژمارەی کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق لە نێوان 200 بۆ 250 هەزار کەسدایە و دەڵێ، ئەگەر سبەینێ شەڕی داعش تەواو بوو، ئەو هەموو میلیشیایە لە مووسڵ گەڕانەوە، بێگومان دەبنە هەڕەشە لەسەر ئێمە.

مەلەکشا گوتی "کۆنگرەی گشتی کوردی فەیلی کە گرووپێکی نزیک لە مالیکین، لەم ڕۆژانە سەردانی نووری مالیکییان کردووە و لەسەر هەڕەشەکانی سەعد موتەڵیبی گلەییان کردووە. مالیکیش پێیگوتوون ئێوە عێراقین و پارێزراو دەبن، بەڵام کەس دڵ بەو قسانە خۆش ناکات".



قوباد تاڵەبانی:

## هەوڵدەدەین لە مانگی نۆوە پاشەکەوتی مووچە نەهێڵین

**رووداو - هەڵەبجە**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، کار لەسەر ئەوە دەکەن سیستەمێکی نوێی مووچە دابرێژن، بەجۆرێک پاشەکەوتی مووچە نەهێڵن. دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە، قوباد تاڵەبانی کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانی ئەنجامدا و رایگەیاند "بڕیاری پاشەکەوتی مووچە ناچاری بووە، بۆیە دەمانەوێت لەسەر سیستەمی نوێ مووچەی فەرمانبەران بدەین، مانگی ئەیلول (9) لەسەر بنەمای بایۆمەتری مووچەی فەرمانبەران دابەشدەکەین". قوباد تاڵەبانی گوتیشی "دارشتنەوەی مووچە پەیوەستە بە سیستەمی بایۆمەتری کە ئێستا لە قۆناخی وردبینییە، دواتر لەسەر ئەو بنەمایە بتوانین لە مانگی 9ی ئەمساڵدا لەسەر بنەمای سیستەمی بایۆمەتری مووچەی فەرمانبەران دابەشبکەین".

### پێشبینی دەکرێت بگاتە 300 هەزار تۆن

# بەرهەمی پەتاتە سێ هێندەی پێداویستیی ناوخۆیە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان بۆ سێ هێندەی پێداویستیی ناوخۆ بەرزبووەتەوە. بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی پەتاتەش دەڵێت بەهۆی زۆریی بەرهەم، جووتیاران گرفتی ساغنەبوونەوەی بەرهەمیان هەیە و پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

پەتاتە بە یەکێ لە ناسراوترین و بەرفراوانترین بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵییەکان لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت. بەهۆی ئەو بەها خۆراکییە بەرزەی هەیەتی، لەڕووی چاندن و گرنگیپێدانەوە ریزبەندی چوارەمی وەرگرتووە و لەدوای گەنم و برنج و گەنمەشامی دێت.

لە 10 ساڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەت بە چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە دراوە، بە جۆرێک لە 12 هەزار تۆنەوە زیادی کردووە بۆ 243 هەزار تۆن. پێشبینیش دەکرێ، ئەمساڵ بگاتە 300 هەزار تۆن. ئەو بڕەش سێ هێندەی پێویستیی ناوخۆیە کە ساڵانە 80 تاوەکوو 100 هەزار تۆنە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، 675 جووتیار ساڵانە دەیان هەزار دۆنم زەوی بەپەتاتە دەچێنن. شەش کۆمپانیای تایبەت بە دابینکردنی پێداویستییەکانی پەتاتە چاندن دامەزراون کە کۆمپانیای کوردستان هۆڵەند یەکێکە لەوانە و بریکاری سەرەکیی کۆمپانیای (HZPC)ی هۆڵەندییە. ئەو کۆمپانیایە بۆ وەرزی بەهارەی ئەمساڵ 11 هەزار تۆن بنەتۆی پەتاتەی لە شەش جۆر هێناوە، 7 هەزار تۆنی بۆ جووتیارانی کوردستان بووە، ئەوەی دیکەی بۆ جووتیارانی عێراق بووە.

سەعدی ئەسعەد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای کوردستان هۆڵاند دەڵێت "لە وەرزی چاندنی بەهارەی ئەمساڵ جووتیارانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 17 هەزار تۆن پەتاتەیان چاندووە، بەرهەمی هەر تۆنێکیش بەگوێرەی خزمەت لەنێوان 15 تاوەکو 20 تۆندایە، بۆیە پێشبینی دەکەین بەرهەمی ئەم وەرزە بگاتە نزیکەی 300 هەزار تۆن".

بە گوتەی سەعدی، جووتیارانی هەرێمی کوردستان شارەزاییەکی باشیان لەچاندنی پەتاتە پەیداکردووە، بەهۆی هێنانی بنەتۆی باش، بۆ نموونە ئەو بنەتۆیەی پێشتر هەر تۆنێکی 10 تۆنی بەرهەمی دەدا، ئێستا بەرهەمی گەیشتووەتە نزیکەی 20 تۆن بۆ یەک تۆن بنەتۆ.

بۆ گەشەپێدانی بەرهەم و زیادکردنی برەکەی، ساڵانە کۆمپانیاکان لە هۆڵەندا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی بنەتۆی پەتاتە دەهێنن و بەجووتیارانی عێراق و هەرێمی کوردستانی دەفرۆشنەوە.

سەعدی ئەسعەد دەڵێت "بۆ وەرزی چاندنی بەهارەی ئەمساڵ کۆمپانیاکان نزیکەی 18 هەزار تۆن بنەتۆی پەتاتەیان هاوردە کرد، لەو ژمارەیەش نزیکەی 9000 تۆنی بۆ هەرێمی کوردستان بووە و 2000ی بۆ سووریا رۆیشت، ئەوەی دیکەی بۆ شارەکانی عێراق بوو".

توێژینەوەکان دەریانخستووە کەشوهەوا و خاک و ئاوی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی پەتاتە، دەتوانرێت لە وەرزی بەهار و پاییزدا بچێنرێت، بەڵام بەرهەمی پاییز زۆر باش نییە، بۆیە جووتیاران زۆرتر لە وەرزی بەهاردا پەتاتە دەچێنن، لە ناوەڕاستی مانگی ئایاریش بەرهەمەکەی هەڵدەگرنەوە.

سەعدی ئەسعەد دەڵێت: "لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمدا، بەهۆی گەرماوە کەمترین پەتاتە لە هەرێمی کوردستان بەکاردەبرێت، بەهۆی ساغنەبوونەوەی لە بازاڕ و نەبوونی کۆگاش بۆ هەڵگرتنی، نزیکەی 80%ی پەتاتەی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات".

سەعدی دەڵێت چاندنی پەتاتە قازانجی ئابووریی زۆرە. چاندنی تۆنێک پەتاتە نزیکەی دوو ملیۆن و 500 هەزار دیناری تێدەچێ، ئەگەر هەر تۆنێک 15 تۆن بەرهەمی هەبێت و تۆنێکیش بە 250 هەزار دینار بفرۆشرێ، جووتیار لە هەر تۆنێک یەک ملیۆن و 250 هەزار دینار قازانج دەکات.

حاجی عەبدولقادر ئەنوەر، جووتیارێکی پێشکەوتووی چاندنی پەتاتەیە، ئەمساڵ 310 تۆن پەتاتەی لەسەر 450 دۆنم زەوی لە سنووری قەزای بەردەڕەش چاندووە. پێشبینی دەکات 5000 تۆن بەرهەمی هەبێ. ئەو دەڵێت: "بەشێک لە پەتاتەکەمان هەڵگرتووەتەوە، هەر تۆنێکی 16 تاوەکو 17 تۆن بەرهەمی داوە، بۆیە ئەمساڵ پێشبینی بەرهەمێکی باش دەکەین".

حاجی عەبدولقادر دەڵێت لە چەند ساڵی رابردوودا شارەزاییەکی باشیان لە چاندنی پەتاتە پەیدا کردووە، بەڵام گرفتی ساخکردنەوەی بەرهەم هەیە، چونکە ئێستا تۆنێک پەتاتە لە بازاڕ بە 250 تاوەکو 300 هەزار دینارە، ئەم نرخەش بۆ ئەو جووتیارانەی بە رووبەری زۆر دەیچێنن باشە و قازانج دەکەن، بەڵام بۆ ئەو جووتیارانەی کە بە رووبەری بچووک دەیچێنن کەمە و قازانج ناکەن، تەنانەت هەندێکیان ناتوانن پارەی بنەتۆیەکەش بهێننەوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، پارێزگای دهۆک لە چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەپلەی یەکەمدایە، ساڵی رابردوو 183 هەزار تۆن بەرهەمی هەبووە، پارێزگای هەولێریش بە 52 هەزار و 257 تۆن لەپلەی دووەمدایە، پارێزگای سلێمانیش لە پلەی سێیەم دێت کە ساڵی رابردوو 6453 تۆن پەتاتەی هەبووە.

رەجەب حەسەن، بەڕێوەبەری باخداری لە دهۆک، دەڵێت "چاندنی پەتاتە لە پارێزگای دهۆک رێچکەی خۆی وەرگرتووە. بە سەتان جووتیار بەتایبەت لە قەزاکانی شێخان، بەردەڕەش، سێمێل و زاخۆ پەتاتە دەچێنن.

تەنیا لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ، جووتیارانی دهۆک 14 هەزار تۆن پەتاتەیان چاندووە. رەجەب حەسەن دەڵێت "پێشبینی دەکەین بەرهەمی ئەمساڵی دهۆک بگاتە 200 هەزار تۆن، بەڵام گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەم هەیە، چونکە پەتاتە لەئێران و تورکیاوە بەقاچاخ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ".

سەرەڕای زیادبوونی بەرهەمی پەتاتە بۆ سێ بەرامبەری جاران، بەڵام هێشتا هەرێمی کوردستان پەتاتە هاوردە دەکات.



لە 10 ساڵی رابردوودا بەرهەمی پەتاتەی کوردستان لە 12 هەزار تۆنەوە بۆ 300 هەزار زیاد بووە (فۆتۆ: رووداو)

### وەزارەت بەدوای بازاڕدا دەگەڕێت

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و پاوان و دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت "لە رێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەهەوڵداین لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیوەندی بە کونسوڵی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بکەین، تاوەکو کەناڵێک بۆ هەناردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لەکاتی پێگەیشتن زیادن لە پێداویستی ناوخۆ، بدۆزینەوە، چونکە بەروبوومی هەرێمی کوردستان لە بەرهەمی ئۆرگانیک نزیکە و لە دەرەوە خواستی لەسەرە".

### لە گومرگ پارە ناکات

# جووتیاران خەیارەکانیان دەفرۆشنە ئاژەڵداران

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

جووتیارانی کوردستان رووبەرێکی فراوان لە خانووە پلاستیکییەکانیان کردووەتە خەیار، بەو هۆیەشەوە نرخی خەیار دادەبەزێ و جووتیاران زەرەرێکی زۆر دەکەن. وەزارەتی کشتوکاڵیش دەیەوێ لەڕێی هەناردەکردنی خەیار بۆ ئیمارات، ئەو زەرەرەی جووتیاران کەم بکاتەوە.

خەیار بەروبوومێکی هاوینەیە و دەتوانرێت بەشێوەی کراوە و داخراو بچێنرێ، بەڵام بەرهەمی داخراو 8 تاوەکو 10 بەرامبەری بەرهەمی کراوەیە، بۆیە ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان لەژێر خانووە پلاستیکییەکاندا دەچێنرێت، ئەمەش وای کردووە لەکاتی پێگەیشتندا، خستنەڕووی بەرهەم زیاد بێت و نرخەکەی دابەزێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، نزیکەی 13 هەزار خانووی پلاستیکی هەن، ئەمساڵ 85%یان خەیاریان تێدا چێنراوە.

مەلا کامیل داود، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "لەخانووی پلاستیکیدا دەتوانرێت تەماتە، خەیار، برۆکلی، جەرجیر، کەرەوز، تەرەتیزە، سپێناخ، سلق، شلک، باینجان، کولەکە و چەندین بەرهەمی دیکە بچێنرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەیار زوو پێدەگات و بەرهەمێکی باش دەدات، زۆربەی جووتیاران خەیار دەچێنن".

مەلا کامیل دەڵێت بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کردوویانە، ئەمساڵ نزیکەی 11 هەزار خانووی پلاستیکی خەیاریان تێدا چێنراوە، بۆیە خستنەڕووی خەیار لە گومرگەکان زۆر بووە و بەوهۆیەوە نرخی تۆنێک خەیار بە رێژەی 75% دابەزیوە.

بەگوتەی مەلا کامیل، نرخی تۆنێک خەیار نزیکەی 300 تاوەکو 350 هەزار دینار لەسەر جووتیار دەکەوێت، بەڵام ئێستا نرخی تۆنێکی لە گومرگەکان لەنێوان 50 بۆ 125هەزار دیناردایە، بۆیە دەڵێت "لەهەر تۆنێک خەیار، جووتیار نزیکەی 200 هەزار دینار زەرەر دەکات".

خەیار لەژێر خانووی پلاستیکیدا بە ماوەی 45 رۆژ پێدەگات، بەگوێرەی خزمەت و شارەزایی، لە هەر خانووێکدا جووتیار دەتوانێ 8 تاوەکوو 12 تۆن خەیار بەرهەم بهێنێ، بۆیە ئەگەر پارە بکات، خەیار زۆرترین قازانجی بۆ جووتیار دەبێ.

سیامەند جەلیل، خاوەنی نووسینگەی کوردستان بۆ کڕین و فرۆشتنی سەوزە و میوە لە گومرگی هەولێر، دەڵێت: "نرخی خەیار بەگوێرەی کواڵیتییەکەی دەکرێت بەچوار بەش، نرخی تۆنێک خەیاری نمرە یەک و ناسکی ژێر خانووی پلاستیکی 125هەزار دینارە، نمرە دوو نرخی 75 هەزار دینارە. نمرە سێ 50 هەزار دینارە، بەڵام نرخی تۆنێکی خەیاری دەرەوەی خانووی پلاستیکی کە زیاتر خاوەن کارگەکانی تورشیات دەیکڕن، 300 هەزار دینارە".

بە گوتەی سیامەند، ساڵانی رابردووش نرخی خەیار دابەزیوە، بەڵام قەت وەکوو ئەمساڵ درێژەی نەکێشاوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەمساڵ خەیارێکی زۆر لە نێو خانووە پلاستیکییەکان چێنراوە، جگە لەوەش ئەمساڵ وەرزی پێگەیشتنی خەیار کەوتە نێو مانگی رەمەزان، لە رەمەزانیشدا بەهۆی داخستنی زۆربەی چێشتخانەکان و کەمبوونەوەی ژەمێکی رۆژانە وەک پێویست خواست لەسەر خەیار نییە.

سیامەند جەلیل گوتی "بەشێک لە جووتیاران بەهۆی هەرزانیی نرخ، خەیارەکانیان ناهێنن بۆ گومرگ و هەر لەشوێنی خۆیان بە نرخێکی زۆر هەرزان بە ئاژەڵدارانی دەفرۆشن، چونکە هەندێکجار کرێی گواستنەوەیان بۆ ناکات".

شێرزاد عوسمان، جووتیارێکی پێشکەوتووی پارێزگای هەولێرە، ئەمساڵ 50 خانووی پلاستیکی بەخەیار چاندووە و رۆژانە نزیکەی 5 تۆن بەرهەمی هەیە، دەڵێت "خەیار هێندە هەرزان بووە، نرخەکەی بەشی کرێی گواستنەوە و رنین ناکات، بەڵام بۆ ئەوەی نەمامی خەیارەکانمان نەمرێت ناچارین سێ رۆژ جارێک خەیارەکە بڕنین".

شێرزاد عوسمان، نموونە بە خەرجیی کێڵگەکەی خۆی دێنێتەوەو دەڵێت "بێجگە لەو خەرجییەی پێشتر لەتۆو و چاندن و بەرهەمهێنانی خەیارەکەمان کردووە، ئێستا خەرجی رۆژانەم بۆ پەیین و رنین و گواستنەوە و خزمەت 600 هەزار دینارە، بۆیە ئەگەر رۆژانە شەش تۆن بەرهەمیشم هەبێ بەو نرخەی ئێستا، هێشتا خەرجی رۆژانەم دەستناکەوێتەوە".

لەکۆی ئەو 13 هەزار خانووە پلاستیکییەی لەکوردستان هەن، 8000یان لە سنووری پارێزگای سلێمانین، بەشی زۆریشیان بە خەیار چێنراون، بۆیە دابەزینی نرخ زۆرترین زیانی بەجووتیارانی ئەو پارێزگایە گەیاندووە.

مەلا کامیل داود دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، جووتیارێکی زۆر لە پارێزگای سلێمانی گەڕاونەتەوە بۆ کشتوکاڵ، ژمارەیەک لەو خەڵکە خانووەکانیان بەکرێ گرتووە، بۆ خێرا دەستکەوتنەوەی خەرجییەکانیش زیاتر خانووەکانیان بەخەیار چاندووە، بۆیە ئەگەر ئەم دابەزینەی نرخ بەردەوام بێت، جووتیاران زەرەرێکی زۆر دەکەن".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە پێنج ساڵی رابردوودا بەرهەمی خەیار لەهەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ لەکەمبوونەوەدایە، بەجۆرێک لە 64 هەزار تۆنەوە بۆ 56 هەزار تۆن دابەزیووە، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێن لەبەرئەوەی بەشێک لەجووتیاران لەکێڵگەکانیانەوە خەیار دەفرۆشنە بازرگانانی شارەکانی عێراق و بەرهەمەکە ناهێندرێتە گومرگەکان تا ئامار بکرێت، بۆیە بەرهەمی خەیار لەو بڕە زیاترە کە لەئامارەکان تۆمارکراون.

بۆ پارێزگاری و ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ وەک هەنگاوی یەکەم بڕی 250 دینار رەسمی گومرگی خستووەتە سەر بەرهەمی هاوردە. نووسراویشی بۆ وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە رێگە لە بەقاچاخ هاوردەکردنی خەیاری ئێرانی بەتایبەت لە خاڵی سنووری مونزرییە بگرن.



لە کۆی 13 هەزار خانووی پلاستیکی 11 هەزاریان خەیاریان تێدا چێنراوە (فۆتۆ: رووداو)

### جووتیارێک:
### لە هەر تۆنێک خەیار 200 هەزار دینار زەرەر دەکەین

### خەیاری کوردستان بۆ دوبەی

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی باخداری و دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی گوت "بۆ بە بازاڕکردنی بەرهەمی خەیار و بەرهەمەکانی دیکەش کە لە پێداویستی ناوخۆ زیاترن لە هەوڵی دۆزینەوەی بازاڕداین. بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوێکمان ئاراستەی قونسولخانەی ئیمارات کردووە تاوەکو خەیاری کوردستان، هەناردەی دوبەی بکەین. پێشنیازیشمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە رێگەمان بدات لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم هاوردەی خەیاری سوێر بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغەبکەین. تاوەکو ئەم پیشەسازییە لەهەرێمی کوردستان گەشە بکات و پێویستمان بە هاوردە نەبێت".

کێڵگەکان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

# ڕۆزنەفت و کوردستان لەسەر نەوتی کەرکووک دانوستاندن دەکەن

"بەرپرسانی کوردستان بەشداریی رووسیا لە کەرتی نەوتدا وەکوو وەرەقەیەک بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی تورکیا نەتوانێ شارەگی ئابووریی کوردستان ببەستێ"

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای (ڕۆزنەفت)ی رووسی سەرقاڵی دانوستاندنن سەبارەت بە پەرەپێدانی ئەو کێڵگە نەوتییانەی دەکەونە ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. ئەوەش دوای مانگێک لە ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا رووسییەکە دێت کە هەرسێ بواری گەڕان، پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت دەگرێتەوە.

سێ کەس کە ئاگاداری دانوستاندنەکانی نێوان ڕۆزنەفت و کوردستانن بە ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانییان راگەیاندووە، ڕۆزنەفت بە نیازە لەو بلۆکە نەوتییانە دەست بە گەڕان و بەرهەمهێنان بکات کە دەکەونە ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەڵام ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دانوستاندنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا رووسییەکە لەبارەی گەڕان و بەرهەمهێنان هێشتا لە قۆناغی بەراییدایە و هیچ بڕیارێکی کۆنکرێتی لەسەر کێڵگەکان نەدراوە، بەڵام ئەو گفتوگۆیانەی ئێستا لە درێژەی ئەو ڕێککەوتنەدان کە سەرەتای مانگی پێشوو لە نێوان هەولێر و کۆمپانیا حکومییەکەی رووسیادا کرا. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، ڕۆزنەفت لە پێنج کێڵگەی نەوتی هەرێمی کوردستاندا کار دەکات، بەڵام ئەوکات ناو و شوێنی کێڵگەکان ئاشکرا نەکران.

ڕاپۆرتەکەی (فاینەنشڵ تایمز) دەشڵێت کۆمپانیا رووسییەکە ئامادەیە لەو ناوچانەش کار بکات کە هێشتا خاوەندارێتییان لە نێوان هەولێر و بەغدا یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام بەرپرسانی ڕۆزنەفت ئامادە نەبوون ناو و شوێنی ئەو کێڵگانە ئاشکرا بکەن کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گفتوگۆیان لەسەر دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، کۆمپانیای ڕۆزنەفت ئامادەیە هەم لەگەڵ حکومەتی هەرێم و هەمیش حکومەتی عێراقدا کاربکەن، هیواشیان خواستووە بەغدا ئۆفەری باشتریان بداتێ بۆ گەڕان و دەرهێنانی نەوت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە بەشێک لە لێدوانەکەی ڕۆزنەفتدا هاتووە "ئۆفەرەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیسەلمێنێت کە ئەوە (بۆ ڕۆزنەفت) گونجاوترە... ئەگەر حکومەتی عێراق پرۆژەی وەهامان پێشکەش بکات و پرۆژەکان مەرجی ئەوەیان تێدابێت کە لەڕووی بازرگانییەوە بۆ کۆمپانیاکەمان جێی قەبووڵ بن و بۆ بازاڕیش گونجاو بن، ئەوە حەزدەکەین پرۆژەکانمان پێ بدەن بۆ ئەوەی بیری لێبکەینەوە".

عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکە حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن دەکات. بە بۆچوونی جیهاد "حکومەتی فیدراڵی هێشتا کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی یەکلا نەکردووەتەوە".

ئەو ناوچانە ماوەی سێ ساڵە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە، ئەوەش دوای ئەوە هات کە هێزەکانی سوپای عێراق لە کاتی هێرشەکانی داعش لە 2014 لەو ناوچانە کشانەوە و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە و ڕێگری لە پێشڕەویی داعش بەرەو ئەو ناوچەیە جووڵەیان پێکرا. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەوە نەوتی ئەو ناوچانە هەناردە دەکات کە بەشێکیان بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراقە.

بڕیار وایە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەبچێت. بەپێی پلانی گشتپرسییەکە دانیشتووانی ئەو ناوچانەیش بەشداری لە گشتپرسییەکەدا دەکەن. شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر ئەو ناوچانە لە دوای تێکشاندنی داعش



ڕۆزنەفت چاوی بڕیوەتە کێڵگەی بای حەسەن و عەین زالە و کێڵگەیەکی نزیک شنگال

توندتر دەبێت.

ئالان موهتەدی، راوێژکار لە کۆمپانیای (T&S Consulting) کە راوێژ پێشکەش بە کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، پێیوایە "هێنانی رووسیا وەکوو هەوڵێک دەبینرێ بۆ جێگیرکردنی کۆنترۆڵی کوردستان بەسەر ئەم ناوچەیەدا، ئەمەش مەترسیی ئەوەی بەدواوەیە کە ململانێ لەگەڵ بەغدا قورستر بکات".

نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بۆڕییەوە بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا دەگوازرێتەوە. تورکیا کەیفی بە بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی نایەت. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (فاینەنشڵ تایمز)، بەرپرسانی کوردستان دەیانەوێت بەشداریی رووسیا لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان وەکوو وەرەقەیەک بەکاربهێنن بۆ ئەوەی تورکیا نەتوانێ شارەگی ئابووریی کوردستان ببەستێ.

مانگی رابردوو نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕەتینەکردەوە کە کێڵگەکان لەو ناوچانە دەبن بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر ناسراون و گوتی "ئێمە چیدی شتێکمان بە ناوی ناوچەی ناکۆکی لەسەر نییە. ئەو ناوچانە هەرێمی کوردستانن و بە خوێن و شەهید و خەباتی پێشمەرگە ڕزگارکراون. بڕوام وایە بەغداش لەمە تێدەگات. ئەمە (واتە دەستەواژەی ناوچەی ناکۆکی لەسەر) لە قاموسی ئێمەدا نەماوە".

لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەک کۆمپانیای نێودەوڵەتیی نەوتی گەورە ڕوویان لە کوردستان کردووە، بەڵام هیچکام لەو کۆمپانیایانە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کاریان نەکردووە. دوو کەس لەوانەی ئاگاداری دانوستاندنەکانی هەولێر و ڕۆزنەفتن، دەڵێن ڕۆزنەفت چاوی لە کێڵگەی (بای حەسەن)ە کە بەشێکە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک. هەتا ساڵی 2014 ئەو کێڵگەیە لەلایەن بەغداوە ئیدارە دەکرا، بەڵام نەوتی کەرکووک لە چەند ساڵی رابردوودا بە هاوبەشی لەلایەن بەغدا و هەولێرەوە ئیدارە کراوە.

ڕاپۆرتەکەی (فاینەنشڵ تایمز) لە زاری کەسانی ئاگادار لە دانوستاندنەکان ئەوەش دەخاتەڕوو کە کۆمپانیا رووسییەکە چاوی لەسەر کێڵگەیەکی دیکەیە لە ناوچەی شنگال و دەکەوێتە نزیک سنووری سووریا. کێڵگەیەکی دیکەش کە رووسەکان داوای دەکەن لە (عەین زالە) لە ڕۆژئاوای بەنداوی مووسڵە. ئەو کێڵگەیەش هەتا 2014 لەلایەن بەغداوە ئیدارە دەکرا. ڕاپۆرتی ڕۆژنامە بەریتانییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە وجودی هێزەکانی یەپەگە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکرێ کێشە بۆ کۆمپانیا رووسییەکە دروستبکات.

مانگی پێشوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ڕۆزنەفتی رووسیا ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد، بە گوێرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆزنەفت لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەکات. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاش گەڕانەوەی لە سان پیتەرسبۆرگ، ڕێککەوتننامەکەی بە لێکتێگەیشتنێکی بەرایی وەسفکرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو ڕێککەوتنە نزیک 200 لاپەڕەییە جارێ تەنیا "لێکتێگەیشتنێکی بەراییە" و پێویستی بە سێ بۆ چوار مانگە بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ژێرخانی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان توانای هەیە ڕۆژانە 700 هەزار بەرمیل ڕەوانەی تورکیا بکات. بەپێی ڕێککەوتنەکەی کوردستان و ڕۆزنەفت، بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ یەک ملیۆن بەرمیل بەرز دەکرێتەوە. بەڵام بارزانی جەختی لەوە کردەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئاستی هەناردە بۆ یەک ملیۆن بەرزبکەنەوە، دەبێ وەبەرهێنانی دیکە بکەن.

# نەوتی کوردستان بەرەو کەنارەکانی کەنەدا و ئەمریکا دەچێت


(فۆتۆ: ڕووداو)

**ئاشتی هەورامی:**

## نەوتی کوردستان بۆ ئەمریکا ناچێت و کێشەمان ناوێت لەگەڵ بەغدا

**ڕووداو- هەولێر**

ناوەڕاستی مانگی پێشوو کەشتییەکی نەوتهەڵگر کە نەوتی هەرێمی کوردستانی بارکردبوو، لە ڕێی دیاریکراوی خۆی لایداوە و هەفتەیەک دواتر دەرکەوتووە کەشتییەکە ڕێی زەریای ئەتڵەنتیکی گرتووەتەبەر. هەفتەی پێشووش کەشتییەکە لە کەنارئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا و کەنەدا بینراوە.

ڕاپۆرتێکی ناوەندی ئێس پی گلۆباڵ پلاتس (S&P Global Platts) کە کۆمپانیایەکی تایبەت بە زانیارییەکانی بواری وزەیە، دەڵێت کەشتیی نەوتهەڵگری نێڤرلەند ڕۆژی 13ی حوزەیران و بە 700 هەزار بەرمیل نەوتەوە بەندەری جەیهانی لە تورکیای جێهێشتووە، کەشتییەکە بڕیار بووە بەرەو ئاگوستا لە ئیتاڵیا بچێت، بەڵام ڕۆژی 21ی مانگ لە گەرووی جەبەل تارق لە ڕۆژئاوای دەریای نێوەڕاست بینراوە کە بەرەو زەریای ئەتڵەنتیک دەچێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی، بارهەڵگرەکە لە پاش گۆڕینی ئاراستەکەی، بۆ ماوەی یەک هەفتە سیستەمی دەستنیشانکردنی کەشتییەکان (AIS) نەیانتوانیبوو شوێنی کەشتییەکە دەستنیشان بکات، بەڵام دواجار ڕۆژی هەینی رابردوو سیستەمی (AIS) توانی شوێنی کەشتییەکە دیاری بکات، کاتێک کەشتییەکە

بە 300 میل دوور لە کەنارئاوەکانی هالیفاکس لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا و 600 میل لە کەناراوەکانی شاری بۆستن لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا بوو.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان ناچێتە ئەمریکا. هەورامی لەوبارەیەوە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوت: "من لەگەڵ کڕیارەکانی نەوتی خاوی خۆمان قسەم کردووە و دڵنیاکراومەتەوە کە هیچ بارە نەوتێک ناچێتە ئەمریکا".

وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە کە هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە دوایین کڕیارەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان کێ دەبن.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرکەوتنی کەشتیی نێڤرلەند لە زەریای ئەتڵەسی، حکومەتی عێراق هۆشداری دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەگەر نەوتی کوردستان بگاتە خاکی ئەمریکا، ئەوە بەغدا ڕێوشوێنی یاسایی دەگرێتەبەر. بەرپرسێکی وەزارەتی نەوتی عێراق بە گلۆباڵ پلاتسی ڕاگەیاندووە، وەزارەتەکەیان داوای یاسایی لەسەر بارکردن یان هەر حاڵەتێکی لەتانکەرکردن لە دژی کۆمپانیاکە تۆمار دەکات، ئەمەش گرژیی پەیوەندییەکان زیاتر دەکات، لە کاتێکدا ماوەیەک بوو پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر گەرموگوڕ ببوونەوە.

لەلایەکی دیکەوە، مایکڵ هاوار، ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ (بلومبێرگ)ی ئەمریکی بێئاگایی خۆی لە گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ ئەمریکا دەربڕی.

ژمارەیەک کۆمپانیای بازرگانی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگوازنەوە، لەوانەش ڤیتۆل، ترافیگورا، گلێنکۆر و پێتراکۆ. ئەو کۆمپانیا بازرگانییانە نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهان لە تورکیا هەڵدەگرن. بەگوێرەی ناوەندی میدیایی (ڕاپۆرتی نەوتی عێراق)، حکومەتی عێراق سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی لە کەنەدا ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، کەشتی نێڤەرلەند سەر بە کۆمپانیای ڤیتۆڵ بووە کە گەورەترین کۆمپانیای بازرگانیی نەوتە لە جیهاندا.

ریچارد مالیسن، شرۆڤەکاری بازاڕەکانی نەوت لە ناوەندی راوێژکاری و داتای وزەی ئێنێرجی ئەسپێکت بە بلومبێرگی ڕاگەیاندووە، ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان "زیاتر لەوە دەچێت کەیسی تاقیکردنەوە بێت (بۆ زانینی هەڵوێستی حکومەتی عێراق)". مالیسن جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕەکاندا جێی خۆی کردووەتەوە و پێشناچێت حکوومەتی عێراق بیەوێت هەوڵی دروستکردنی بەربەست و کێشە بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان بدات".

ئەوە یەکەمجار نییە نەوتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێگەیە دەبڕێت. لە نیوەڕاستی ساڵی 2014 دا کەشتیی نەوتهەڵگری (یونایتد کالاڤریتا) بە نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستانەوە ڕووی لە زەریای ئەتڵەسی کرد. ئەوکاتیش حکومەتی عێراق لە دادگای فیدراڵیی هۆستن سکاڵای لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کرد. دادوەری دادگاکە بڕیاری دا کە ئەگەر ئەو نەوتە هاتە نێو ئاوەکانی ئەمریکاوە، ئەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت.

کەشتیی (یونایتد کالاڤریتا) بەناچاری بە دووری 60 میل لە کەنارەکانی تێکساس وەستا و لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی دواتر کەشتییەکە بەرەو کەناراوەکانی ئیسرائیل گەڕایەوە و لەوێ نەوتەکەی بەتاڵ کرد.

ئاشتی هەورامی جەختی لەوە کردەوە کە "ئێمە نیازی ئەوەمان نییە بەغدا دڵگران بکەین. سیاسەتی ئێمە گفتوگۆ و چارەسەری کێشەکانە، نەک ئەوەی بەربەستی نوێ دروستبکەین". هەورامی ئەوەشی خستەڕوو کە ئێستا هەولێر و بەغدا لەسەر مەسەلەکانی بەرهەمهێنان، پاڵاوتن و هەناردەکردنی نەوت لە دانوستاندندان.

فرۆشتنی نەوت لە ساڵانی رابردوودا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بووە. ئەم کێشەیە لە ساڵی 2014ەوە قووڵتر بووەتەوە، دوای ئەوەی نووری مالیکی، سەرۆکوزیرانی پێشووی عێراق، بڕیاری بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دەرکرد. مالیکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بە سەربەخۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەغدای بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بەشی ڕاستەقینە و تەواوی هەرێمی و کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق ڕەوانەی کوردستان ناکات.

هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوتی خاو ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان دەکات. بەشی هەرە زۆری ئەوەش لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتەوە بۆ بەندەری جەیهان دەگوازرێتەوە، چاوەڕێ دەکرێ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی کۆمپانیای ڕۆزنەفت بەرز بکرێتەوە و بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.



## جزیری بۆمبێک دەتەقێنێتەوە

هیوا سەلاح
رووداو- هەولێر

دلبەر جزیری، کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، ئامادەکاری بۆ نوێترین گۆرانی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت جلی کوردی باکوورو باشوور کوردستان میکس بکات. رەوەند جەواد، بەرپۆوەبەری کارە هونەرییەکانی دلبەربە (رووداو)ی راگەیاند " دلبەر جەزیری ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ گۆرانییەک، کە بەشێکی لە هەولێر و بەشێکی دیکەشی لە ئەڵمانیا تۆماردەکات، زۆر جیاوازە لەکارەکانی پێشوو، بۆیە وەک بۆمبێک دەتەقێتەوە". دلبەر جەزیری ماوەیەکە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان خۆی بەشێوازی جیاجیاو بە جلی کوردی و بیانی نمایش دەکات، رەوەند دەربارەی مۆدێلینگی دلبەر دەڵێت" دلبەر لەگەڵ گۆرانی گوتن، کاری مۆدێلینگ و دیزاینیش دەکات، بۆیە ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ میکس کردنی جلی کوردی باکوورو باشووری کوردستان".

## عەزیز وەیسی بۆ (رووداو):

# لە مانگێکدا دەتوانم 30 کۆنسێرت بکەم



سێ ئەلبوومی گۆرانیم ئامادەن

خۆشحاڵم بە ئەزموونی دەرکەوتنم لە فیلمی سینەمایی

**بە یەکێک لە چالاکترین گۆرانیبێژەکانی کورد دادەنرێت، هەمیشە لە جەژن و بۆنەکاندا لە رۆژێکدا چەند ئاهەنگێک دەکات. ماوەیەکی زۆر بوو بێدەنگ بوو، چالاکییەکانی وەستاندبوو، خۆی دەڵێت بەهۆی بارودۆخی خراپی کوردستانەوە بووە: "ناکرێت لە ماڵێکدا شەهیدی دەستی داعش هەبێت، ئێمەش گۆرانی بڵێین و هەڵپەڕین، چونکە گۆرانی لە خۆشیدا دەگوترێ". عەزیز وەیسی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێت سێ ئەلبوومی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەن.**

دەرباز یونس
رووداو- هەولێر

**رووداو: ماوەیەک بوو بێدەنگ بووی، هۆکاری چی بوو؟ ئێستا بەچییەوە گەڕایتەوە؟**

**عەزیز وەیسی:** ماوەیەک بوو چالاکییەکانم لە کوردستان راگرتبوو، ئاخر ناکرێت لە ماڵێکدا چەندین شەهیدی دەستی داعش هەبێت و منیش گۆرانی بڵێم و هەڵپەڕم، ئەگەرنا هەمیشە بەرهەمم ئامادەن، گۆرانی لە خۆشی و کەیفسازیدا دەگوترێ، ئەگەرنا ئێستا چەند بەرهەمێکم ئامادەن.

**رووداو: کەواتە چاوەڕێی ئەلبوومی نوێی عەزیز وەیسی بین؟**

**عەزیز وەیسی:** من هەمیشە گۆرانی دەنووسم و ئامادەیان دەکەم، ئێستا زیاتر لە 30 گۆرانیم ئامادەن کە دەکاتە سێ ئەلبوومی گۆرانی، ئامادەم ئەم ئەلبوومانە بەخۆڕایی بدەم بە هەر کۆمپانیایەک کە بڵاویبکاتەوە لە پێناوی ئەوەی گۆرانییەکان بچنە خزمەتی خەڵک.

### ناکرێ کوردستان شەهیدی هەبێت و ئێمەش هەڵپەڕین

**رووداو: ئەی لەبارەی ئەنجامدانی کۆنسێرتی گۆرانی؟**

**عەزیز وەیسی:** بۆ کۆنسێرتیش دەتوانم لە مانگێکدا 30 کۆنسێرت بکەم، بەڵام وەک گوتم بارودۆخەکە گونجاو نییە ئێستا، لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆنسێرت و ئاهەنگەکانم دەستپێدەکەمەوە. لە ماوەی رابردوودا چەندین کۆنسێرتم لە ئەوروپاش هەبوو، بەڵام ڤیزایان نەدامێ و ڤیزاکەم درەنگ بۆ هاتەوە، بۆیە ئاهەنگەکانم هەڵوەشاندەوە.

**رووداو: هەمیشە خەڵکی سلێمانی کاردانەوەی نەرێنییان زیاترە بەرامبەر تۆ، دەڵێن تۆ قسەت پێگوتوون؟**

**عەزیز وەیسی:** نەخێر، خەڵکی سلێمانی خەڵکی خۆشەویست و هەواداری دانەبڕاوی بەرهەمەکانی منن، هەرگیز قسەم پێ نەگوتوون. لە رابردوودا چەند کەسێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگیان خستبووە سەر ڤیدیۆیەکی من، گوایە من قسە بە خەڵکی سلێمانی دەڵێم، بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەک راست نییە.

**رووداو: چەند ڤیدیۆیەک هەن وا دەردەخەن خەڵکی بیانی لە ئەورووپا و بیانییەکانی کوردستانیش تۆ دەناسن، قسەت لەسەر ئەوە چییە؟**

**عەزیز وەیسی:** ئەمە خۆشحاڵی و جێگەی

### هەرگیز قسەم بە خەڵکی سلێمانی نەگوتووە

شانازییە، گۆرانیی ریتمی ئاسان دەچێتە نێو خەڵک. زۆر جار پێویستی بە زمان و تێگەیشتنیش لە تێکستەکە نییە. بۆیە خەڵکانی بیانی ئاسانتر لەگەڵ گۆرانی و بەرهەمەکانی من تێدەپەڕن، زۆر جار ڤیدیۆ و پەیامم لە خەڵکانی ئەورووپییەوە بۆ دێت.

**رووداو: فیلمێکی سینەمایی بڵاوبووەوە کە تۆ رۆڵی تێدا دەبینی، ئەزموونی دەرکەوتنت لە فیلمدا چۆن بوو؟**

**عەزیز وەیسی:** زۆر خۆشە هونەرمەند لە بواری هونەریدا جگە لە میوزیک و گۆرانی شتی دیکەش تاقی بکاتەوە. من زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەم ئەزموونەم تاقیکردەوە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو.

**رووداو: هەمیشە دەڵێن عەزیز وەیسی کچانی زۆر جوان لە کلیپەکانیدا بەکاردەهێنێ، نهێنی ئەمە چییە؟**

**عەزیز وەیسی:** (بەپێکەنینەوە) ئەوە بەدەست من نییە، دەرهێنەران کچی جوان بۆ کلیپەکانم هەڵدەبژێرن لەلای من کلیپ زۆر گرنگە و بەشێکی سەرەکییە بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی بەنێو خەڵکدا. هەر بۆیە من زۆرینەی بەرهەمەکانم کلیپ دەکەم، با کچی جوانیشی تێدابێت قەیدی چییە؟

## مەیادە بسیلیس، خانمە گۆرانیبێژی سووری بۆ (رووداو):

# حەلەب رۆحی منە

نیو سەدە تەمەنیەتی، بەڵام تائێستاش ئامادەبووانی کۆنسێرتەکانی بە جۆش و خرۆشەوە داوای گۆرانییە کۆنەکانی لێدەکەن. مەیادە بسیلیس لە شاری حەلەب لەدایکبووە و لە دیمەشق گەورە بووە. هاوژینەکەشی سەمیر کوێفاتی، میوزیسیانێکی بە توانای سوورییە. مەیادە بۆ یەکەمجار لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لەرێی رادیۆی حەلەبەوە دەستی بە گۆرانیگوتن کرد. خاوەنی پێنج ئەلبوومی گۆرانی و چەندین گۆرانیی سینگڵە. ئەو میوانی بەرنامەی (رووێن شامی)ی تەلەڤزیۆنی رووداو بوو کە ریم مەعروف پێشکەشی دەکات.

هەڤپەیڤین: ریم مەعروف
رووداو- دیمەشق

**رووداو: یەکەم ئەلبوومی تۆ لە ساڵی 1986 بوو، بەناوی یا قاتلی بالهجر؟ ئەم دەستپێکە چۆن بوو.**

**مەیادە بسیلیس:** راستە ئەوە یەکەم بەرهەمم بوو. دواتر کاسێتەکانی دیکەی بەدوادا هاتن، تاوەکوو دواییین بەرهەم "انت قلبی" کە سیدیە، ئێمە بە کاسێت دەستمانپێکرد و ئێستا بووەتە سیدی. بێگومان دەستپێکێکی زەحمەت بوو، کەس پشتگیری نەدەکردین. سوپاس بۆ خوا دواتر توانیمان خۆمان بسەلمێنین.

**رووداو: تۆ ناوێکت بۆ خۆت دروستکرد، بەڵام ناوی تۆ زۆرتر لە نێوخۆی سووریادا مایەوە، ئەو رێچکەیە نەیهێشت لەنێو عەرەبەکاندا بناسرێی؟ بەهۆی کچانی مۆدێلەوە بوو، چونکە دەنگ بۆ ئەوان زۆر گرنگ نییە؟**

**مەیادە بسیلیس:** قسەکەت راستە، گۆرانیگوتن لەسەر شانۆ وادەکات ناوبانگی هونەرمەند سنووردار

### بەهۆی کچانی مۆدێلەوە لەنێو عەرەب نەناسرام

وەک ئەوە وایە کەسێک حەز لە کەسێک بکات و بشزانێت کە درۆی لەگەڵ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بێت، بەڵام من ماوەیەک چەند کۆنسێرتێکم لە سانفرانسیسکۆ سازکرد. گۆرانیم گوت و دەرکەوت کە خەڵک من دەناسێت و داوای گۆرانیی کۆنیان لێدەکردم، کە من بڕوام نەدەکرد ئەو گۆرانیانە بزانن.

### کورد لە ژەنینی ساز زۆر بە توانان

**رووداو: ئاوازدانەری بەناوبانگ سەمیر کوێفاتی هاوژینی تۆیە، ئەو چەند ناوبانگی تۆی لەنێو عەرەبەکاندا سنووردار کرد، وەک چۆن هەندێک کەس دەڵێن، یان بەپێچەوانەوە ئەوە بژارەی تۆ و ئەو بوو؟**

**مەیادە بسیلیس:** نەخێر ئەو ناوبانگی منی سنووردار نەکردووە، چونکە بەر لەو بژارەی خۆم بوو کە من لەسەر ستەیج گۆرانی بڵێم. بەپێچەوانەوە ئەو باری سەرشانی منی سووکتر کردووە. ئەو دەڵێ تەنیا بەباشی گۆرانی بڵێ و بیر لە هیچ شتێکی دیکە مەکەوە.

**رووداو: (کذبک حلو) گۆرانییەکی زۆر خۆشە، دوو وشەی دژیەیەکن، چۆن هێنراونەتە پاڵ یەک. چیرۆکەکەی چی بوو؟**

**مەیادە بسیلیس:** هۆنراوە و ئاوازەکەی لەلایەن سەمیرەوە ئامادەکراوە. ئەم گۆرانییە بووە پاسپۆرتی بەناوبانگبوونی من لە وڵاتان. ئەو درۆیە، بە درۆکان دڵخۆش بێت. واتە درۆکان جوانن.

**رووداو: زۆربەی گۆرانیی زنجیرە فیلمەکان بە دەنگی تۆیە؟ ئەمە چۆنە؟**

**مەیادە بسیلیس:** سەمیر کار لە میوزیکی زنجیرە فیلمەکان دەکات. بەڵام نە بەردەوام و نە لە هەموو کارەکانی ئەودا من گۆرانی سەرەتا دەڵێم، هەندێک شت داوا دەکەن ئەگەر بە دڵم بێت گۆرانییەکە دەڵێم. سوپاس بۆ خودا هەموو ئەو گۆرانیانەی لە زنجیرە فیلمە سوورییەکاندا گوتوومن سەرکەوتوو بوون و کاریگەرییەکی باشیان لەسەر خەڵک بەجێهێشت و دواتریش بوونە گۆرانی. مامۆستا باسل خەتیبی دەرهێنەر پێیدەگوتم من بەتۆ گەشبینم، بەتایبەت ئەگەر تۆ گۆرانی زنجیرە فیلمەکە بڵێیت.

**رووداو: نهێنی ئەم هاوکارییە چییە. لەگەڵ ئەیمەن زێدان وەک ئەکتەر و لەگەل باسل خەتیب وەک دەرهێنەر؟**

**مەیادە بسیلیس:** رەنگبێ لەکارکردن لەگەڵ سەمیر ئاسوودەبن، لەگەڵ مامۆستا ئەیمەنیش بە دۆستایەتیکردنەکەی، ئەو دۆستی ماڵبات و برایەکی هێژایە، ئەوە تەمەنێکە بەیەکەوە کار دەکەین، رەنگبێ لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ یەکدی ئاسوودەین، بۆیە کار سەرکەوتوو دەبێت و لەلایەن خەڵکیشەوە پێشوازی لێدەکرێ.

**رووداو: تۆ کچی حەلەبیت، ئێستا لە دیمەشق دەژیت، تۆ چیت لە شام برد و چی پێ بەخشیووی، چیت لە حەلەب وەرگرت و چی پێ بەخشیت؟**

**مەیادە بسیلیس:** حەلەب زێدی منە، تێیدا گەورەبووم و دەستپێکی دەرکەوتنی منە، رۆحی منە، هەمیشە دەڵێم رۆحم وابەستەی حەلەبە. شام پایتەختە و زۆر شتی پێ بەخشیم، جوانترین کۆنسێرتەکانم لێرەبوون، بەمدواییانە کە سیدیشمان تێیدا بڵاوکردەوە، کاریگەرییەکی باشی لە خەڵک کرد، بێگومان وڵاتی منە و زۆرم خۆشدەوێ و هیچ کاتێکیش وازم لێ نەهێناوە لەو قەیرانەشدا.

**رووداو: تۆ لەو قەیرانەی سووریادا دواییین بەرهەمی خۆت بڵاوکردەوە، ئەمرۆ تاچەند هونەر و گۆرانی دەتوانێ پەیامێکی راستەقینە بگەیەنێتە خەڵک؟**

**مەیادە بسیلیس:** ئێستا بەداخەوە، گۆرانیی

### گۆرانیی (کذبک حلو) بووە پاسپۆرتی بەنێوبانگبوونم

واتادار کە بشێ مرۆڤ گوێیان بۆ بگرێت زۆر کەمن و بە پەنجەی دەستێک دەژمێردرێن. بێگومان گۆرانیگەلی رەسەن کاریگەری تایبەت دادەنێن، بەڵام بەداخەوە لەنێو جەنجاڵی و زۆری و زەوەندیی گۆرانییە بازاڕی و هەرزانەکاندا، گۆرانی رەسەن ونبووە. ئێستا هەست دەکەیت هەموو شتێک بووەتە هەڵوەدایی، هەڵوەدابوون بەدوای ناوبانگ، پارە و شتی بێ بەها.

**رووداو: ئەمرۆ بەکێ دەڵێیت "یا قاتلی بلهجر"؟**

**مەیادە بسیلیس:** بە هەموو کەسێک لەم جەنگەدا. بە هەر کەسێک کە سەری خۆی هەڵگرت دەڵێم "یا قاتلی بلهجر"

رووداو: بەکێ دەڵێیت "کدبەک حلو"؟

مەیادە بسیلیس: بە سەمیر.

**رووداو: سەیری درامای سووری دەکەیت؟ ئاستیان چۆنە؟**

**مەیادە بسیلیس:** بەڵێ بێگومان، بەڵام وەک سەمیر بە جۆشەوە نا. دۆخی دراما وەکوو گۆرانیگوتن وایە. بە رابوونێکی شایستە دەستمان بە درامای سووری کرد، بەڵام دۆخی ئێستا کاری کردووەتە سەر هونەر و هونەرمەندان. هەروەها چەند شتێکی بازرگانیش. من نازانم، ئەوە کاری من نییە، من تەنیا وەک بینەرێک قسە دەکەم. هیوادەخوازم دراما وەکو پێشوو بدرەوشێتەوە.

**رووداو: ژمارەیەکی زۆری کورد لە حەلەب هەن، پەیوەندیت لەگەڵ ئەوان چۆنە؟**

**مەیادە بسیلیس:** بێگومان دەیانناسم، لەرێگەی پەیوەندیی من لەگەڵ موزیسیەنەکان، بەتایبەت ئەوانەی ئامێری ساز دەژەنن، لەگەڵ گۆرانییەکانی مندا سۆلۆی ساز هەیە، ئەوان لە ژەندنی ساز زۆر زیرەکن، هەستێکی باڵایان هەیە، هەست بە لەرەی میوزیک دەکەن، ئەوان لە هەموو بوارەکانی کاری خۆیاندا زیرەکن.

### گۆرانیی ئێستا بە دەگمەن بە کەڵکی گوێلێگرتن دێت

**رووداو: درۆت لەگەڵ دەکات؟**

**مەیادە بسیلیس:** بەڵێ، بەڵام درۆکانی جوانن.

رووداو: چ پرۆژەیەکی نوێت هەیە؟

مەیادە بسیلیس: هەموو ئەو گۆرانیانەی بۆ زنجیرەفیلمەکانم گوتوون دەیکەین بە سیدییەک و بڵاویان دەکەینەوە، هەروەها گۆرانی هەن کاریان لەسەر دەکەین، تۆماریان دەکەین و بڵاویان دەکەینەوە..



گۆرانیی بازاڕی، رەسەنەکانی ون کردووە



## 400 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاست ڕزگارکران

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2017/7/2 نزیکەی 400 کۆچبەری نایاسایی لە دەریای ناوەڕاست ڕزگارکران و گەیێندرانە باشووری ئیتاڵیا. وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتەش داوا لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دەکات دەرگای سنووره ئاوییەکانیان بەڕووی کەشتییەکانی ڕزگارکردنی کۆچبەراندا بکەنەوە. ئەو 400 کۆچبەرەی لە دەریای ناوەڕاست ڕزگارکران، یەکسەر گەیێنرانە شاری ڕێگیۆ کالابریای باشووری ئیتاڵیا. نزیکەی 270 کەس لە کۆچبەرەکان پیاو و مێردمنداڵ بوون، 58یان ژن و 85 کەسی دیکەشیان منداڵ بوون. زۆربەیشیان خەڵکی وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا و بەنگلادیش بوون. بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی ناوخۆی ئیتاڵیا، لە 19% ڕێژەی کۆچبەرانی نایاسایی بەراورد بە مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردوو زیادیکردووە.

### بۆ ئەوانەشە کە مافی مانەوەیان نییە

# سوید کۆچبەران ناچار دەکات کار بکەن

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

ئەحمەد ڕەفیق قەت حەزی نەکردووە کاری ڕەش بکات، بەڵام فەرمانگەی کار ڕێگەی پێنەداوە ناوی خۆی بۆ دەستکەوتنی کار تۆمار بکات، بۆیە ناچار بووە بەوجۆرە کار بکات.

ئەحمەدی تەمەن 28 ساڵ، ماوەی سێ ساڵە لە سوێد دەژی، بێهیوا بووە لەوەی ببێتە پەنابەر، چونکە ئاشکرا بووە کاری ڕەشی کردووە، واتە بە نهێنی کاری کردووە، لەسەر ئەمەش خۆی و خاوەنکارەکەی سزا دراون.

کاری ڕەش، مەبەست لەو جۆرە کارەیە کە تۆمار نەکراوە و لە بەرامبەر کار و مووچە، هیچ باجێک نادرێت، ئەمەش سەرئێشەیەکی زۆری بۆ وڵاتانی ئەورووپا ناوەتەوە. زیادبوونی ئەم دیاردەیە لە سوێد، حکومەتی ناچار کردووە، فەرمان بداتە پۆلیس بۆ گەڕان بەدوای ئەو کەسانەی کاری ڕەش دەکەن.

ئەحمەد لەو هەزاران کەسەیە کە ئێستا پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕێن، پۆلیس ئازاد کراوە لەوەی ڕوو لە هەر ناوەندێکی بازرگانی، چێشتخانە، کۆمپانیا و دووکانێک بکەن کە گومان دەکەن کۆچبەر تێیدا بەشێوەی نایاسایی کار بکات.

بەپێی ئامارێکی پۆلیسی سوێد، ساڵی ڕابردوو لە کۆی 1000 ناوەندی کار کە پشکنراون، 232 شوێن کرێکاریان لێبووە کە بە نهێنی کاریان کردووە. مەزەندە دەکرێ ژمارەکە ئەمساڵ زۆر لەوە زیاتر بێ.

شووشتنگەی ئۆتۆمبێل، چێشتخانە، مارکێت و کۆمپانیای پاککردنەوە لەو ناوەندانەن کە زۆرتر گومانیان لێدەکرێت، بەتایبەت ئەوانەی لەلایەن کۆچبەرانی خاوەن ئیقامە و وڵاتینامە بەڕێوەدەبرێن یان خاوەندارێتی دەکرێن.

تەنیا لە ستۆکهۆڵم 12 شووشتنگەی ئۆتۆمبێل، 20 چێشتخانە، پێنج سوپەرمارکێت، 13 کۆمپانیای پاککردنەوە هەن کە خاوەنەکانیان کوردن و بەشێکیان کارمەندی ڕەشیان هەیە.

### پارێزەرێکی سوێدی: گەنجی کورد هەیە دەشێت ببێتە مۆدێل بۆ هەموو سوێدییەکان

میکائیل ناوی خوازراوی کارمەندێکی کوردی دامەزراوەی کار، ئەو زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "سەتان کۆچبەر، بەشێوەی نایاسایی کاریان پێدەکرێ. ئەو کۆچبەرانە جگە لەوەی دەچەوسێنرێنەوە، خاوەن کارەکانیشیان خۆیان لە باجی ملیۆنان کرۆن دەدزنەوە".

زۆر لەو کۆچبەرانەی کاری ڕەش دەکەن، هۆکارەکەی بۆ حکومەت دەگەڕێننەوە و دەڵێن فەرمانگەی کار ناهێڵێ بەشێوەی یاسایی کار بکەن. ئەحمەد دەڵێت ناچاری نەبوایە هەرگیز ڕووی لە کاری ڕەش نەدەکرد "چەند جارێک هەوڵمدا ناوی خۆم تۆمار بکەم و باج بدەم، بەڵام هیچ بەڵگە و پەڕێکی یاسایيم نەبوو".

سۆنیا کە لە کۆمپانیایەکی پاککردنەوە کار دەکات، دەڵێت "کێشەی ئیقامەم نییە، بەڵام کارم دەستناکەوێ، بۆیە ناچار ئەم کارە ڕەشە دەکەم". سۆنیا لە بری 18 هەزار کرۆن، مانگانە بە 10 هەزار کرۆن کار دەکات، بەڵام باج نادات.

ئەو زۆر کۆچبەری دیکە دەناسێ کە وەکو ئەو کاری ڕەش دەکەن، بەڵام ئەو ڕەوشی لەوانی دیکە باشترە "چونکە هەندێکیان ئیقامەیان نییە کەمتریان دەدرێتێ، هەشیانە لەبەر ئەوەی هەر لە شوێنی کارەکەی دەخەوێ، ڕۆژانە نۆ سەعات کار دەکات و مانگانە تەنیا 6000 کرۆنی دەدرێتێ".

ئیۆڤا یۆستروم کە پارێزەرێکی بواری کۆچبەرانە، دەڵێت "خۆدزینەوە لە باج نەک تەنیا پەنابەر و کۆچبەر، بەڵکو سوێدییەکان و بگرە کۆمپانیا گەورەکانیشی گرتووەتەوە، بەڵام کاری ڕەشی ئەوانەی ئیقامەیان نییە، ناچاری بووە، ئەمە کێشە گەورەکەیە".

ئیۆڤا پێیوایە "کردنەوەی دەرگای کار بە ڕووی کۆچبەراندا، کاری نایاسایی ناهێڵێ".

ئێستا حکوومەت لە ڕێگەی دامەزراوەی کار، کار بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بە پرۆسەیەک کردووە و بە حەوت زمان سیڤی وەردەگرێت و مافی کار و گەڕان بەدوای کاردا بەو کۆچبەرانە دەدات کە ئیقامەیان نییە.

میکائیل کە کارمەندی فەرمانگەی کاری سوێدە، ئەمە بە کارێکی باش دەزانێ و دەڵێت: "لەماوەیەکی کەمدا پرۆسەکە کەوتە سەر کار و تاوەکو ئێستا 4،500 کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە".

میکائیل پێیوایە ئەم پرۆسەیە کە ڕێ بۆ بەدەستهێنانی مافی مانەوەش خۆش دەکات "قازانجێکی زۆر بە دەوڵەت و کۆچبەرانیش دەگەیەنێت و کاری نایاسایی و خۆدزینەوە لە باج ناهێڵێ".

### چیرۆکی سەرکەوتنی کوردێک




تەنیا لە ستۆکهۆڵم 12 شووشتنگەی ئۆتۆمبێل، 20 چێشتخانە، پێنج سوپەرمارکێت، 13 کۆمپانیای پاککردنەوە هەن کە خاوەنەکانیان کوردن

بێهیوابوونی کەیوان لە وەرگرتنی ئیقامە و خراپیی ڕەوشی ژیانی، ناچاری کاری ڕەشی کردبوو لە چێشتخانەیەکی کوردی لە ستۆکهۆڵم، بەڵام سەرکەوتنی ئەو لە پیشەکەی و توانای لە تێکەڵبوونی بە کۆمەڵگەی سوێدی و سیستمی کار، ئەوی بە هیواکەی گەیاند، وێڕای مافی مانەوەی هەمیشەیی، ئێستا خاوەنی کارێکی باشیشە.

کەیوان حەسەن ئێستا یەکێکە لە نانەوا ناسراوەکانی ستۆکهۆڵم و دەڵێت :"من کارەکەی خۆم خۆشدەوێت، لە کوردستانیش هەر نانەوایەکی باش بووم".

سەرکەوتنی ئەو تەنیا لە سەرکەوتوویی پیشەکەی نییە، بەڵکو پابەندێتییەتی بە سیستمی کاری سوێد "کار کردن، پابەندبوون بە کار و باج و سیستمی بانک و دارایی، نهێنی سەرکەوتنی خەڵکی ئەم وڵاتەیە، خۆشحاڵم کە خەریکە وا دەکەم".

کەیوان ئێستا خۆشحاڵە کارەکەی بووەتە سپی و وەکوو سوێدییەک باج دەدات و دەڵێت "ئامادە نیم بۆ ساتێک کاری ڕەش بکەم، هەرگیز شتێک ناکەم مایەی نیگەرانیی سوێدییەکان بێ".

بەڕای ئیۆڤا یۆستروم پارێزەر و شارەزا لە پرسی شیاندنی پەنابەر لە کۆمەڵگەی سوێدی، دەبێت کەیسی کەیوان بکرێتە مۆدیل بۆ هەموو کۆچبەرانی سوێد. ئەو گوتی :"کەیوان، نموونەیەکە لە چیرۆکی سەرکەوتنی کۆچبەران. کەیسەکەی جێگەی شانازییە نەک تەنیا بۆ پەنابەران و کۆمەڵگەکەی خۆی، بگرە بۆ هەموو سوێد".

### داهاتی ساڵانەیان بە ملیۆنان یۆرۆ دەخەمڵێنرێ

# کورد لە ئەوروپا پیشەی سەرتاشی قۆرخ کردووە

**ڕووداو– هێلسنکی، ستۆکهۆڵم، دوسلدۆرف**

سامان لە نزیک تەرمیناڵی سەرەکیی شاری دۆسلدۆرف سەرتاشخانەیەکی گەورەی هەیە، جگە لە خۆی پێنج کەسی دیکەش کاری تێدا دەکەن کە دووانیان بەڕەگەز ئەڵمانین، ئەو شەش کەسە ڕۆژانە نزیکەی 100 کەس بەڕێدەکەن. سامان دەڵێت: "بۆ من مایەی خۆشحاڵییە کە وامکردووە کەسانی ئەڵمانی بێن لای من کار بکەن، یان سەریان لای من چاک بکەن".

سەرتاشی لەو وڵاتە ئەورووپیانەی ژمارەیەکی زۆر کوردیان تێدایە، بووەتە پیشەی کۆچبەرانی کورد.

سامان دەڵێت "سەرتاشی جگە لەوەی بزنسێکی سەردەمە، هاوکات هونەرە و سەرکەوتنی ئێمە شتێکی ئاسان نەبووە".

سامان 15 ساڵە لە ئەڵمانیایە و نزیکەی 10 ساڵە سەرتاشە. ئەو گوتی "لە زیاتر لە شەش شاری گەورەی ئەڵمانیا دەیان سەرتاشخانەی کوردی هەن کە لەلای خەڵک زۆر ناسراون".

شارەبان لەنێو جەرگەی شاری هێلسنکی لە فینلاند سەرتاشخانەیەکی گەورەی کردووەتەوە. سەرتاشخانەکەش هەر بە ناوی خۆیەتی و جمەی دێت لە موشتەری. لەوێ بە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی، فینلاندی و ئینگلیزی پێشوازی لە موشتەری دەکرێ.

شارەبان لە بەغدا لەدایک بووە و کوردی فەیلییە، دەڵێت "سوودم لەو دەرفەتە وەرگرتووە کە ئەمڕۆ لە فینلاند هەیە، وامکردووە هەرچی کۆچبەر و پەنابەرانی کۆنیشە ڕوو لە من بکەن".

شارەبان پێیوایە هەرزانی و جوانیی کارەکەی و خێرایی لە کارکردندا، وایکردووە جگە لە کۆچبەران ژمارەیەکی زۆر لە فینلاندییەکانیش لەلای ئەو قژ و ریشیان بتاشن. ئەو گوتی "ئەگەر ڕۆژانە 80 کەس سەردانم بکات، نزیکەی 30 کەسیان فینلاندین".

شارەبان خۆشحاڵە بەوەی کە خۆبەخشانە زیاتر لە سێ کۆچبەری وەک خۆی فێری کارەکە کردووە و ئێستا لای ئەو کار دەکەن. ئیڤان ساڵح یەکێکە لەوان و دەڵێت: "سەرتاشخانەی شارەبان بووەتە ماڵ و هەموو شتێکە بۆ من، منی لە نەهامەتی و نەبوونی ڕزگار کرد".

ئیڤان هیوای ئەوەی هەیە لە ڕێگەی ئەم کارەی مافی مانەوە بەدەستبهێنێت. لەگەڵ ئەوەش خۆشحاڵە کە وەستاکەی فێری کارەکەی کردووە و پارەیەکی باشیشی دەداتێ.



کورد و تاجیکی و سوێدییەک، لە چاوەڕوانی وەستایەکی کورددان، سەریان بۆ چاک بکات (فۆتۆ: ڕووداو)

بینینی نووسینی کوردی و ناوی کوردی لەسەر سەرتاشخانەکان لە ناوەندی شارە گەورەکانی ئەوروپا بووەتە شتێکی ئاسایی. تەنیا لە شارێکی بچووکی وەک تورکۆ، لە باکووری فینلاند چوار سەرتاشخانەی ناسراو هەن کە دەیان کەس کاریان تێدا دەکەن.

فیراز لە کریستیانەکانی هەولێرە و چوار ساڵە لە تورکۆیە و لەلای سەرتاشێکی کورد کار دەکات. ئەو دەڵێت: "فینلاندییەکان لەوە تێگەیشتوون کە ئێمە بەوپەڕی ڕێز و بە پارەیەکی کەم و بە خێرایی کارەکەیان بۆ دەکەین، بۆیە زۆربەی کات دێنە لای ئێمە".

### وەستایەکی جیاواز

ستۆکهۆڵم یەکێکە لەو پایتەختانەی ئەورووپا کە زۆرترین کوردی لەخۆگرتووە، زۆرترین سەرتاشخانەی کوردی تێدایە کە ژمارەیان 38 سەرتاشخانەیە و نزیکەی 100 کەس کاریان تێدا دەکەن.



هاوڕێ فەتاح لە ناوچەی شیستا سەرتاشخانەیەکی گەورەی هەیە، خۆی وەک خاوەنی شوێنەکە تاکە کوردی سەرتاشە و ئەوانی دیکە، بیانی و زۆرینەیان سوێدین. بە گوتەی هاوڕێ کارەکەیان بووەتە "مارکە" و بۆ نرخ و پەیداکردنی پارە نایشکێنن.

فەتاح دەڵێت: "من گلەییم لە زۆر لە پەنابەران و بەتایبەت کورد و عەرەب هەیە کە بۆ هەندێک دەستکەوتی کەم، کارەکەیان سووک کردووە".

گوتیشی: "ڕەوا نییە سوێدییەک بە 400 تا 1200 کرۆن سەری چاک بکات، ئێمە 120 کرۆنی لێ بستێنین".

هانا محەمەد ساڵح لە شارۆچکەی فیکخوێ لە نزیک ستۆکهۆڵم کاری دەکرد تا دواجار سەرتاشخانەکەی کڕییەوە. ئەو دەڵێت: "سوێدییەکان ماوەیەکی زۆر دەخوێنن تا فێری پیشەکە دەبن، بەڵام من و زۆر سەرتاشی دیکەی کورد یەکسەر بە پراکتیک بە چاککردنی قژی برا و خزم و هاوڕێکانمان دەستمانپێکرد".

هانا لەگەڵ براکەی بۆ سیانزە ساڵ دەچێت ئەم کارە دەکەن و یەک لە سەرتاشخانە گەورەکانی شارەکە بەڕێوەدەبەن. ئەو دەڵێت "بیرم لە هیچ خول و دەورەیەک نەکردەوە، سەرەتا لە ماڵەوە دەستمپێکرد، پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆم لەسەر هاوڕێکانم تاقیکردەوە، ئێستاش کارێکی زۆر باش دەکەین". هانا و هێمن بوونەتە ناوێکی ناسراوی ئەو شارە، چونکە زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لای ئەوان سەر چاک دەکەن.

هانا وەک شاگرد و لە ئەزموونێکی بچووکەوە دەستی پێکرد، تا وای کرد بە هاوکاری حکومەت و لە ڕێگەی قەرزی بانکیی و هاریکاری دامەزراوەی کار، ئێستا خاوەنی یەکێک لە سەرتاشخانە گەورەکانی ئەو شارەی سوێدە.

### بازاڕێکی گەورە

بەختیار عەزیز، مامۆستای زانکۆ لە سوێد، ئابووریناس و لێکۆڵینڤانی بازاڕ و داهات دەڵێت :"ئەگەر تەنیا ژمارەی سەرتاشخانەکان و بەراوردی سەردانیکەرەکانی بکەین، لەو پێنج وڵاتەی زۆرترین کوردیان لێیە (سوێد، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، فینلاند و بەریتانیا) ساڵانە بە ملیۆنان یۆرۆ دێتە بازاڕەوە".

دەشڵێت:"پیشەی سەرتاشی، نموونەیەکی بەهێزی بەرزیی ئاستی دەستی کاری کوردی ئەوروپایە کە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت".

## لە سلێمانی ژنێک کوژرا

**ڕووداو– سلێمانی**

شەوی 2017/7/2 لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحموود و لەبەردەم ئۆتێل ئازادی سلێمانی، دەستڕێژی گوللە کرا، بەو هۆیەوە ژنێک کوژراو دوو کەسی دیکەش برینداربوون. سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئۆتۆمبێلێک لە جۆری تەکسی دەستڕێژی گوللەی لە ئۆتۆمبێلێکی دیکە کردووە و بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە کە ژنە و دوو کەسی دیکەش برینداربوون" شایەتحاڵێک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە کاتێک سەیری ئۆتۆمبێلەکەمان کرد ژنێک دەستبەجێ گیانی لەدەستدا بوو هەروەها منداڵێکی برینداریش لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا هەبوو، هێزە ئەمنییەکانیش دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە".



ڕووداو ژنان
ژمارە ( 463 ) – دووشەممە 2017/7/3

### کچەکە لەگەڵ چەند کوڕێک دەستگیرکرا

# باوکێک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچە 12 ساڵانەکەی



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

(ب.ک) کاتێک ناسنامەکەی نیشاندا سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە شێوە و ڕوخساری لەگەڵ ئەو تەمەنە نەدەگونجا، ئەو تەمەنی 14 ساڵە، بەڵام ڕوخسار و بیرکردنەوەی دوو هێندەی تەمەنی خۆی نیشاندەدا. ئەو کچە قوربانیی دەستی حەز و ئارەزووەکانی باوکییەتی، تەمەنی تەنیا 12 ساڵان بووە کە باوکی دەستدرێژیی کردووەتەسەر.

(ب) ئەوکاتەی دایکی مرد تەمەنی هەشت ساڵ بووە و تاکە منداڵی خێزانەکەی بووە، باوکیشی دوای مردنی دایکی، ژنی نەهێناوەتەوە.

(ک.م) تەمەن 40 ساڵ کە باوکی ئەو کچەیە، خاوەنی فرۆشگایەکی خواردنەوە کحولییەکانە. کاتێک هەواڵی دەستگیرکردنی کچەکەی لەلایەن پۆلیسەوە پێدەدرێ کە لەگەڵ چوار گەنجدا بووە لەژێر پردێک لە قەزای خەباتی شاری هەولێر، هیچ ناشڵەژێ و تووڕەش نابێ، بە پۆلیس دەڵێت "دەست لە کچەکەم مەدەن ئێستا خۆم دێم دەیبەمەوە". ئەمە گومانی لەلای پۆلیسی قەزای خەبات دروستکرد کە چۆن کچێک لەگەڵ چوار کوڕی گەنج بگیرێ و باوکی هیچ کاردانەوەی نەبێ. دوای لێکۆڵینەوەی وردی کارمەندانی بنکەکە، دەردەکەوێ کە باوکی (ب) خۆی یەکەمین کەس بووە دەستدرێژی کردووەتە سەر کچەکەی خۆی و چەندینجاریش لەگەڵی خەوتووە.

هەرچەندە (ک.م) ڕەتیدەکاتەوە دەستدرێژی کردبێتە سەر کچەکەی خۆی و لەگەڵی خەوتبێت، بەڵام (ب) بەپێچەوانەی باوکی دان بە ڕاستییەکەدا دەنێت و نایشارێتەوە کە باوکی چەندین جار سێکسی لەگەڵ کردووە.

(ب) باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە بۆ یەکەمجار باوکی هاتووەتە لای و دەستدرێژیی کردووەتە سەری. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "تەمەنم 12 ساڵان بوو کە یەکەمجار باوکم دەستدرێژیی کردە سەرم، سەرەتا لە دواوە هاتە لام، ئەوکات زۆر ترسام و زۆریش گریام، بەڵام دواتر ڕاهاتم و ئێستا لەلام ئاساییە لەگەڵ چەندین کەس بخەوم".

باوکی (ب) فرۆشگای هەیە، هەر بۆیە شەوانە زۆر درەنگ دەگەڕایەوە ماڵەوە یان هەر نەدەگەڕایەوە. (ب) بەو تەمەنە کەمەوە بەتەنیا لە ماڵەوە بووە، وەک خۆی دەڵێت ئەمە هۆکار بوو بۆئەوەی زۆر کوڕ بناسێ و پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکات: "بەهۆی تەنیایی و نەهاتنە ماڵەوەی باوکم، هاوڕێی زۆرم پەیدا کرد، تەنانەت بەهۆی فەیسبووکەوە گەنجم لە هەموو شارەکان ناسیوە، دەچوومە لایان لەگەڵیان دەخەوتم و سێکسم لەگەڵ دەکردن".

(ب) دوای ئەوەی لەلایەن باوکی خۆیەوە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، ئیدی کار و پیشەی دەبێتە ڕابواردن لەگەڵ گەنجان، نەک تەنیا لە شارەکەی خۆی، بەڵکو زۆر جار لە شارەکانی تر گەڕاوە بەبێ ئەوەی باوکی لێی بپرسێتەوە.

(ب) لە کۆتایی مانگی ڕەمەزان لەگەڵ چەند گەنجێک دێت بۆ هاوینەهەواری شەقڵاوە، خۆی باسی ئەو چیرۆکە دەکات و دەڵێت: "چوار گەنجم ناسی و بوونە هاوڕێم، کۆتایی ڕەمەزان پێکەوە چووینە هاوینەهەواری شەقڵاوە و ماوەی چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە".

### چۆن دەستگیرکرا؟

دوا هەینی مانگی ڕەمەزان هاوڕێیەکی (ب) کە کوڕێکە، داوای لێدەکات بچێتە قەزای خەبات. خۆی دەڵێت: "هاوڕێیەکم لە قەزای خەبات هەبوو، بانگی کردم، هێشتا ڕەمەزان بوو، چووم و ئەو کوڕەی هاوڕێم کە تەمەنی 18 ساڵ دەبێت، بردمی بۆ ماڵەوە و سێکسی لەگەڵ کردم، دواتر گوتی با بچینە دەرەوە و پیاسە بکەین، بەڵام لەبری پیاسەکردن، منی بردە ژێر پردێک، کاتەکەی نیوەڕۆ بوو، شوێنەکە زۆر چۆڵ بوو، بەڵام کە گەیشتینە ئەوێ کۆمەڵێک گەنجم بینی، دواتر زانیم چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، دواتر هەموویان دەستدرێژییان کردە سەرم، بەڵام پۆلیس پێیزانین و دەستگیری کردین".

(ب) لە بنکەی پۆلیس ڕادەگیرێ و باوکی لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکرێتەوە. پۆلیسەکان دەڵێن باوکی کچەکە زۆر بێباک بووە بەرامبەر ئەو ڕەفتارەی کچەکەی و گوتوویەتی کچەکەم منداڵە و هەڵەی کردووە، ناهێڵم دووبارەی بکاتەوە.

### باوکی ئاگادار بووە

لەبارەی ئەو کەیسەوە ستار شەهاب، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی قەزای خەبات بە (ڕووداو)ی گوت: "پاش ئەوەی هێزەکانمان لە نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/6/23 لەژێر پردی خەبات کچێکی تەمەن 14 ساڵانیان لەگەڵ چەند گەنجێک گرت بەتۆمەتی ئەنجامدانی کاری سێکسی، ئەو کچە دانی بەوەدا نا کە باوکی هۆکاری تووشبوونی بووە، تەنانەت دوای بانگکردنی باوکی بۆ بنکەی پۆلیس، ئەو زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕووداوەکەی دەڕوانی و دەیگوت منداڵە و هەڵەی کردووە، کاتێک پرسیمان ماوەی چەندین ڕۆژە ئاگاداریت کچەت ڕۆیشتووە؟ گوتی بەڵێ لە ماڵی هاوڕێکانیەتی و ئەو نازدارە".

ئەفسەرەکەی پۆلیس گوتیشی "باوکی وەفاتنامەی دایکی نیشانداین کە بەهۆی ئەوەی دایکی نەماوە دڵی ناشکێنێ، بەڵام باوکی خۆی کەسێکی مودمین بوو، خاوەندارێتی لە کچەکەی نەکردووە". ئێستا (ب) و باوکی لەلایەن پۆلیسەوە ڕاگیراون و دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە.

(ب) حەزی نەدەکرد باوکی وەک تاوانبار دەستگیر بکرێت، ئەو خۆی بە ستەملێکراو نەدەزانی، بەڵکو گەڕان و ناسینی گەنجەکان لای (ب) چێژبەخش بووە، وەک خۆی دەیگوت "من لە ژیانی خۆم ڕازیم و چاوم کردووەتەوە ئەم ژیانەم بینیوە، بووە بە بەشێک لە من، بۆیە نازانم ژیانێکی دیکە چۆنە".

# ڕەفتاری پیاوەکەی دەیکاتە هاوڕەگەزخواز

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو — هەولێر**

شارا ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 23 ساڵانە، ئەو دوای تەواوکردنی قۆناغی سێی ناوەندی لەگەڵ ناسیاوێکیان دەبنە هاوژین، بەڵام فیلمێکی پۆرن هەموو ژیانی شارا دەگۆڕێ و دواجار دەیکات بە هاوڕەگەزخواز.

شارا چیرۆکی هاوڕەگەخوازبوونی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "تەمەنم 16 ساڵ بوو، بەهۆی ئەوەی لە قوتابخانە سەرکەوتوو نەبووم، دایکم نەیهێشت بەردەوام بم لە خوێندن، منی دا بە ناسیاوێکی خۆمان کە لە پێشانگای ئۆتۆمبیل کاری دەکرد، هەشت ساڵ لە من گەورەتر بوو، دایکم گوتی دەتوانێ بتکات بە ژنێکی باش".

شارا و ناسیاوەکەیان هاوسەرگیرییان کرد، وەک شارا دەڵێت سەرەتا هیچ کێشەیەکیان نەبوو، بەڵام دوای چەند مانگێک داوای لێکردووە شەوانە بەیەکەوە تەماشای فیلمی پۆرن بکەن، شارا دەڵێت: "مێردەکەم گوتی ئەگەر وا نەکەم، دەچێت لە دەرەوە ڕادەبوێرێ. ئەوە بووە سەرەتای ڕقلێبوونەوەم لە پیاو و ڕەگەزی نێر".

دوای ماوەیەک شارا دووگیان دەبێت، بەڵام دووگیانبوونی ئەو نەبووە ڕێگر لەو خووەی مێردەکەی. شارا دەڵێت "لە فیلمەکان چی دەبینی، هەمان شتی لەگەڵ من دەکرد. دواتر کوڕێکم بوو، بەڵام نەمهێشت شیری خۆم بخوات، ئەوەندە بێزم لە پیاو دەکردەوە تەنانەت گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە نابێت ڕەگەزی نێر، تەنانەت ئەگەر کوڕی خۆشت بێت سنگت ببینێ".

مامەڵەی خراپی مێردەکەی، وای لە شارا کرد، هیچ هەستێکی بەرامبەر پیاو نەمێنێ "هەستم بەرامبەر پیاو بەهیچ شێوەیەک نەما، دوای دوو ساڵ لە هاوسەرگیریمان ئیدی لەتاقەتمدا نەما و هەموو ڕۆژێک خۆم نەخۆش دەخست، بەبیانووی ئەوەی بە منداڵی خەتەنەکراوم، هەمیشە دەمگوت هیچ ئارەزووی سێکسم نییە، بەڵام ئەو بەزۆر کاری خۆی لەگەڵ دەکردم".

ساردییەکی زۆر دەکەوێتە نێوان ئەو ژن و مێردە، تاوەکوو پیاوەکە هەڕەشەی ژنهێنان دەکات، شارا بەو مەرجە ڕازی دەبێت کە خانوو و ئۆتۆمبێلی بۆ بکڕێ، ئەویش ڕازی دەبێ.

شارا دەڵێت "هەوێیەکەم کچێکی 21 ساڵانە، بەڵام بەدڵی ئەوە، چونکە هیچ کێشەیەکی لەگەڵی نەبوو، تەنیا پارەی پێبێت و لەگەڵ مۆدێل بڕوات".

### ژیانێکی نوێ

شارا باس لە ناسینی ژنێکی جیابووەوە لە هاوژینەکەی دەکات کە سەرەتا هاوڕێ بوون، بەڵام دواتر پەیوەندییەکەیان گۆڕاوە "ماوەی سێ ساڵە لەگەڵ ژنێک لە فەیسبووک یەکدی دەناسین، ئەو لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، شەوانە وەک دوو هاوڕێ قسەمان دەکرد، بەڵام شەوێک پێیگوتم عاشقی دەنگت بووم، دواتر گوتی تۆش وەک من نەفرەت لە پیاو دەکەی، بۆیە پێویستە لایەنی سێکسی یەکدی تێر بکەین، بەو قسەیە تووشی شۆک بووم و مۆبایلەکەم بەسەردا داخستەوە، بەڵام دواتر بڕیارم دا ڕازی بم بە پێشنیارەکەی".

شارا دەڵێت "ئێستا زۆرترین کات پێکەوەین، شەوانە پێکەوە دەخەوین، جلوبەرگمان وەکو یەکە، لەنێوان خۆماندا وامان داناوە کە من بوومەتە ژنی ئەو، ئەو دەڵێ پیاوی تۆم، خەڵکی دەڵێت وەکو خوشک وان، یەک جۆر جلوبەرگ و ڕەنگی قژتان وەکو یەکە، بەڵام ئەو تا مردن پیاوی منە و هەرگیز بەجێیناهێڵم".

شارا هیچ کێشەیەکی تەندروستیی نەبووە و هاوڕەگەزخوازیش نەبووە، خۆی دەڵێت "من هەستی هاوڕەگەزخوازیم نەبوو، لەڕووی تەندروستیشەوە هیچ کێشەیەکم نەبوو، بەڵام هاوژینەکەم وایکرد نەفرەت لە پیاو بکەم".

شەم نازناوی ئەو ژنە تەمەن 33 ساڵەیە کە نیشتەجێی هەولێرە، ئەو بەهۆی ناپاکیی هاوژینەکەی، لێی جیابووەتەوە، باسی خۆشویستنی شارا دەکات و دەڵێت "من لە منداڵییەوە حەزی لێسبییەنم تێدا بووە، لە قۆناغی سێی ناوەندی تەواو هەستم بە حەزی هاوڕەگەزخوازی لە خۆمدا کرد، کاتێک لەگەڵ کچەکانی هاوڕێم ماچ و باوەشمان دەکرد، بەڵام نەمدەوێرا هیچکات ئەو هەستەم دەربڕم".

سەرەڕای ئەو ئارەزووەشی، بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێک دەکات و دەڵێت "بە خۆشەویستی هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێک کرد، بەڵام لەکاتی جووتبوون هەستم دەکرد ئەو هەڵسوکەوتانەی هاوژینەکەم جیاواز بوو لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئافرەتێک، هەموو هەڵسوکەوتەکانی وەک ئەوە وابوو من پیاو بم لەژێر دەستی، بۆیە ڕۆژێک پێمگوت من هیچ چێژێک لە تۆ وەرناگرم، دواتر کێشەکەمان گەیشتە دادگا و جیابووینەوە".

شەم ئێستا خۆی بە مێردی شارا دادەنێت و دەڵێت "خۆم جلی ژێرەوەی بۆ دەکڕم، من مووچەم هەیە، بۆیە خاوەندارێتی دەکەم، مانگانە وەک پیاو پارەی بۆ دادەنێم و خەرجیشی دەکێشم".




لە سلێمانی ڕێکخراوێک داکۆکی لە هاوڕەگەزخوازان دەکات

(فۆتۆ: ڕووداو)

### "لە هەر 10 کەس، یەکێک لەم کۆمەڵەیەیە"

تانیا کەمال، بەرپرسی ڕێکخراوی ڕاسان بۆ داکۆکیکردن لە کۆمەڵەی LGBT کە هێمایە بۆ (لێسبییەن، گەی، جووت توخم و نێرەمووک)، بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی ئامارێک، لە جیهاندا لە هەر 10 کەس کەسێک لەم کۆمەڵەیەیە، ئەمانە مرۆڤی ئاسایین و کەسوکاری ئێمەن، بۆیە پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت و خێزان و کۆمەڵگە قبوڵیان بکەن".

لۆگۆکانی ئەو کۆمەڵەیە بەسەر دیواری چەند قوتابخانەیەکی سلێمانییەوە هەن.

تانیا دەڵێت: "ئێمە لەکاتی هاتنی داعش، بەهۆی خراپیی دۆخی دەروونیی خەڵک، داوامان لە پەروەردە کرد ڕێگەمان بدات لەبری تۆپ و تانک، وێنەی گوڵ بکەین بەسەر خەڵکدا و لە بەشێکی کەمیشدا وێنەی ئەم کۆمەڵەیە بکەین کە تاکی کۆمەڵگان و پێویستە جێیان بکرێتەوە، ئەوانیش قبوڵیان کرد".

### پزیشکانی دەروونی چی دەڵێن؟

د.دانیاڵ سەعدی، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێت "ئەم گرووپە لە خەڵک بەهۆی قبوڵنەکردنیان لەلایەن کۆمەڵگەوە، تووشی نەخۆشیی خەمۆکی دێن و زۆر جار خۆیان دەکوژن".

د. دانیاڵ پزیشکە دەروونییەکان بە تاکە فریادڕەسی ئەو خەڵکانە دادەنێ و دەڵێت "بەهۆی ترس لە کۆمەڵگە بەشێکیان هانا بۆ پزیشکە دەروونییەکان دەبەن و پێیاندەڵێن متمانەمان تەنیا بە ئێوەیە، زۆر کەسیش چ لە ڕەگەزی پیاو چ لە ژن دێتە لامان کە هیچ کێشەیەکیان نییە، تەنیا هەندێکیان ژن (لێسبییەن)ن و هەندێک پیاویش (گەی)ن، بەهۆی ترس و دروستبوونی کێشە بۆیان لەناو خێزان و کۆمەڵگا ناوێرن تەعبیر لەخۆیان بکەن و زۆربەیان تووشی خەمۆکی دەبن و ئەم نەخۆشییەش هۆکارێکە بۆ خۆکوشتن".



## گەنجێکی ئاوارە لە زاخۆ خنکا

**ڕووداو- زاخۆ**

دوای 10 کاژێر لە ونبوونی، تەرمی گەنجێک لە ئاوی خابوور لە زاخۆ دۆزرایەوە. بێوار عەبدولعەزیز، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەرگریی شارستانیی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2017/6/30 کەسوکاری گەنجێک تیمەکانیان ئاگادارکردوونەتەوە کە کوڕێکیان لە گوندی بۆسەلێ لە ڕۆژئاوای زاخۆ کە دەکەوێتە ناحیەی باتیفا، ژێر ئاو کەوتووە. بەگوتەی بێوار عەبدولعەزیز، دەستبەجێ تیمەکانیان توانیویانە تەرمی "فەرحان سەیدۆ"ی تەمەن 22 ساڵ بدۆزنەوە. بێوار گوتی تەرمی گەنجەکە ڕەوانەی پزیشکی دادی دهۆک کراوە "دەرکەوت بەهۆی خنکانەوە گیانی لەدەستداوە". فەرحان سەیدۆ کوردی ئێزدی و ئاوارەی شنگال بووە، لە کەمپی بێرسڤی دوو لە زاخۆ نیشتەجێ بووە.

## پوورزای یەکدین

# مامۆستایەکی زانکۆ و فەرمانبەرێک دەکوژرێن



مامۆستا جەلیل خەلیل



مەجید ڕەشید

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

جەلیلی تەمەن 27 ساڵ، ماوەی ساڵێک بوو لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی قەزای خەبات وانەی دەگوتەوە، خۆیشی هەر خەڵکی قەزاکە بوو، کاتێک لەگەڵ کوڕە پوورێکی کە ئەویش فەرمانبەرە، بەڕێگاوەبوون بچنە بازاڕ، لەلایەن دوو کەسەوە دەستدرێژی گوللەیان لێکرا و کوژران. پرسەی هەردووکیان لە یەک مزگەوت و یەک خێوەتدا بەڕێوەچوو.

ڕۆژی 2017/6/27 مامۆستایەکی زانکۆ بەناوی جەلیل خەلیل تەمەن 27 ساڵ، لەگەڵ کوڕە پوورێکی بەناوی مەجید ڕەشید، لە کاتی چوونیان بۆ بازاڕی قەزای خەبات، لەلایەن دوو کەسەوە بەناوەکانی (ل) و (خ) تەقەیان لێکرا و کوژران.

شاخەوان خەلیل کە برای جەلیلە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە دوور و نزیک پەیوەندیمان بەو کێشە کۆمەڵایەتییەوە نەبوو کە برا و پوورزاکەم بەهۆیەوە بوونە قوربانی".

### دەیانویست دەستدرێژی بکەنە سەر ژنێک

شاخەوان کێشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ دراوسێیەکی ماڵی پووریان کە پیاوی ماڵەکە پەیوەندی لەگەڵ ژنێک هەبووە. شاخەوان گوتی: "مێردی ئەو ژنە لەگەڵ خزم و کەسوکارەکەی هەڵدەکوتنە سەر دراوسێکەی ماڵی پوورم، بەڵام پیاوەکە لە ماڵەوە نابێت، هاوژینەکەی هاوار دەکات و هانا بۆ پوورم دەبات، پوورم و منداڵەکانی پێیاندەڵێن واز لەو ئافرەتە بهێنن، ئێوە کە کێشەتان لەگەڵ مێردەکەی هەیە بڕۆن ئەو بدۆزنەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن دەستدرێژی دەکەینە سەر ژنەکەی، وەک چۆن ئەو دەستدرێژی کردووەتە سەر ژنی ئێمە، پووریشم ئەوەی پێ قبوڵ نەکرابوو، بەرگریی لەو ژنە کردبوو، ئیتر ئەمە دەبێتە هۆکاری کینە و ڕقی ئەوان بەرامبەر ماڵی پوورم".

### بەڵێننامەیان پڕکردبووەوە

هەڵکوتانە سەر ماڵی دراوسێکەی پووری، وەک شاخەوان باسی دەکات، مانگێک پێش کوشتنی جەلیلی برای و مەجیدی پوورزای بووە "ئەوان وازیان لە ماڵی پوورم نەهێنا، تاوەکوو کار گەیشتە سکاڵا تۆمارکردن، لە دادگا بەڵێننامەیان پێ پڕکرایەوە، چونکە پێشتر دوو جار میلی چەکیان لە پوورم هێنابووەوە، پوورم شەوێکیش زیندانی کرا، سەرەڕای ئەوەش بنەماڵەی ئێمە کۆبوونەوە و داوای لێبوردنمان لێکردن، کەچی شەوی 2017/6/27 براکەم و کوڕی پوورێکی دیکەم کە بێ دایک و باوکە و تەنیا یەک خوشکی هەیە، لەڕێی چوون بۆ بازاڕ، لەسەر شەقامی سەرەکی لەلایەن دوو کەسەوە بە ناوەکانی (ل) و (خ) تەقەیان لێدەکرێ و دەیانکوژن".

شاخەوان دەڵێت: "دوو چەکدارەکە کە زاوا و خەزووری یەکدی بوون، لە سەربانی ماڵی خۆیان بەرگرییان دەکرد و بەردەوامبوون لە تەقەکردن، ڕێگەیان نەدەدا تەرمەکان ببەین، کوڕە پوورەکەم هێشتا لە ژیاندا مابوو، بەڵام نەیانهێشت ڕزگاری بکەین".

بە گوتەی شاخەوان، سەرەڕای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لە تەقەکردن و پاشان لەدەستی هێزە ئەمنییەکان هەڵاتن، تا دواتر هەردووکیان دەستگیرکران.

مامۆستا جەلیل دەستگیراندار بوو، بڕیار بوو دوای جەژن دەستگیرانەکەی بگوازێتەوە. زەینەب سەردار دەستگیرانە تەمەن 18 ساڵییەکەی جەلیل، هەتا ئەمڕۆ بڕوا بە چاوەکانی خۆی ناکات کە دەستگیرانەکەی بەجێیهێشتووە.

**برایەکی جەلیل:**
**ماڵی بکوژەکە دەیانویست دەستدرێژی بکەنە سەر ژنێک، بەڵام پوورم نەیهێشت**

زەینەب بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک گوتیان جەلیل کوژراوە، لەهۆش خۆم چووم، ئێستاش بڕوا بە مەرگی ناکەم. ئێمە سەرەڕای ئەوەی دەستگیران بووین، خزمی یەکدیش بووین، بۆیە من دوو جار پرسەمە، هەتا ئەمڕۆ لە ماڵی باوکی جەلیلم و ناتوانم بەجێیانبهێڵم، گریانم براوە و فرمێسکم وشک بووە، نازانم چۆن بژیم، ئێمە خەریکی دروستکردنی ماڵێک بووین، بەڵام بە چرکەیەک کاولیان کرد".

شاخەوان خەلیل سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو بنەماڵەیە دەڵێت "ئێمە چاوەڕوانی یاسایین تا ئەوان بە سزای خۆیان بگەیەنن، ئێمە ئەهلی چەک و شەڕ نین، هەموومان خاوەن بڕوانامەین، باوکم بە کرێکاری گەورەی کردین، ئێمەش ڕۆژانە دوای زانکۆ خەریکی کاری کرێکاری دەبووین، ئاوا پەروەردەکراوین و گەورە بووین، نەمانزانی بە گوللەی کەسانی خراپ ژیانمان دەبێتە دۆزەخ".

لەبارەی ئەو کەیسەوە، ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر 10:30ـی شەوی 2017/6/27 هەواڵی تەقەکردنمان لە قەزای خەبات پێگەیشت کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بووە. خێزانێک لەگەڵ خزمی ئەو دوو گەنجە کێشەیان هەبووە، بەڵام کوژراوەکان پەیوەندییان بە کێشەکەوە نەبووە و لەوبەینەدا بوونە قوربانی".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت: "دوای ماوەیەک بەرگریکردنی تاوانباران، توانرا لە هەمان شەو تاوانبار (خ.ن) دەستگیر بکرێت و لە چەند ڕۆژی ڕابردووش تاوانبار (ل.ن) لە هەولێر دەستگیرکرا. هەردووکیان بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکانیان دەکرێ".

## تەقەکەرەکە دەمامکدار بووە

# ژن و پیاوێک لەکاتی هەڵهاتنیان دەدرێنە بەر گوللە



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(ه.ع)ی تەمەن 36 ساڵ و دانیشتووی دەوروبەری شاری هەولێر، لەگەڵ (س.ر)ی تەمەن 30 ساڵان و خوشکی (ه) و ژنێکی دیکە دەیانەوێت بەرەو شاری ڕانیە بڕۆن، بەڵام کەسێکی دەمامکدار بە دەمانچە هێرش دەکاتە سەریان و برینداریان دەکات، ئەوان ئێستا لە نەخۆشخانە کەوتوون. کەسێکی نزیکی ئەو خێزانە دەڵێت (ه) و (س) پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە و ویستوویانە هەڵبێن.

ڕووداوەکە لە کاژێر 2:30ـی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/6/30 لەسەر ڕێگای کەسنەزان ڕوویداوە، بەگوتەی ئەوانەی لەگەڵ (ه) و (س) بوون، ویستوویانە بۆ چارەسەری نەخۆشیی ئەو ژنەی لەگەڵیان بووە، بچنە لای شێخێک لە ڕانیە، بەڵام کەسێکی نەناسراو و دەمامکدار پێشی بە ئۆتۆمبێلەکەیان گرتووە و چەند گوللەیەکی ناوە بە قاچی (ه) و (س) و بریندار کردوون، دواتریش هەڵاتووە.

(س) کە خاوەنی دوو منداڵە و دوو ساڵ لەمەوبەر هاوژینەکەی لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا کوژراوە، هەروەها دشی خوشکی (ه)ـیشە، بەو هۆیەوە تێکەڵاوییان لەگەڵ بنەماڵەی (ه) هەبووە. کەسێکی نزیک لەو خێزانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "هۆکاری تەقەکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە گوایە (ه) و (س) پەیوەندییان هەبووە و (س) بەبێ پرسی کەسوکاری ویستوویەتی لەگەڵ پیاوەکە هەڵبێت، لەکاتێکدا (ه) خێزاندارە".

هەرچەندە شایەتحاڵەکان دەڵێن کەسمان نەبینیوە و (ه) و (س) سکاڵایان لە دژی کەس تۆمار نەکردووە، بەڵام وەک ئەو کەسە نزیکەی خێزانەکە دەڵێت "برای (س) تەقەکانی کردووە، بەڵام (ه) و (س) ناوێرن سکاڵا تۆمار بکەن، چونکە ویستوویانە هەڵبێن و نایانەوێت کێشەیان بۆ دروست ببێ".

ئەو ژنەی کە وەک خۆی دەڵێت (ه) و (س) بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ئەو ویستوویانە لەگەڵی بچنە ڕانیە و شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "من نەخۆش بووم، دشەکەم بە براکەی گوت بمانبات بۆ لای شێخێک لە ڕانیە. (س) کە دەکاتە دشی دشەکەم، لەگەڵمان هات، من خاوەنی پێنج منداڵم و دشەکەشم چوار منداڵی هەیە، هەردووکمان لەگەڵ (س) و (ه) ویستمان بەرەو ڕانیە بڕۆین، لەناکاو لەسەر ڕێگەی کەسنەزان کەسێکی دەمامکدار بە ئۆتۆمبێل پێشی لێگرتین و دەمانچەی دەرهێنا و دەستی بە تەقە کرد، (س) و (ه)ی بریندار کرد و هەڵات".

لەبارەی پەیوەندیش لەنێوان (ه) و (س)، ئەو ژنە دەڵێت "من سوێند دەخۆم ئاگام لە هیچ پەیوەندییەکی نێوانیان نییە و نازانم ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان هەبووبێت، ئەگینا چۆن دوایاندەکەوتم".

ئێستا (س) و (ه) لە نەخۆشخانە کەوتوون و چارەسەری پزیشکی وەردەگرن، بەگوتەی ئەو شایەتحاڵە "کەسوکاری (ه) سەردانی پیاوەکە دەکەن و دەشچنە لای (س)". بەڵام سەبارەت بە هاتنی کەسوکاری (س) هیچ زانیارییەکی نەدرکاند و ئاماژەی بەوە نەکرد کە سەردانی دەکەن یاخود نا.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو ڕووداوە بە (ڕووداو)ی گوت "پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/6/30 لە حاڵەتێکی تەقەکردن ئاگادار کراینەوە کە ئافرەتێک و پیاوێک بەناوەکانی (س) و (ه) بریندار کراون، هەردوای تەقەکردنەکە تاوانبارەکە هەڵهاتووە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت: "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و (س) و (ه)ـیش سکاڵایان لەدژی هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە، چونکە لەکاتی وەرگرتنی گوتەی هەردووکیان، ئاماژەیان بەوە کردووە کەسەکە دەمامکدار بووە و نەیانناسیوە".

ڕائید هۆگر عەزیز دەشڵێت "ئەگەرچی (س) و (ه) سکاڵایان نەبووە، بەڵام پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەکانمان بەردەوامن".

کۆتایی مانگی ڕابردوو لە شاری سلێمانی ژن و پیاوێک کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری هەولێر بوون، لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژران. ئەو ژن و پیاوە نزیکەی شەش ساڵ لەمەوبەر بەبێ خواستی کەسوکاریان هاوسەرگیرییان کردبوو و خاوەنی دوو منداڵیش بوون.



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## فریای ئەم کچە بکەون

"بریا دەستم شکابا، دەستی کچەکەم نەگرتبایە بەڵکو خۆی دەسووتاند، خۆ ئێستا لەبیرمان دەکرد و ئیسراحەتمان دەکرد" ئەمە گلەیی و گازاندەی پیاوێکی بەساڵاچوو بوو لەدەست کچەکەی.

کچی ئەو پیاوە پیرە زوو زوو لەسەر شەقامەکان لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر دەکرێ، بەڵام کاتێک بۆیان دەردەکەوێ باری دەروونیی جێگیر نییە، دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی دەروونی، لەوێش کارمەندانی نەخۆشخانەکە بە بیانووی ئەوەی کەسوکاری دیار نییە، وەریناگرن.

دوایینجار کە ئەو کچە لەلایەن پۆلیسەوە لەسەر شەقامەکان هەڵگیرایەوە، توانرا باوکی کچەکە بدۆزێتەوە. کاتێک بانگی باوکی کچەکە کرا و لێمان پرسی بۆچی ڕێگە دەدەی کچە نەخۆشەکەت بکەوێتە سەر شەقامەکان؟ پیاوەکە گوتی ڕاستییەکەی خۆم چاودێریم دەکرد، کە پۆلیس بردیان خەنی بووم، گوتم بەڵکو چارەسەرێکی بکەن، مردین بەدەستییەوە، ئەوە پێنج ڕۆژە نانی نەخواردووە، لە ماڵەوە بووین بە پاسەوانی ئەو، هەر ناخەوێت، کاتێک ئێمە دەنووین، ئەو یەکسەر لەماڵ دەردەچێ.

باوکەکە باسی هۆکاری تووشبوونی کچەکەی بە نەخۆشیی دەروونی کرد و گوتی کچەکەم بەرلەوەی شوو بکات، هیچ کێشەی نەبوو، کوڕێک هاتە خوازبێنی و شووی پێکرد، ماوەیەک لە هەولێر ژیان، بەڵام دواتر مێردەکەی گوتی دەچین بۆ شارێکی دیکە، ئێمەش زۆرمان بە کچەکەمان گوت لەگەڵی مەچۆ، چونکە دەمانزانی هەڵسوکەوتی لەگەڵی باش نییە، بەڵام بە قسەی ئێمەی نەکرد و لەگەڵی ڕۆیشت. دوای دوو مانگ کچەکەمی ناردەوە و تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کچەکەتان بە کەڵکی من نایەت. منیش بێ کەسم، کەس نەبوو بەدوای قەزییەکەی بکەوێ و بچێ سکاڵا تۆمار بکات. کچەکەم باری دەروونیی تێکچوو، کاتێکیش زانی مێردەکەی ژنێکی دیکەی هێناوە، هێندەی دیکە تێچوو. ئێستاش ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ، دکتۆر نەما سەردانی نەکەم. شێخ و مەلا نەما نەیبەم بۆ لای. بردمە نەخۆشخانەی دەروونی، بەڵام گوتیان دەبێ یەکێکتان لەگەڵی داخڵ ببن، دایکی پیرە و ناتوانێ، کچەکانی دیکەشم شوویان کردووە و مێردەکانیان ڕێگەیان پێنادەن لە نەخۆشخانە لەگەڵی بمێننەوە. بۆیە بە ناچاری هێنامانەوە ماڵەوە. دکتۆر حەبی بۆ نووسیوە، بەڵام حەبەکان ناخوات. من تەواو بێزار بووم، ئەگەر کوڕ بوایە بەرەڵام دەکرد و گوێم نەدەدایێ، بەڵام کچە، دەترسم لە دەرەوە دەستدرێژیی بکرێتەسەر، بۆیە مەمنوونی هەر کەسێک دەبم کچەکەم بباتە لای خۆی و ئاگای لێی بێت تاوەکو چاک دەبێتەوە.

کچەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی کرا، بەڵام گوتیان کەسێکی خۆی لەگەڵی داخڵ نەبێ وەریناگرین. بۆیە چارەسەری ئەو جۆرە نەخۆشانە تەنیا لەلای سەرمایەداری خێرخواز و ڕێکخراوە خێرخوازەکانە، ئەوان دەتوانن کرێی چاودێری بدەنە ئافرەتێک بۆ ئەوەی چاودێریی نەخۆشەکە بکات لە نەخۆشخانە تاوەکو چاک دەبێتەوە. خێرخوازان بەو کارەیان، خێزانێک بە تەواوی لە نەخۆشی چاک دەکەنەوە، چونکە هەر نەخۆشێکی لەو جۆرە لە ماڵێکدا هەبێ، وەکو ئەوە وایە خێزانەکە هەموویان نەخۆش بن و گیرۆدە دەبن بەدەستییەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# داعش بە کەوتنی مووسڵ و ڕەققە دوایی نایەت

## ناوەندی ئەمریکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر:

## سەرهەڵدانەوەی داعش بەندە بەو سیاسەتەی لەناوچە ئازادکراوەکاندا پیادە دەکرێ

### داعش 1468 جار هێرشی کردووەتە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان

**ڕووداو- هەولێر**

سێ ساڵی تەواو دوای ڕاگەیاندنی خەلافەتەکەی داعش، هێزەکانی سوپای عێراق گەیشتنەوە ئەو مزگەوتەی کە یەکەمجار ئەبوبەکر بەغدادی، خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند. کاریگەریی سیمبۆلیکی ئەو ڕووداوە یەکسەر لە لێدوانی بەرپرسانی حکومەت و فەرماندەکانی سوپای عێراقدا دەرکەوت، بە جۆرێک کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو مزگەوتەیان وەکو کۆتایی داعش ناوبرد. هەرچەندە دەستەواژەی "کۆنترۆڵکردنەوە"، "گرتنەوە" و "ڕزگارکردن"ی ناوچەکان لەژێر دەسەڵاتی داعش هەستی لەکۆڵکردنەوەی داعش دروست دەکات، بەڵام ئاماری هێرشەکانی داعش لە ناوچە ڕزگارکراوەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان هێشتا ڕێگەی درێژیان لەپێشە بۆ ئەوەی توانای ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بەیەکجاری پەکبخەن.

ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (CTC) کە ناوەندێکی سەر بە ئەکادیمیای سەربازیی ئەمریکایە، لە دوایین ڕاپۆرتیدا ژمارە و جۆری ئەو هێرشانە دەخاتەڕوو کە داعش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە سووریا و عێراق کردوونی. ناوەندە ئەمریکییەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان پشتی بەو ڕاپۆرت، هەواڵ و وێنانە بەستووە کە داعش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هێرشەکانی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە، لە هەندێک حاڵەتیشدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵانە، کەڵک لە دەزگا میدیاییەکانی نزیک لەو ناوچانە وەرگیراوە.

لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیدا، داعش نزیکەی 81 هەزار میل چوارگۆشەی لەژێر دەستدا بوو (واتە نزیکەی دوو هێندەی ڕووبەری ئوردن). بەڵام هەتا سەرەتای 2017، نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەو ناوچانە لە چەکدارانی داعش ڕزگارکرابوون. ئەم پانتاییە بەرفراوانە جوگرافییە ژمارەیەکی زۆر شار و شارۆچکە و گوند لەخۆدەگرێت، بەڵام ڕاپۆرتەکە تەنیا 16 شاری وەرگرتووە، کە 11یان دەکەونە عێراقەوە و پێنجەکەی دیکەیان لە سووریان.

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەڵبژاردنی شارەکان بەهەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو لە کاتی هەڵبژاردنی شارەکاندا ئەوە لەبەرچاو گیراوە کە دەبێ شاری گەورە و بچووک و شاری تازە لەخۆبگرێت، جیا لەمەش شارەکان دەبێ لەڕووی ماوەی کۆنترۆڵکردنەوەشەوە جۆراوجۆر بن. هۆکاری جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر عێراقیش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە شەڕی دژی تیرۆر لەو وڵاتە مێژووەکەی بۆ پێش شەڕی داعش دەگەڕێتەوە، بۆیەش "بۆ تێگەیشتن لە داینامیکییەتی ڕێکخراوەکە لە دوای ڕزگارکردنی ناوچەکە و تێگەیشتن لە توانای ڕێکخراوەکە بۆ مانەوە گرنگترە".

### هێرشەکانی داعش لە دوای ڕزگارکردنی ناوچەکان:

لە کۆی ئەو 16 شارەی کە ڕاپۆرتەکە وەکوو کەیسی لێکۆڵینەوە وەریگرتوون، داعش لە دوای ڕزگارکردنیان هەتا ڕۆژی 30ی نیسانی ئەمساڵ 1468 جار هێرشی کردوونەتە سەر. ژمارە و ڕێژەی مانگانەی هێرشەکان و ژمارەی قوربانیانی هێرشەکانیش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە شارێکی وەکوو جورف ئەلسەخەر لە ماوەی 917 ڕۆژی دوای ئازادکردنی تەنیا یەک هێرش کراوە، بەڵام لە دیوی چەپی مووسڵ لە ماوەی 96 ڕۆژی دوای ئازادکردنی نزیکەی 417 هێرش کراوە.

ڕاپۆرتەکە چوار هۆکار بۆ ئەم جیاوازییانە دەخاتەڕوو. هۆکاری یەکەمیان پەیوەندی بە دووری و نزیکیی ناوچە ئازادکراوەکە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعشەوە هەیە. هۆکاری دووەم دەکرێ پەیوەندی بەو ماوەیەوە هەبێ کە داعش لە شارەکەدا حوکمی کردووە، چونکە یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە هەرچی داعش بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە ناوچەیەک حوکمی کردبێت، زیاتر کاریگەری لەسەر دانیشتووانی ناوچەکە داناوە. هۆکاری سێیەم لە هەندێک حاڵەتدا بۆ قەبارەی شارەکان دەگەڕێتەوە، واتە هەرچی شارێک لەلایەنی ڕووبەرەوە گەورەتر بێت، ژمارەی هێرشەکانیش تێیدا زیاتر دەبن.

دوایین هۆکاریش کە لە ڕاپۆرتەکەدا خراوەتەڕوو، پەیوەندی بە بایەخی ستراتیژیی شارەکە بۆ داعش یان حکومەتەوە هەیە. بەو مانایەی ئەگەر شارێک بە خاڵێکی ستراتیژی بۆ پرۆژەکەی داعش بزانرێت، ئەوە ژمارەی هێرشەکانیش لەو شارەدا بەرز دەبنەوە، بە هەمانشێوە ئەگەر شارێک بایەخێکی ستراتیژی بۆ حکومەت یان دەسەڵاتی ناوچەکە هەبێت، ئەوە هەوڵێکی زیاتریش بۆ پاراستنی دەدات، بۆ نموونە نزیکیی جورف ئەلسەخەر لە بەغدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بایەخپێدانی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بەو شارە بووە. یەکێک لەو ڕێوشوێنانەش کە حکومەتی عێراق بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیە گرتوویەتیەبەر، ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی دانیشتووانی ئەو شارە بووە کە زۆرینەیان سوننەن.

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە عێراق ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکان بووە نەک سووریا. بە جۆرێک لەکۆی 1468 هێرش 1331 هێرشیان (واتە 91%ی هێرشەکان) لە 11 شارەکەی عێراق بوون و 138 هێرشیان (واتە 9%ی هێرشەکان) لە سووریا بووە.

سەبارەت بە ژمارەی کوژراوانی هێرشەکان ڕاپۆرتەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە تەنیا ئاماری کوژراوانی 301 هێرش بەردەستن و لەو ژمارە هێرشەشدا 2591 کەس کوژراون، واتە تێکڕای کوژراوانی هەر هێرشێک 6.8 کەسە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەگەر ئەم تێکڕایە لەگەڵ ژمارەی کۆی هێرشەکان (واتە 1468 هێرش) لێکبدەین، ئەوە ژمارەی کوژراوان بۆ 12000 کەس بەرز دەبێتەوە.

### 57 %ی هێرشەکانی داعش لە ناوچە ڕزگارکراوەکان دژی سوپای عێراق بووە

### 12 %ی هێرشەکانی داعش لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دژی پێشمەرگە بووە

### شێوازی هێرشەکان:

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا باس لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی هێرشەکان دەکرێت و حەوت جۆر هێرشی جیاواز جیادەکرێتەوە کە بریتین لە: هێرشی خۆکوژی (5%)، هێرشی چەکداری و خۆکوژی (2%)، هێرشی چەکداری (8%)، چاندنی مین (11%)، هێرشی ناڕاستەوخۆ وەکوو نارنجۆک (56%)، نیشانشکێن و ئار پی جی (15%)، جۆرەکانی دیکەی هێرش (3%).

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە زۆر جاران هەبووە لە یەک هێرشدا چەند شێوازێکی جیاوازی هێرش بەکارهاتووە، جیا لەمە داعش بەپێی ناوچەکان پشتی بە شێوازی جیاوازی هێرش بەستووە، بۆ نموونە لە ڕومادی پشتی بە بۆمبی چێنراو بەستووە کە زۆربەی جاران بۆمبەکە بە ئۆتۆمبێلی خەڵکانێکی دیاریکراوی نێو شارەکەوە لکێنراوە و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە داعش لەناو شارەکەدا تۆڕێکی ڕێکخراوی بەهێزی هەیە.

پێوەرێکی دیکەی چالاکبوونی شانەنووستووەکانی داعش لە دوای ئازادکردنی ناوچەکە ئەوەیە کە ئاخۆ داعش تاوەکوو چەندە توانیویەتی لە یەک کاتدا چەندین هێرشی جۆراوجۆر لەو ناوچەیە بکات، ڕاپۆرتەکە نموونەی بێجی دەهێنێتەوە کە لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی تەنیا 5%ی هێرشەکان هێرشی فرەجۆر بوون. بەڵام لە شارێکی وەکوو تەدمور و ڕوتبە نزیکەی 14%ی هێرشەکان فرەجۆر بوون.

خاڵێکی دیکە کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەوەیە داعش سەرچاوەیەکی زەبەلاحی کەلوپەلی پێویستی بۆ هێرشی خۆکوژیی فرەلایەنی لەبەردەست نییە، بە تایبەتیش ئەو هێرشانەی کە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لەخۆدەگرن. بەگوێرەی داتاکانی (CTC) هەتا کۆتایی نیوەی یەکەمی 2016 لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی شارە ئازادکراوەکان، ژمارەی هێرشە فرەلایەنەکانی داعشیش بۆ سەر ئەو شارانە زیادی کردووە، بەڵام لەو کاتە بەدواوە سەرەڕای ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆری شارەکان، ژمارەی هێرشە فرەلایەنەکان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی شارە ئازادکراوەکان دابەزیوە.

### ئامانجی هێرشەکان

لە ڕاپۆرتەکەدا 12 جۆر ئامانجی هێرشەکان جیاکراونەتەوە: هێزەکانی سوپای عێراق، پۆلیسی عێراق، بەرپرسانی حکومەتی عێراق، سەحوەی عێراقی، میلیشیا شیعەکان، خەڵکی سیڤیل، پێشمەرگە، هێزە کوردییەکانی سووریا، چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و هێزەکانی ڕژێمی سووریا، هێزەکانی هاوپەیمانان و ئامانجەکانی دیکە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کۆی گشتی ڕێژەی هێرشەکان لە 100% زیاترە و ڕاپۆرتەکە هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زۆرجار دەکرێ لە یەک هێرشدا چەند گرووپێک کرابنە ئامانج. هێزەکانی سوپای عێراق قوربانیی سەرەکی هێرشەکانی داعش بوونە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان و 57%ی هێرشەکان لە دژی ئەوان بووە. ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەو هێزانە زۆرترین ناوچەیان لە ژێر دەستی داعش دەرهێناوە و کۆنترۆڵی ئاسایشی ناوچەکەش هەر کەوتووەتە ئەستۆی ئەوان.

لە پاش سوپای عێراق حەشدی شەعبی بە گەورەترین ئامانجی هێرشەکانی داعش لە قەڵەم دەدرێت و 53%ی هێرشەکان لە ناوچە ئازادکراوەکان لەسەر ئەم گرووپە بووە. ئەو هێزانە زۆربەی جاران لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ناوچەکاندا بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراقدا هێرشیان کردووە و بۆیە داعشیش بە هاوبەشی هێرشی کردووەتە سەر هەردووکیان. نموونەی ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانەش لە فەللوجە، تکریت و ڕومادی و ناوچەکانی دیکەی نێوەڕاستی عێراق دەبینرێ.

12%ی هێرشەکانی داعش لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دژی هێزی پێشمەرگە بووە. بەوپێیەش لە دوای سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، سێیەم ئامانجی سەرەکیی هێرشەکانی داعش بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە زۆرترین ژمارەی هێرش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پارێزگای نەینەوا بووە و لە کۆی 557 هێرشی داعش، لە 24%ی هێرشەکاندا هێزی پێشمەرگە کراوەتە ئامانج.

پاش هێزەکانی پێشمەرگەش هەر یەکە لە پۆلیسی عێراق (7%)، سەحوەی عێراق (4%)، بەرپرسانی حکومەتی عێراق (1%)، هێزە کوردییەکانی سووریا (1%) و ئەوانی دی (1%) دێت.

لە ناوچە ئازادکراوەکانی نەینەوا زۆربەی هێرشەکان لەدژی سوپای عێراق بوونە، لەو پارێزگایە لە 75%ی هێرشەکاندا سوپای عێراق کراوەتە ئامانج و لە 64%یشدا میلیشیا شیعەکان بە تەنیا یان هاوشان لەگەڵ سوپای عێراق بوونەتە ئامانج.

حەشدی شەعبی بەشدارییەکی سەرەکی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی پارێزگای سەلاحەددیندا هەبوو، بنکە و بارەگاکانی ئەو هێزانەش دوای گرتنەوەی پارێزگاکە ماونەتەوە. بۆیەش لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ئەو پارێزگایە زیاترین جار کراوە بە ئامانجی هێرشەکانی داعش. لە کاتی ئازادکردنی پارێزگای سەلاحەدینەوە هەتا 30ی نیسانی ئەمساڵ 451 هێرش کراون. لە 67%ی هێرشەکاندا حەشد بە تەنیا یان هاوشان لەگەڵ سوپای عێراق کراوەتە ئامانج. سوپای عێراقیش لە 38%ی هێرشەکاندا بە تەنیا یان هاوشان لەگەڵ هێزەکانی دیکە کراوەتە ئامانج، بەو پێیەش کەمترین ڕێژەی ئەو جارانەی هێزەکانی سوپای عێراق کراونەتە ئامانج لە پارێزگای سەلاحەددین بووە.

کەمترین ڕێژەی هێرشەکانی سەر حەشد لە پارێزگای ئەنبار بووە. لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ئەو پارێزگایە لە کۆی 249 هێرش 12%یان لە دژی هێزەکانی حەشد بووە و 61% بەتەنیا یان هاوشان لەگەڵ هێزەکانی دیکە لەدژی هێزەکانی سوپای عێراق بووە. لە هیچ پارێزگایەکی عێراق هێندەی ئەنبار هێرش نەکراوەتە سەر هێزەکانی سەحوە. لە کۆی 249 هێرشەکەی ئەو پارێزگایە لە 20%ی هێرشەکاندا هێزەکانی سەحوەش بەرکەوتوون. زیاترین ڕێژەی هێرش بۆ سەر هێزەکانی پۆلیسی عێراقیش هەر لەم پارێزگایە بووە کە 22% بووە.

لە سووریا هێزە کوردییەکان ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی داعش بوون. لە کۆی 138 هێرش کە لە ناوچە ئازادکراوەکانی سووریا کراون، لە 69%ی هێرشەکاندا هێزە کوردییەکان کراونەتە ئامانج. پاش هێزە کوردییەکانیش هێزەکانی سوپای سووریا دێن کە 26%ی هێرشەکان لە دژی ئەوان بووە.



لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیدا، داعش نزیکەی 81 هەزار میل چوارگۆشەی لەژێر دەستدا بوو

**هێرشەکانی داعش لە شارە ڕزگارکراوەکان**

| شار | وڵات | ژمارەی ڕۆژانی دوای کۆنترۆڵکردنەوە | ژمارەی هێرشەکان | تێکڕای مانگانەی هێرشەکان | ژمارەی کوژراوان |
|---|---|---|---|---|---|
| سەعدییە | عێراق | 888 | 47 | 1.6 | 45 |
| بێجی | عێراق | 557 | 387 | 20.8 | 429 |
| فەللوجە | عێراق | 307 | 12 | 1.2 | 49 |
| هیت | عێراق | 381 | 37 | 2.9 | 80 |
| گولاڵە | عێراق | 888 | 23 | 0.8 | 40 |
| جور ئەلسەخار | عێراق | 917 | 1 | 0.0 | 0 |
| بەری چەپی مووسڵ | عێراق | 96 | 417 | 130.3 | 52 |
| ڕومادی | عێراق | 449 | 163 | 10.9 | 335 |
| ڕوتبە | عێراق | 345 | 38 | 3.3 | 212 |
| شنگال | عێراق | 533 | 140 | 7.9 | 158 |
| تکریت | عێراق | 761 | 63 | 2.5 | 115 |
| عەزاز | سووریا | 1156 | 5 | 0.1 | 26 |
| جەرابلۆس | سووریا | 249 | 2 | 0.2 | 0 |
| مەنبج | سووریا | 260 | 41 | 4.7 | 268 |
| تەدمر | سووریا | 317 | 37 | 3.5 | 334 |
| شەدادی | سووریا | 436 | 55 | 3.8 | 431 |

تێبینی: ژمارەکانی ئەم خشتەیە هەتا 30/4/2017ن.

### ئەنجامگیری:

ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت "ئەم ڕاپۆرتە نایەوێت لە بایەخی دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش کەمبکاتەوە، بەڵکو مەبەستیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە دەرکردنی داعش وەکوو هێزێکی حوکمڕان لە ناوچەکان بەس نییە بۆ ئەوەی توانای ئەو گرووپە بۆ کردەوەی توندوتیژانە بنبڕ بکرێ.

ئەزموونی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سیمای داعشی پاش خەلافەتیش دەردەخەن. بۆیە ڕاپۆرتەکە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە سیاسەتی ئەمنی و ئیداری لە ناوچە ئازادکراوەکان بۆ قۆناغی پاش خەلافەتەکەی داعش، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەوەی ئاخۆ داعش دەتوانێ جارێکی دیکە زەمینەی سەرهەڵدانەوەی خۆی لەو ناوچەیەدا بڕەخسێنێتەوە یان نا.

# گەرمای کوردستان مەترسیدارە؟

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

پزیشکەکان هۆشداریی دەدەن کە گەرمای لە ڕاددەبەدەر دۆخێکی ناهەموار بۆ جەستە دروستدەکات و لەمپەر دەخاتە بەردەم کارکردنی سیستەمە جیاوازەکانی جەستە. هەروەها ناڕاستەوخۆش ڕێگاخۆشدەکات بۆ تووشبوون بە چەندین نەخۆشی، ئەکادیمی و ژینگەناسانیش دەڵێن گەرما زۆرەکەی ئێستا مرۆڤکردە و هەموو کەسێک ڕۆڵی بەردەکەوێ لە کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی دروستیدەکەن.

## گەرمای ئێستا مرۆڤکردە

گەرمبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، خەریکە دەبنە جیاکەرەوەیەکی ئەم سەردەمە. ئەمە جگە لەوەی دیاردەیەکی نەخوازراوی ژینگەییە، لێکەوتەی جۆراوجۆری تەندروستیشی هەن.

د.ساڵح نەجیب، پسپۆڕی ژینگە و مامۆستای زانکۆی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەراورد بە 100 ساڵ لەمەوبەر، پلەی گەرمی نزیکەی یەک پلە بەرزبووەتەوە، ئەگەر کاری پێویست نەکرێت، ئەوە 100 ساڵی داهاتوو 4 پلەی دیکەش بەرز دەبێتەوە و بەردەوامیی ئەم دۆخە دوور نییە بە قاتوقڕی کۆتایی بێت".

دوای بڕیاری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی پاریسی تایبەت با پاراستنی ژینگە لە ئەمساڵدا، فیزیازانی بەنێوبانگی جیهان ستیڤن هاوکینگ نامەیەکی ئاراستەی ترەمپ کرد و بڕیارەکەی ئەوی بە "خراپترین بڕیار لە جیهاندا" ناو برد و گوتی کە گەرمبوونی هەوا و تێکچوونی ژینگە هەڕەشەیەکی جددییە و ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوامبێ، دەبێ لە هەسارەیەکی دیکە بگەڕێین بۆ ژیان.

د.ساڵح دەڵێت ڕەنگە خەڵکی وابزانن بەرزبوونەوەی یەک پلەی گەرمی شتێکی سادەیە، بەڵام لە ڕاستیدا مەترسییەکی گەورەیە و هۆکاری دروستبوونی ئەو دۆخە ناهەموارە ژینگەییانەیە کە ئێستا زوو زوو سەرهەڵدەدەن "توانەوەی سەهۆڵبەندانی جەمسەرەکان و بە بیابانبوونی ناوچەگەلێکی بەرفراوانی جیهان بەهۆی گەرمبوونی هەوا و لێکەوتەکانییەوە، شەپۆلی نوێی کۆچی مرۆڤ دروستدەکات لەو ناوچانەوە بۆ ناوچە ئاوەدانەکانی جیهان، بەو هۆیەش ململانێی نوێ پەیدا دەبن لەسەر ئاو و خۆراک".



لە کوردستان هێشتا نەبووەتە نەریت لە هاویناندا شەپقە و چەتر بەکاربهێندرێت (فۆتۆ: ڕووداو)

وەک پسپۆڕەکە باسی دەکات، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، ڕەشەوڵاخ، ئۆتۆمبێل و کارگەکانەوە باڵانسی کاربۆنیی خاک و ڕێژەی گازەکانی نێو هەوا و چینی ئۆزۆنی ئاسمان هەموو تووشی زیان هاتوون "تاوەکوو ساڵی 1900 ژمارەی دانیشتووانی جیهان لە ملیارێک و 600 ملیۆن کەس تێپەڕ نەبووە، کەچی لە 117 ساڵی ڕابردوودا ژمارەکە هێندە زیادی کرد وا حەوت ملیار تێدەپەڕێنێ. ئەو هەموو مرۆڤە جگە لە هەناسەدانەوە و پیسکردنی ژینگە، دونیایەک پێداویستییان هەیە هەر لە ئاژەڵەوە بۆ ماکینە جیاوازەکان کە هەموویان ژینگە پیس دەکەن".

## زیانی تەندروستیی هەیە

پزیشکان هۆشداری دەدەن لە کاریگەرییە خراپەکانی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەسەر سیستەمە جیاوازەکانی جەستە.

د.زانیار نووری، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ بە (ڕووداو)ی گوت "لەشی مرۆڤ سیستمێکی خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ پلەی گەرمای دەوروبەر کە تواناکەی سنووردارە، بە تایبەت لە منداڵ و بەساڵاچوواندا، کاتێک گەرماکە لە توانای ئەو سیستمە دەردەچێ، ئیدی لەمپەر دروستدەبێ بۆ کارکردنی بەشە جیاوازەکانی جەستە".

د.زانیار هۆشداری دەدات کە گەرمای زۆر هەم شلەمەنی و هەم خوێیە پێویستەکان لە جەستە دەردەکات، بۆیە تەنیا خواردنەوەی ئاو بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەو شەربەتانەش بخۆنەوە کە ئاستی پێویستی خوێیەکانیان تێدایە.

وەک پزیشکە پسپۆڕەکە باسیدەکات، کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەرما بەپێی پلەی زیانلێکەوتنی جەستە دەکرێن بە چوار قۆناغەوە (شەکەتبوون، ئازاری ماسولکە، بوورانەوە و خۆربردن) لە حاڵەتە هەرە مەترسیدارەکاندا دوور نییە تووشی پەککەوتنی ئەندامەکانی هەناو و هەڵاوسانی مێشک ببن کە ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکە دەبێت.

دەزگای کۆنترۆڵکردن و ڕێگریکردن لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا (CDC) دەڵێت ڕاددەی کاریگەرییەکانی گەرما لەسەر تەندروستیی مرۆڤ لەسەر دوو لایەنی سەرەکی ڕاوەستاوە: یەکەم ڕاددەی شێ، بەجۆرێک تاوەکوو ڕاددەی شێ زیاتربێت ئارەقەکردنەوە کەمتر دەبێتەوە و بەوەش گەرمایەکی زۆرتر لەنێو جەستەدا قەتیس دەبێت و مەترسیی زیاتر لەسەر جەستە دروستدەبێت. لایەنی دووەمیش خاسیەتە تایبەتەکانی ئەو کەسەیە کە بەر گەرماکە کەوتووە، بۆ نموونە ئەم کەسانە زۆرتر لە مەترسیدان: کەسانی سەروو تەمەنی 65 ساڵ، منداڵانی خوار تەمەنی 2 ساڵ، کەمخواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکان، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن، هەندێک دەرمانی پزیشکی و خواردنەوە کحولییەکان.

د.زانیار دەڵێ بەهۆی ئەوەی کەشوهەوای کوردستان بەجۆرێکە کە شێی کەمە، بە دەگمەن ڕوودەدات خەڵکی تووشی قۆناغە ترسناکەکانی بەرکەوتنی گەرما ببن و زۆربەی خەڵک تەنیا تووشی قۆناغی یەکەم (شەکەتبوون) و بە ڕاددەیەکی کەمتر قۆناغی دووەم دەبن و ئەوانەش دەکرێ هەر لە ماڵەوە چارەسەر بکرێن لە ڕێگەی فێنککردنەوە و پێدانی شلەمەنییەکان و پشوودان.

جگە لە کاریگەریی ڕاستەخۆی گەرما لەسەر جەستە، د.زانیار باسی مەترسییە ناڕاستەوخۆکانی دەکات "لەم وەرزەدا ژینگەیەکی لەبارتر دەڕەخسێ بۆ گەشەی میکرۆبەکان لەنێو خۆراکەکاندا کە سکچوون و ڕشانەوەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە باشترە هاوینان کەمتر پشت بە خواردنی گەرمکراوە ببەستن و گرنگە هەموو ژەمێک خواردنی نوێ و تەنیا بەشی یەک ژەم ئامادە بکرێ".

## "هەمووان دەتوانن بەشدار بن"

د.ساڵح دەڵێ ڕووبەڕووبوونەوەی گەرمبوونی هەوا بە هەموو کەسێک دەکرێ بە چەندین ڕێگەی جیاواز "کوژاندنەوەی گڵۆپ و ئامێرێکی زیادەی کارەبایی، واتە گێڕانەوەی هەندێک وزە و کەمتر سووتاندنی بەرهەمە نەوتییەکان لەلایەن مولیدە کارەباییەکانەوە، بەو هۆیەوە بڕێکی کەمتر لە گازی ژەهراوی دەچێتە نێو هەوا".

## وەزارەتی تەندروستیش باسی چەتر و شەپقە ناکات

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا خەڵکی بێئەوەی پێیان بگوترێ، لە هاویناندا شەپقە و چەتر بەکاردەهێنن بۆ دووربوون لە کاریگەرییەکانی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی تیشکی خۆر، بەڵام لە کوردستان ئەمە هێشتا نەبووەتە نەریت و بە بڵاوی تێبینی ناکرێ.

لەکاتی شەپۆلی گەرمای ساڵی 2016دا، وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان چەند ڕێنماییەکی بڵاوکردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە خراپەکانی گەرما، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوانیش هانی خەڵکیان نەدا ڕوو بکەنە ڕێوشوێنە سادە و کاراکانی وەک بەکارهێنانی چەتر و شەپقە و چاویلکە و کرێمی دژەخۆر.

### ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ گەرما:

1 – ئەگەر زۆر پێویست نەبوو لە کاتە گەرماکانی ڕۆژ مەچۆ دەرەوە و لەماڵەوە بمێنەوە. سوود لەئامێرەکانی فێنککەرەوە وەربگرە.

2 – منداڵ و کەسانی بەتەمەن و ئەوانەی نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان هەیە وەک نەخۆشییەکانی سینگ و دڵ پێویستە لەماڵەوە و لەشوێنێکی فێنک بمێننەوە.

3 – ئەو کرێکارانەی بەردەوامن لەکارەکانیان لەڕۆژدا، پێویستە تا دەکرێت خۆیان لە تیشکی خۆر بپارێزن و ماوە ماوە پشووبدەن لە شوێنێکی سێبەر و فێنک و بڕێکی زیاتر ئاو و شلەمەنی بخۆنەوە.

4 – لەم ماوەیە خواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکان زیاتر بکەن بۆ خۆپاراستن لە وشکبوونەوە و کاریگەریی تیشکی خۆر.

# هەژارەکان زۆرتر تووشی نەخۆشی دەبن

د.خاڵس قادر

هۆشیاریی تەندروستی، کۆمەڵێک چالاکییە کە زانیاری و کارامەیی دروست دەکات لەلای تاک و کۆمەڵ، یارمەتیدەرە لە وەرگرتنی بڕیاری دروست بۆ پەیڕەوکردنی ڕەفتاری دروست .

## بۆ کێ پێویستە؟

1- کەسی ساغ بۆ پاراستنی تەندروستیی خۆی و پێشگرتن لە نەخۆشکەوتنی.

2- کەسێک مەترسیی نەخۆشکەوتنی هەیە، وەک جگەرەکێش .

3- کەسی نەخۆش، بۆ زانینی ناساغییەکەی و چۆن ڕەفتارکردن بۆ چاککبوونەوە و باشتربوون، یان دوای وەرگرتنی چارەسەر، چۆن چارەسەر بەکاربێنێ؟ دوای قەستەرە و باڵۆن چی بکات؟ دوای نەشتەرگەری چی بکات؟ بۆ نموونە چارەسەری سروشتیی سینگ دوای نەشتەرگەری .

فاکتەرەناتەندروستییەکان (کۆمەڵایەتییەکان) کە کار دەکەنە سەر تەندروستیمان بریتین لە داهاتی کەسەکە، خوێندەواری، کار، شوێنی کار، ماڵ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بوونی پێداویستیی تایبەت.

هەمووان دەزانن کە فاکتەری تەمەن، ڕەگەز، جینات کاردەکاتە سەر تەندروستیمان. زۆربەشمان دەزانین کە فاکتەری خۆراکی تەندروست، وەرزش، عاداتی وەک جگەرە و کحول کار دەکاتە سەر تەندروستیمان، بەڵام زۆر کەم درک بەوە دەکەن کە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەنە سەر تەندروستیمان، بۆ نموونە فاست فوود پارەی کەمتری دەوێ لە ژەمە خۆراکێکی تەندروست لە ڕێستۆرانتێک، بۆیە ئەوانەی داهاتیان کەمترە زیاتر تووشی نەخۆشی دڵ دەبن، چونکە کەمیی داهاتیان کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنی خواردنی دروست. هەروەها ماڵ و حاڵیان و شوێنی ژیانیان وابەستەی داهاتە کە کاریگەریی هەیە لەسەر تەندروستی. بێکاری کە گوشاری دەروونی (سترێس) دروست دەکات، ئەویش دەبێتە نەخۆشیی دڵ، کەمخەوی و کەمکردنەوەی بەرگریی لەش و زوو نەخۆشبوون.

تەندروستی وەک ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی دەکات، بریتییە لە حاڵەتی باش بوون لەلایەنی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی، نەک تەنیا نەبوونی نەخۆشی .

کۆمەڵایەتی لایەنی ئابووری، ژینگە و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. لە کوێ دەژیت، لە کوێ کاردەکەیت و یاری دەکەیت .

کەسی هۆشیار لەلایەنی تەندروستی، کەسێکە ئاگاداری تەندروستیی خۆیەتی، کەسی هۆشیار لەلایەنی تەندروستی بەم خاڵانەی خوارەوە دەناسرێتەوە.

1- ئاگای لە کێشی لەشی خۆیەتی، دەزانێت دواجار کە خۆی کێشا، کێشی چەند بوو.

2- ئاگای لە خواردنی خۆیەتی، دەزانێت چەند دەخوات، چی دەخوات و کەی دەخوات؟

3- وەرزش لەلای گرنگە، ڕۆژانە چەند دەجوڵێ و چەند وەرزش دەکات .

4- ئاگای لە پێداویستی دەروونیی خۆیەتی بۆ پشوودان، سەفەر و گەڕان و هاتوچۆی خزم و برادەر بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی کە ئەویش بەشێکی گرنگی تەندروستییە، چونکە تەندروستی حاڵەتی باشبوونی جەستە و دەروون و کۆمەڵایەتییە.

5- خووی خراپ و ناتەندروستی نییە وەک جگەرەکێشان، نێرگەلەکێشان و خواردنەوەی کحول و خواردنەوە گازییەکان ( بەبڕی زۆر بە بەردەوامی).

6- ئەگەر تەمەنی سەرووی 40 ساڵ بوو، دەبێ بزانێ دواجار کەی بوو گوشاری خوێنی گرت و چەند بوو، هەروەها شەکرەکەی؟ چەوریی چەندە؟ کێشی چەندە؟



* پزیشکی شارەزا لە نەخۆشییەکانی هەناو

# کرێمی دژەخۆر لە شێرپەنجەی پێست دەتپارێزێ

ڕووداو- ئاژانسەکان

ئەکادیمیای پزیشکانی پێست لە ئەمریکا دەڵێ هەموو کەسێک پێویستە دژەخۆر بەکاربهێنێ بۆ دووربوون لە شێرپەنجەی پێست کە وا مەزەندە دەکرێ پێنجیەکی دانیشتووانی ئەمریکا لە یەکێک لە قۆناغەکانی تەمەنیاندا تووشی ببن.

کرێمی دژەخۆر بەکاردەهێنرێ تاوەکوو نەهێڵێ بڕی زیانبەخشی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەر پێست بکەوێت، چونکە ئەو تیشکە ڕەنگی پێست تێکدەدات، چرچی دەکات و ئەگەری تووشبوونی بە شێرپەنجە زیاد دەکات. بەبێ دژەخۆر 80%ی تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر، پێست دەبڕن و دەچنە ناوەوە .

زۆربەی دژەخۆرەکان بە یەکێک لەو دوو ڕێگایە ڕێگری لە تیشکی سەروو وەنەوشەیی دەکەن:

1- پەرشکردنەوە و گێڕانەوەی ئەو تیشکە زیانبەخشەی بەر ڕووکارەکەیان دەکەوێت.

2- هەڵمژینی شەپۆلەکە بەرلەوەی بگاتە پێست.

## چ دژەخۆرێک بەکاربهێنین؟

ئەکادیمیا ئەمریکییەکە لە ماڵپەڕی خۆیاندا دەڵێن، ئەو دژەخۆرەی بەکاری دەهێنی دەبێ ئەم سێ جیاکەرەوەیەی هەبن، تاوەکوو سوودێکی بەرچاوت پێبگەیێنێ:

1- ئێس پی ئێف لە 30 کەمتر نەبێ.

2- ڕێگری لە هەردوو جۆرەکەی تیشکی سەروو وەنەوشەیی (ئەی و بی) بکات

3- بە ئارەقە و ئاو نەشۆردرێتەوە

## ئێس پی ئێف چییە؟

توانای هەر کرێمێکی دژەخۆر بۆ ڕێگریی لە تیشکی سەروو وەنەوشەیی بە پێوانی (SPF: Sun Protection Factor)ی ماددەی دژەخۆری کرێمەکە دیاری دەکرێت.

بەوپێیە SPFی 15 مانای وایە کرێمەکە 94%ی تیشکی سەروو وەنەوشەیی ڕادەگرێت و ناهێڵێت بەر پێست بکەوێت. SPFی 30 واتە بە ڕادەی 97% ڕێگری لێدەکات، SPFی 45 واتە 98% ڕێگەی لێدەگرێ.

بۆ تێگەیشتن لە SPF ، پێویستت بەم لێکدانەوە سادەیەیە: ئەگەر لە باری ئاساییدا لەماوەی 10 خولەکدا هەست بە سووتانەوەی پێستت بکەی، ئەوا دوای بەکارهێنانی کرێمێکی خاوەن ئێس پی ئێفی 15 دەتوانیت 150 خولەک لەبەر هەتاو بیت بەرلەوەی پێستت بسووتێتەوە .

بەگشتی پسپۆڕان دەڵێن هەر SPFێکی سەروو 45 ڕادەیەکی ئەوتۆی بەرگری زیاد ناکات و هیچ دژەخۆرێک نییە 100% ڕێگا لەو تیشکە زیانبەخشە بگرێ...

## تیشکی سەروو وەنەوشەیی

تیشکی سەروو وەنەوشەیی دوو جۆرە: A و B، جۆری B دەبێتە هۆی سووتانەوە و ژاکاندنی ڕووکاری دەرەوەی پێست، کەچی جۆری A کار لە چینە قووڵەکانی پێست دەکات و چرچیی پێست دروست دەکات.

ماددەی دژەخۆرەکە تەنیا ڕێگا لە جۆری B دەگرێت و کارێکی ئەوتۆی بەسەر جۆری A یەوە نییە، ئەگەر جۆرە ماددەیەکی دیکەی بۆ زیاد نەکرابێ، وەک ئۆکسیدی زینک یان پیرۆکسیدی تیتانیۆم یان هەر بەرگێکی بەرگریکاری کیمیایی دیکە .

بۆیە کاتێک دژەخۆر دەکڕیت، نابێ بیرت تەنیا لای بەرزێتی SPFکەی بێت، بەڵکو بیرێکیش لەوە بکەوە ئایا لەو ماددانەشی تێدایە کە ڕێگری تیشکی سەروو وەنەوشەیی لە جۆری A دەکەن؟

## کەی لە پێستمانی بدەین؟

دەبێ 15 خولەک بەر لە چوونە دەرەوە لە پێستتی بدەیت و هەموو دوو کاژێرێک دووبارە لێی بدەیتەوە. دوای مەلەکردن و ئارەقکردنەوەش باشترە دووبارە لە پێستتی بدەیتەوە.



## دامەزراوەیەکی ئەمریکی

# قەتەر بە بەڵگەوە هاوکاریی ڕێکخراوە توندئاژۆکانی کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

**ماوەی مانگێک بەسەر گرژییە سیاسییەکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ قەتەر تێدەپەڕێت. یەکێک لەو خاڵانەی وڵاتانی کەنداو و ئەمریکاش قەتەری پێ تۆمەتبار دەکەن، پشتگیریکردنی قەتەرە لەو ڕێکخراوانەی کە لە لیستی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکادان. دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسییەکان (FDD) لە ڕاپۆرتێکدا پەردە لەسەر پەیوەندییەکانی حکومەت و کەسایەتییەکانی قەتەر لەگەڵ ڕێکخراوە توندڕەوەکان هەڵدەداتەوە.**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسییەکان (FDD) کە دامەزراوەیەکی ئەمریکییە، لەپاش هاتنە سەر کاری شێخ تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئالسانی، ئەمیری قەتەر، ئەمریکا چاوی لەوە بوو ئەمیرە نوێیەکە هەنگاوی توند بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندئاژۆکان بهاوێژێ، بەڵام ڕاپۆرتەکانی حکومەتی ئەمریکا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا جەخت لەوە دەکەنەوە کە قەتەر هێشتا ڕێگەیەکی دووری لە پێشە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو کەس و ڕێکخراوانە ببێتەوە کە لە ناوخۆی ئەو وڵاتانەوە هاوکاریی گرووپە توندئاژۆکان دەکەن.

### قەتەر و بەرەی نوسرە

لەو چەند ساڵەی دواییدا، قەتەر بە پێچەوانەی وڵاتانی دراوسێی، بڕیاری داوە لیستی ئەو ڕێکخراوانە بڵاونەکاتەوە کە کارکردنیان لە قەتەر قەدەغەیە، هەر ئەوەش وای کردووە هەڵوێستی یاسایی حکومەتی قەتەر بەرامبەر بە ڕێکخراوە توندئاژۆکان دیار نەبێت. ئەمیری قەتەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی (CNN)ی ئەمریکی کە ساڵی 2014 لەگەڵی کراوە، گوتبووی "هەندێک بزووتنەوە هەن کە لە چاوی ئەمریکاوە بە بزووتنەوەی تیرۆریستی دەناسرێن، بەڵام لەو ناوچەیەی ئێمەدا بە تیرۆریستیان نازانین". یەکێک لەو بزووتنەوانە بەرەی نوسرەیە کە ئێستا ناوەکەی بۆ هەیئەی تەحریری شام گۆڕاوە.

دۆسیەی پەیوەندی و یارمەتییەکانی قەتەر بۆ ڕێکخراوە توندئاژۆکان چەند ڕوویەکی هەیە، یەکەمیان یارمەتیی ناڕاستەوخۆی حکومەتی قەتەرە بۆ ئەو ڕێکخراوانە کە تێیدا قەتەر ڕۆڵی نێوبژیوان دەگێڕێت و پارەی بەرتیل بە ڕێکخراوەکە دەدات. دووەمیان هاوکاریی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان و ناوەندە حکومییەکانی قەتەرە بۆ ئەو ڕێکخراوانە، لایەنی سێیەمیشیان ئەو تاکەکەسانەن کە لە نێوخۆی قەتەرەوە یارمەتی ڕێکخراوەکان دەدەن. بە گوێرەی دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان "8 بۆ 12 کەس لە قەتەر هەن کە چەندین ملیۆن دۆلاریان بۆ گرووپە جیهادییەکانی سووریا کۆکردووەتەوە".

### بەرتیل بۆ ئازادکردنی بارمتەکان

حکومەتی قەتەر جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوان ژێر بە ژێر یارمەتی گرووپە توندئاژۆ توندوتیژەکان نادەن، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەی بەرگریی لە دیموکراسییەکان لە چەندین حاڵەتدا ڕاپۆرتی ئەوە هەیە کە قەتەر ئاسانکاری کردووە بۆ ئەوەی بەرتیلەکان بەدەست ئەو گرووپانە بگات.

دوو نموونەی هەرە دوایی ئەوەش بۆ ئازادکردنی سێ پەیامنێری ئیسپانی لە ئایاری 2015 دەگەڕێتەوە کە 11 ملیۆن دۆلار بە نوسرە دراوە بۆ ئەوەی بارمتەکان ئازاد بکات. هەروەها دانی دەیان ملیۆن دۆلار بە نوسرە و ئەحرار شام بۆ ئەوەی ژمارەیەک بارمتەی شیعە لە سووریا ئازاد بکەن. ئەو بارمتە شیعانە لەگەڵ 700 ملیۆن دۆلار ڕادەستی ئێران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کراون بۆ ئەوەی حەشدی شەعبی کۆمەڵێک بارمتەی خێزانی شاهانەی قەتەر و سعودیە ئازاد بکات.

### تاکەکەسەکان:

هەندێک لە چاودێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تەنیا یەک کەسی بەڕەچەڵەک قەتەری لە نێوان ئەو کەسانە دایە کە ئەمریکا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی گرووپە توندوتیژەکان سزای بەسەردا سەپاندوون. ڕاپۆرتەکەی (FDD) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەرچی ئەو ژمارەیە ڕاستە، بەڵام ژمارەیەک خەڵکی دیکە هەن کە بەڕەچەڵەک قەتەری نین و لە نێوخۆی قەتەر نیشتەجێن و هاوکاری دارایی و سەربازیی بۆ ئەو گرووپانە کۆدەکەنەوە یان یارمەتی گرووپە دەدەن. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە شەش ناو دەکرێ کە لە قەتەرن و پارە بۆ ڕێکخراوە توندڕەوەکان کۆدەکەنەوە.

### برایانی عەبدولسەلام

لە ئەیلوولی 2014، وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای بەسەر دوو برای بەڕەچەڵەک ئوردنیدا سەپاند کە لە قەتەر نیشتەجێن و ناویان ئەشرەف محەممەد یوسف عەبدولسەلام و عەبدولمالیک محەممەد یوسف عەبدولسەلام (ناسراو بە عومەر قەتەری)یە. ئەو دوو برایە تۆمەتبارن بەوەی یارمەتیی بەرەی نوسرە و قاعیدەیان داوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، ئەشرەف لە ساڵی 2005ەوە لەگەڵ قاعیدەی عێراق کاری کردووە و لە ساڵی 2012شەوە هاوکاریی دارایی و تەکنیکی بۆ نوسرە گواستووەتەوە. ئەشرەف لە لیستی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکانیشدایە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کەسە لە سەرەتاکانی 2014 چووەتە سووریا و هەتا کۆتایی 2016 هەر لەوێ بووە.

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2014دا ئاشکرای دەکات کە ئەشرەف لە 2012 ڕێی خۆشکردووە بۆ ئەوەی هاوکارییە داراییەکانی خەلیفە محەممەد تورکی سوبەیعی بەدەست قاعیدەی پاکستان بگات. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (FDD) کەیسی هاوکارییەکانی سوبەیعی لە ڕێگەی ئەشرەفەوە تێڕوانینێکی نێگەتیڤ بەرامبەر قەتەر دروستدەکات، لەبەر ئەوەی قەتەر لە 2008 بۆ ماوەیەکی کورت سوبەیعی دەستگیرکرد. دوای ئازادکردنیشی بەڵێنی بە ئەمریکا دابوو لە ژێر چاودێریی توندی هەواڵگریدا بێت.

ئەشرەف پێشتر دوو جار لە ئوردن و بەحرەین دەستگیرکرابوو، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە کە حکومەتی قەتەریش دەستگیری کردبێ.

عەبدولمالیک هاوشێوەی براکەی تۆمەتبارە بەوەی پارەی بۆ قاعیدە ناردووە، لە گواستنەوەی کەلوپەلدا یارمەتیی داون و ئەندامیشی بۆ نوسرە و قاعیدە کۆکردووەتەوە. بەگوێرەی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا، دەیان هەزار دۆلاری لە پارەی سوبەیعی بۆ قاعیدە و سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە گواستووەتەوە.

عەبدولمالیک لە 2012 لە لوبنان دەستگیرکرا، دوای ئەوەی 230 هەزار دۆلار و بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی و دووربینی شەوی لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەستوپەیوەند لە تورکیاوە ڕەوانەی ناو سووریا کردبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەی بەرگریی لە دیموکراسی، قاعیدە چەندین جار لە ڕێگەی پێشنیازی گۆڕینەوەی بارمتە و تەقینەوە هەوڵی ئازادکردنی عەبدولمالیکی دابوو، بەڵام هەوڵەکانیان سەری نەگرتبوو.

حکومەتی لوبنان لە 2016 ئەو گومانلێکراوەی ئازادکرد و هەمانساڵ حکومەتی ئوردن دەستگیری کردەوە و پاش دەستگرتن بەسەر پاسپۆرتەکەی ئازادیان کرد. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەندامانی خێزانی عەبدولمالیک چەندینجار بە پاسپۆرتی ساختە سەردانی سعودیە و قەتەریان کردووە، بۆیە وەرگرتنەوەی پاسپۆرت لێی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هاتوچۆی ئەو نابێت.

### ئەبو عەبدولعەزیز ئەلقەتەری

باوکی عەبدولمالیک و ئەشرەف کە ساڵی 2014 مرد. بە ڕەچەڵەک فەلەستینی و وڵاتینامەی ئوردنیی هەبوو، دامەزرێنەری گرووپی توندئاژۆی جوندولئەقسا بووە لە سووریا. ناوی ڕاستەقینەشی محەممەد یوسف عوسمان عەبدولسەلام بووە. جوندولئەقسا لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە خراوەتە لیستی تیرۆرەوە و دواتریش لەگەڵ بەرەی فەتحی شام (نوسرەی جاران و هەیئەی تەحریری شامی ئێستا) یەکی گرت.

بەپێچەوانەی کوڕەکانی، قەتەری پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوەندیی قاعیدە هەبووە، لەوانەش ئوسامە بنلادن، ئەیمەن زەواهیری و عەبدوڵڵا عەزام. بەپێی ڕاپۆرتی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەبو عەبدولعەزیز چالاکییەکانی خۆی لە ئەفغانستانەوە دەستپێکردبوو، دواتر بۆ ماوەیەکی کورت ڕووی لە چیچان کردبوو و دواتریش یارمەتی ئەبو موسعەب زەرقاوی داوە قاعیدەی عێراق دابمەزرێنێ.

بەپێی دانپێدانانی ئەندامانی قاعیدە، ئەبو عەبدولعەزیز لە ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق و دواتر دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقدا پلەی باڵای هەبووە. هەندێکجاریش بە محەممەد یوسف فەڵەستینی ناوی هاتووە.

زۆر سەرچاوە دەڵێن ئەبو عەبدولعەزیز لە قەتەر ژیاوە. عەبدولمالیکی کوڕی دانی بەوەدا ناوە کە لە قەتەر لەگەڵ باوکی کاری کردووە و باوکی لە کاری بازرگانیی ئۆتۆمبێلی پۆرشدا بووە. سەرچاوەی دیکەش دەڵێن دوای بەشداریکردنی لە هێرشەکانی دژی هاوپەیمانان لە عێراق لە دوای 2003 ، ڕووی لە قەتەر کردووە.

قەتەری دەستی باڵای لە دامەزراندنی بەرەی نوسرەدا هەبووە، لەگەڵ ئەبو محەممەد جۆلانی و کۆمەڵێکی دیکە لە باوەڕپێکراوەکانی ئەبوبەکر بەغدادی دەچنە سووریا و لەوێ شانەی نووستوو دروست دەکەن.

قەتەری لە سەرەتای 2014 لە باکووری سووریا کوژرا. ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە پاش کوژرانی ئەبوعەبدولعزیز، یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی ئەبو ئەحمەد پلەیەکی باڵای لە جوندولئەقسادا هەیە. داعش لە ڤیدیۆیەکدا ئەبو ئەحمەدی قەتەری بەوە تۆمەتبار دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکانی قەتەردا هەیە. بەرپرسێکی قاعیدەش ئەبو ئەحمەدی بەوە تۆمەتبار کردووە کە ڕێگەی داوە دەزگا هەواڵگرییەکان دزە بکەنە ناو (جوند)ەوە. هەڵبەت مێژووی ئەو جۆرە گومانانە بۆ سەردەمی ئەبو عەبدولعەزیز دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو کاتیش ژمارەیەک سەرچاوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە (جوند) پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک بازرگانی قەتەری و کوەیتیدا هەیە و بەناوی کاری خێرخوازی یارمەتی دارایی بۆ دەگوازنەوە.

### ئیبراهیم عیسا بەکر:

کاتێک ئەمریکا سزای بەسەر ئەشرەف و عەبدولمالیکدا سەپاند، لەگەڵ ئەوان سزای بەسەر هاووڵاتییەکی قەتەری بە ناوی (ئیبراهیم عیسا بەکر)یشدا سەپاند کە هەندێکجار بە ئەبو خەلیل ناوی دەهێنرێ. لە ڕاپۆرتی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکادا هیچ ئاماژەیەکی زەق و ڕاستەوخۆ نییە کە ئیبراهیم عیسا پشتگیریی مادی بۆ نوسرە ناردبێت، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەبو خەلیل لە ساڵی 2012 هاوکاریی عەبدولمالیک و دەستوپەیوەندەکانی کردووە بۆ ئەوەی بە هاوکاریی خەڵکانی قاعیدە لە سووریا "چەک و کەلوپەلی دیکە لە لوبنانەوە بۆ سووریا بگوازنەوە".

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لەسەر مامەڵەی حکومەتی قەتەر لەگەڵ دۆسیەی ئەبوخەلیفە ڕەخنەی لە حکومەتی قەتەر گرتووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی حکومەتی ئەمریکا، ئەبو خەلیفە لە 2000 لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی قەتەرەوە دەستگیرکرابوو، بەڵام "پاش ئەوەی بەڵێنی دابوو لە قەتەر چالاکی تیرۆریستی نەکات ئازادکرا". بەڵام لە پیلانی هێرش بۆ سەر بنکەی سەربازی ئەمریکا لە قەتەر لە 2006 دەستێکی باڵای هەبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (FDD) هاووڵاتییە قەتەرییەکە لە 2006 دەستگیرکراوەتەوە، بەڵام ساڵی 2007 بەبێ هیچ دادگاییەک ئازادکراوەتەوە. حکومەتی ئەمریکا ڕەخنەی ئەوەشی گرتووە کە سەرەڕای ئەو کارانە، ئیبراهیم عیسا لە 2012 توانیویەتی بگاتە ویلایەتی وەزیرستان لە پاکستان. ئەمەش 10 ساڵ دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کردبوو کە ئەبو خەلیفە دەیان هەزار دۆلاری بۆ قاعیدە لە پاکستان ڕەوان کردووە.

ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەی بەرگریی لە دیموکراسییەکان ئەوەش دەخاتەڕوو کە نازانرێ ئەبو خەلیفە گەڕاوەتەوە قەتەر یان نا، هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە بیسەلمێنێ دادگای قەتەر سزای بۆ دیاریکردبێ.

### کەعبی و کەواری

لە نێوان ئەوانەی بەشی دژە تیرۆری وەزارەتی گەنجینەی قەتەر سزای بەسەردا سەپاندوون دوو هاووڵاتیی قەتەری هەن بە ناوەکانی سەعد بن سەعد ئەلکەعبی و عەبدولەتیف بن عەبدوڵڵا ئەلکەواری. بە گوتەی بەرپرسێکی حکومەتی ئەمریکا ئەو دوو کەسە بەشدار بوون لە تۆڕێکی ئەنتەرنێتی کۆکردنەوەی پارە بە ناوی (مەدەد ئەهل ئەلشام). ئەم تۆڕە هاوکاریی مرۆیی بۆ سووریا کۆدەکردەوە، بەڵام هاوکات لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە هاوڕێیەکی بەرچاویشی بۆ نووسرە کۆدەکردەوە. ئەو تۆڕە لە ژێر چاودێری "ناوەندی قەتەری بۆ کاری خۆبەخشانە" کاری کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکی ئەو ناوەندە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی قەتەر بووە. لە بابەتێکیش کە لە 2013 لە ماڵپەڕی ناوەندەکە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ کرابوو کە هاوکارییەکانی ئەو ناوەندە بۆ سووریا لە ڕێگەی "خۆبەخشەکانی مەدەد ئەهل ئەلشام"ەوە ڕەوانە کراوە.

بە گوتەی بەرپرسەکەی حکومەتی ئەمریکا کەواری زیاتر فۆکەسی لەسەر ئەوە بووە هاوکاری دارایی لە سپۆنسەرە قەتەرییەکان وەربگرێت و بۆ بەرپرسانی قاعیدە لە باشووری ئاسیای بنێرێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) بەرەی نووسرە تۆڕی مەدەد ئەهل ئەلشامی بە یەکێک لەو سپۆنسەرانە زانیوە کە بە دڵیانە. نووسرە پشتگیری خۆی بۆ ئەو تۆڕە خێرخوازییە لە دوو تویتدا دەربڕیبوو، دواتر هەر دوو تویتەکە لەسەر تویتەری تایبەتیی تۆڕی مەدەد ئەهل ئەلشام دانرابوونەوە.

لە ڕاپۆرتی تایبەت بە تیرۆر لە 2014، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند "قەتەر کەمپینی ئۆلاینی مەدەد ئەهل ئەلشامی داخستووە". بەپێی ڕاپۆرتەکەی (FDD) خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە یەک ساڵی ویست هەتا قەتەر بڕیارێک لە دژی ئەو تۆڕە دەربکات، هەرچەندە هیچ بڕیارێک لە دژی ئەو دوو هاووڵاتییە قەتەرییە دەرنەچوو، بۆیەش ئەمریکا بڕیاری دا تاکلایەنە سزا بەسەر کەعبی و کەواریدا بسەپێنێ.

قەتەر ئامادە نەبووە بڕیاری قەدەغەی گەشت یان سڕکردنی سامان لەدژی ئەو دوو هاووڵاتییەی خۆی دەربکات، تاوەکو دواجار نەتەوە یەکگرتووەکان سزای بەسەر ئەو دوو کەسەدا سەپاند و قەتەریش ناچار بوو پابەند بێت. لە ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هەر دوو کەسەکە لە قەتەر دەژین، بەم حاڵەشەوە نە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و نە لە بەڵگەنامەکاندا هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی قەتەر ئەو دوو کەسەی دەستگیرکردبێ یان سزایەکی بەسەردا سەپاندبن.

بەگوێرەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، کەعبی لە ساڵی 2012ەوە هاوکاری نوسرەی کردووە، هەروەها لەسەر داوای قاعیدە هەڵمەتی کۆکردنەوەی پارە بۆ چەک و خواردنی دەستپێکردووە.

بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا کەواری بە بەرپرسێکی ئەمنی قاعیدە دەزانن، هاوکاری قاعیدەشی کردبوو بۆ گواستنەوەی دەیان هەزار دۆلار. بە گوێرەی ئەو بەرپرسانە، کەواری 10 ساڵ پێشتر لە پاکستان هاوکاری قاعیدەی کردووە و لەگەڵ ئیبراهیم بەکر و حەسەن گول پەیوەندی هەبووە. حەسەن گول بەرپرسێکی باڵای قاعیدە و کەسێکی نزیک لە ئوسامە بن لادن بووە، لە ساڵی 2004 لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لە کەلار دەستگیرکرا. کەواری پاسپۆرتی ساختەی بۆ گول دروستکردبوو بۆ ئەوەی بتوانێ بێتە قەتەر. هێزە ئەمنییەکانی قەتەر لە 2004 کەسێکیان بە هەمان ناوی سیانی دەستگیرکردبوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی حکومەتی ئەمریکاش کەواری لە ساڵی 2007 توانیبووی پاسپۆرتێکی نوێی قەتەری وەربگرێت.



شەش کەس کە بەڕەچەڵەک قەتەری نین، لە قەتەر پارە بۆ گرووپە توندڕەوەکان کۆدەکەنەوە

# ئەمریکا و ئێران لەسەر لێواری پێکدادان



لەدوای داعش، ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی سەخت هەیە لە نێوان هێزەکانی لایەنگری سووریا و ئێران لەلایەک و هێزەکانی نزیک لە ئەمریکا لەلایەکی دیکە

**ڕووداو – هەولێر**

مانگی ڕابردوو هێزەکانی ئەمریکا چوار جار لە هێزەکانی نزیک لە حکومەتی سووریا و ئێرانیان دا، ئێرانیش شەش مووشەکی ئاراستەی دێرەزوور کرد. بەرپرسانی پێشووی ئەمریکا و شارەزایانی سیاسی پێیانوایە ئەو ڕووداوانە دەکرێ سەرەتای جەنگێکی پلان بۆ دانەڕێژراو بن لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی حکومەتی سووریا کە سەرەتاکەی لە ڕۆژهەڵاتی سووریاوە دەردەکەوێ.

ڕۆژی 18ی حوزەیران، هێزی ئاسمانیی ئەمریکا فڕۆکەیەکی سوپای سووریایان خستەخوارەوە. هەمان ڕۆژ ئێران شەش مووشەکی ئاراستەی بنکەکانی داعش لە دێرەزوور کرد کە تەنیا دوو دانە لە مووشەکەکان لە نزیک ئامانجەکان کەوتن. سوپای ئەمریکا ڕایگەیاند کە لێدان لە فڕۆکە سوورییەکە تەنیا بۆ پاراستنی هاوبەشەکانی ئەمریکا (واتە هێزەکانی سووریای دیموکرات) لە شەڕی دژی داعش بووە. ئەوە یەکەمجارە لە ماوەی 18 ساڵی ڕابردوودا هێزەکانی ئەمریکا فڕۆکەی وڵاتێکی دیکە بکەنە ئامانج.

ئێرانیش ڕایگەیاند کە هێرشە مووشەکییەکانی سەر دێرەزوور وەڵامێک بووە بۆ هێرشەکانی داعش لە تاران. ئەوە یەکەمجارە لە 16 ساڵی ڕابردوودا ئێران هێرشی مووشەکیی دووربڕ بکاتە سەر ناوچەیەکی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی.

### شەڕی داعش و ئاکامەکەی بۆ ئەمریکا

لە ساڵی 2014ەوە ئەمریکا هەوڵی داوە شەڕی داعش لە شەڕی نێوخۆیی سووریا جیابکاتەوە و بە کردەوە لە شەڕەکەوە تێنەگلێت، بۆ ئەوەی خۆی لە لێکەوتە سیاسی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئەو شەڕە بپارێزێت. شارەزایان پێیانوایە دوای لێدانی هێزەکانی نزیک لە ئەسەد و خستنەخوارەوەی فڕۆکەی سوپای سووریا، ئەو قۆناغە لە سیاسەتی ئەمریکا خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت.

فەیسەڵ ئیتانی، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، پێیوایە "ئەمریکا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە شەڕی سووریا" و ئەگەر لەسەر تێکشاندنی داعش سوور بێت، ئەوە دوو بژارەی لەبەردەستە، یەکەمیان: "پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی بەرفراوانتر لە سووریا کە مەترسییەکی زیاتریشی بەدەمەوەیە". بژاری دووەمیشیان بەڕای ئەو، ئەوەیە خۆی لە پێکدادان لەگەڵ ئێران و سووریا بپارێزێت، بە بۆچوونی ئیتانی ئەم سیاسەتەیان لە کورتخایەندا "مەترسییەکی کەمتری بەدواوەیە، بەڵام هەڕەشە لە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ئەمریکا دەکات".

چارڵز لیستەر، شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، دەڵێت گرژبوونی ڕەوشەکە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بەرهەمی ساڵانێک سیاسەتی لێڵی ئەمریکایە لە سووریا. سیاسەتی موحافەزەکارانەی ئەمریکا لە بەرامبەر قەیرانی سووریا لەلایەکەوە ڕێگەی بە داعش دا یەک لەسەر سێی خاکی سووریا بگرێ، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگەی چۆڵ کرد بۆ ئەوەی ڕووسیا، ئێران و حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکان پێگەی ئەسەد لە سووریا بەهێزتر بکەن.

لیستەر پێیوایە "هەتا ئەم ماوەیەی دواییش دەکرا بە کەمترین مەترسی، هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا جێگیر بکرێن، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گۆڕاوە. هەموو لایەنەکان فۆکەسیان لەسەر ئەو ناوچەیەیە، بە جۆرێک هەموو هێزەکان دەیانەوێت داعش لەو ناوچەیە تێکبشکێنن و خۆیان ناوچە ڕزگارکراوەکان کۆنترۆڵ بکەن".

### پلانی ئێران و نیگەرانییەکانی ئەمریکا

ئێران لە سووریا هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی کۆریدەری شیعە دروست بکات کە لە تارانەوە هەتا کەناراوەکانی دەریای نێوەڕاست درێژدەبێتەوە. بۆ ئەوەش لەهەردوو دیوی سنوورەکە پشت بە میلیشیا شیعەکان دەبەستێت. بەشێک لەو پلانە لە عێراق تەواوبووە، لەبەر ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ناوچەکانی سەر سنووری نێوان سووریا و عێراقیان کۆنترۆڵ کردووەتەوە. لە دیوی سووریاش، ئێران ژمارەیەکی زۆر چەکداری حیزبوڵڵای لوبنانی ڕەوانەی ناوچەکانی نزیک دێرەزوور کردووە.

دێنیس ڕۆس، شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە "ئێران دەیەوێ ڕێگری بکات لەوەی هێزەکانی نزیک لە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا شوێنی خۆیان قایم بکەن". چونکە ئەمە کۆتایی بە خەونی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانی سووریا لەگەڵ عێراق و ئوردن دەهێنێ.

ئەو سیاسەتەی ئێران لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی حکومەتی سووریاش یەکدەگرنەوە. چونکە لای حکومەتی سووریا شەڕی داعش تەنیا بەوە نابڕێتەوە کە داعش لە ناوچەکان دەربکرێن، بەڵکو ئەسەد دەیەوێ دوای دەرکردنی داعش، ناوچەکە بخاتەوە دەستی خۆی. بۆیەش لە ڕوانگەی حکومەتی سووریاوە شەڕی داعش دوو ڕەهەندی هەیە کە پەیوەندییەکی تەواویان پێکەوە هەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە ناوچەی دێرەزوور لەڕووی دارایی، وزە و سەرچاوەکانی خۆراک شادەماری ژیانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای سووریان. جیا لەمەش حکومەتی سووریا لە ساڵی 2014ەوە بەشێک لە شاری دێرەزووری بەدەستە و هێزەکانیشی لەو شارەدا لە لایەن هێزەکانی داعشەوە لە گەمارۆدان.

ڕۆس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەتا ئێستاش سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا ئەوەیە "فۆکەسەکە لەسەر شەڕی دژی داعش بێت" و خۆیان لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئێران و هێزەکانی لایەنگری ئەسەد بەدوور بگرن. پاش لێدانی فڕۆکە سوورییەکە، سوپای ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەوان لێدان لە هێزەکانی سووریا نەبووە، بەڵکو پاراستنی هاوبەشەکانی و بەردەوامبوونی شەڕی دژی داعش بووە. بە بۆچوونی ڕۆس، ئەمریکا نابێ تەنیا پەیامی دڵنیایی بە ئەسەد و ئێران بدات، بەڵکو هاوکات دەبێ هۆشداریش بدات کە "ناتوانێ هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی کۆریدۆرێک بەناو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قەبووڵ بکات".

بەڵام ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوە بکات پێویستی بە ستراتیژێکی بەرفراوانتر بۆ ناوچەکە هەیە کە هەم لەناوبردنی داعش و هەم جڵەوکردنی هەوڵەکانی ئێرانی تێدا ڕەچاوکرابێت، ئەگینا وەکوو فەیسەڵ ئیتانی دەڵێت "ئەمریکا داعش تێکدەشکێنێ بۆ ئەوەی دوژمنەکانی ئەمریکا (واتە ئێران و سوورتا) بێن میراتی داعش هەڵگرنەوە". بەجۆرێک کە نەک هەر هیچ دەستکەوتێکی بۆ ئەمریکا تێدا نابێت، بەڵکو ڕێگە بۆ ئێرانیش خۆش دەکات بەسەر لوبنان، سووریا و عێراقدا زاڵ ببێ.

ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات سووریا و هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا سەرقاڵبوونی هێزەکانی سووریای دیموکرات و ئەمریکا بە گرتنەوەی ڕەققە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی لە سێ قۆڵەوە دەست بە هێرش بکەن بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا.

قۆڵی یەکەم لەلایەن (هێزەکانی پڵنگ)ەوە دەبێت کە بە نزیک ڕەققە و بەرەکانی شەڕی نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و داعشدا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا جووڵە دەکات.

پێشڕەویی قۆڵی دووەم (کە گرنگترینیشیانە) بە جووتسایدی (M20) لە تەدمرەوە بەرەو دێرەزوور دەچێت. قۆڵی سێیەم لە هێزەکانی لایەنگری سووریا پێکدێت کە بەرەو ناوچەی تەنف لەسەر سنووری عێراق، سووریا و ئوردن پێشڕەوی دەکەن و لە چەند هەفتەی ڕابردووشدا ڕووبەڕووی هێرشی هێزەکانی ئەمریکا بوونەتەوە. ناوچەی تەنف بەدەست هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوورییایە و ئەمریکا پشتگیرییان دەکات.

عومەر لامرانی، توێژەر لە ناوەندی ستراتفۆری ئەمریکی، وای بۆ دەچێت دوای تێکشاندنی داعش لە هەردوو دیوی سنووری عێراق و سووریا، ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی سەخت هەیە لە نێوان هێزەکانی لایەنگری سووریا و ئێران لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و هاوبەشەکانی، شەڕێک کە لە ئێستاوە ئاماژەکانی دەبینرێن و ڕەنگە بەر لە دەرکردنی داعش لە ناوچەکەش بتەقێتەوە.

# ئەمریکا هێزێک بۆ پاراستنی ڕەققەی پاش داعش ئامادە دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لە سووریا سەرقاڵی پێگەیاندنی هێزێکی ئەمنیی نوێن تاوەکو دوای گرتنەوەی ڕەققە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی شارەکە بگرنە ئەستۆ. ئەوەی شارەزایانی نیگەران کردووە، ماوەی کورتی ڕاهێنانەکان و کەمیی چەک و تەقەمەنیی بەردەستی هێزەکانە.

گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا لە زاری بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و پێنتاگۆنەوە ئاشکرای کردووە کە هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا هاوشان لەگەڵ هێزە کوردی و عەرەبییەکان بەنهێنی خەریکی پێگەیاندنی هێزێکی ئەمنیی نوێن کە چاوەڕێ دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ژمارەیان بگاتە 3500 چەکدار و بڕیاریشە لە دوای دەرکردنی داعش، بۆشایی ئەمنی لە ڕەققە پڕبکەنەوە، فەرماندەیەکی کوردی هەسەدەش پێیوایە 10 هەزار چەکدار بۆ گەرەنتیکردنی ئاسایشی ڕەققەی پاش داعش پێویستە.

ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریی سڤیلی ڕەققە لە مانگی نیسانی ڕابردوودا لە شاری عەین عیسا لە باکووری ڕەققە دروستکراوە و لە 100 ئەندام پێکدێت، لەو کاتەشەوە هێزەکانی ئەمریکا مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و چەک و تەقەمەنی پێشکەش بە ژمارەیەک چەکدار دەکەن. بەرپرسانی سەربازی و سیاسیی ئیدارەی ئەمریکا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ماوەی مەشق و ڕاهێنانەکان بۆ هەر چەکدارێک تەنیا یەک هەفتەیە.

بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن ئەو هێزە ئەمنییە نوێیە لە خەڵکانێک پێکدێت کە لێکۆڵینەوەی تەواو لە ڕابردوویان کراوە. ژمارەی چەکدارەکانی ئەو هێزە نوێیە بەپێی دابەشبوونی نەتەوەیی شارەکە دەبێت و ئەنجوومەنی سڤیلی ڕەققە چاودێریی ئەو هێزانە دەکات. ئەنجوومەنی سڤیلی ڕەققە لەلایەن دوو کەسەوە هاوسەرۆکایەتی دەکرێت کە یەکێکیان شێخ مەحموود ئەلبورسانی سەرۆک عەشیرەتە و ئەوەی دیکەیان لەیلا مستەفا، ئەندازیاری مەدەنییە. ئەنجوومەنی سڤیل تاوەکوو کاتی هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی کارگێڕی، ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕەققەیان لە ئەستۆ دەبێت.

پلانەکە لەکاتێکدا جێبەجێ دەکرێ کە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققە لە سەرەتاکانی مانگی پێشووەوە دەستی پێکردووە. لە هەفتەی سێیەمی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققەدا، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ڕایانگەیاند کە چەکدارانی داعش بە تەواوەتی لە شارەکەدا گەمارۆدراون. ئەوەی هەتا ئێستا دیار نییە پلانی درێژخایەنی ئەمریکایە بۆ ڕەققە کە بە پایەتەختی خەلافەتەکەی داعش لەقەڵەم دەدرێت و چاوەڕێش دەکرێ لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنەکەی ئێستادا بەشێکی زۆری شارەکە وێران ببێ.

بەگوێرەی زۆربەی ڕاپۆرتەکان، بەشی زۆری سەرکردایەتی داعش لە ڕەققە نەماون و بەرەو ناوچە گوندنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات ڕایانکردووە. لە چەند هەفتەی ڕابردووشدا هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ژمارەیەک فەرماندەی ڕێکخراوەکەی لەو ناوچانە کوشتووە.

بەرپرسانی پێنتاگۆن بە گۆڤارە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە، پلانەکەی ئێستا لەسەر بنەمای ئەو متمانەیە داڕێژراوە کە بە ئۆپەراسیۆنەکەیان هەیە. تاوەکو ئێستا 250 کەس مەشقیان پێکراوە و هەندێکیان کراونەتەوە مامۆستای وانە سەربازییەکان. ڕایان دیلۆن، گوتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانان لە بەغدا بە (فۆرین پۆڵسی) گوت: لێکۆڵینەوە لەوانەش دەکرێ کە پێشتر فەرماندەی سوپای سووریا بوون و نابێ کەسەکە پێشینەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی هەبێت.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە ئێستاوە نیگەرانیی ئەوە هەیە کە پلانی دروستکردنی ئەو هێزەش بە دەردی هەموو ئەو پلانانە بچێت کە لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا ئەمریکا لە وڵاتە جیاجیاکانی ناوچەکە جێبەجێی کردوون، لەوانەش ئەفغانستان کە ئەگەرچی 30 هەزار هێزی پۆلیسی نوێی بۆ پێگەیەنرا، بەڵام دواجار ئەو هێزە بە گەندەڵی، تۆقاندن و دەستدرێژیکردنە سەر خەڵکی ناوچەکە تۆمەتبار کرا، ئەمەش مەترسیی ئەوە دروست دەکات کە خەڵکی ناوچەکە جارێکی دیکە پەنا بۆ گرووپە توندڕەوەکان بەرنەوە.

کەسانی ئاگادار لە پلانەکە ئاشکرایان کردووە کە پلانەکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە "کەشێکی ئەمنی لە شارەکەدا دروست بکەن ڕێ بۆ گواستنەوەی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ ناو شارەکە خۆش بکات". بۆ ئەوەی ڕێ لە دەستدرێژیکردنە سەر خەڵکی شارەکەش بگیرێت، ئەو تیمە ئەمنییە لەژێر چاودێریی ئەنجوومەنی سڤیلی شارەکەدا دەبن کە لە خەڵکی شارەکە پێکدێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی ئەنجوومەنی سڤیلی ڕەققە گەیاندنی یارمەتی مرۆیی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانە بە شارەکە، کە چاوەڕێ دەکرێ لە ماوەی نزیک چوار ساڵی ڕابردوودا زیانی گەورەی بەرکەوتبێت و لە کاتی شەڕی گرتنەوەی شارەکەشدا زیانەکان قورستر ببن.

لەیلا مستەفا بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاندووە کە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە هەنگاوێکی مێژووییە، بەڵام جەختی لەوەش کردەوە "ژێرخانی شارەکە وێران بووە و پێویستی بە بنیاتنانەوەیە، ئاو و کارەبای ڕەققەش پێویستیان بە هاریکاریی داراییە".

لە ئێستاوە بەرپرسانی ئەمریکی نیگەرانی ئەوەن هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوە لە کەسانی پەیوەندیدار بە داعش دەستپێبکات، ئەوەش دەتوانێ ناکۆکی و دووبەرەکی لە شارەکەدا قووڵتر بکاتەوە. بەگوتەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە، ئەوان لە ئێستاوە لە هەوڵی ئەوەشدان کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ چەسپاندنی ئاشتەوایی لە نێوان دانیشتووانی شارەکە دابنێن، لە بەرەبەری جەژنی ڕەمەزانیشدا هێزەکانی سووریای دیموکرات 83 کەس لە ئەندامە پلە نزمەکانی داعشیان وەکوو نیشانەیەک بۆ نیازپاکی ئازاد کرد.

عەبدولعەزیز ئەمیر یەکێک لەو 20 کەسەیە کە لە ئەنجوومەنی سڤیلدا نوێنەرایەتی هۆزەکانی ناوچەکە دەکات. ئەو گەشبینە بەوەی ئەنجوومەنەکەیان بتوانێت یەکڕیزی لە نێوان خەڵکی شارەکەدا دروستبکاتەوە.

ئیدریس محەممەد، فەرماندەیەکی کوردی هەسەدە کە چاوەڕێ دەکرێ لە داهاتوودا بەرپرسی ئاسایشی ڕەققە بێت، دەڵێت شانە نوستووەکانی داعش لە ناوچەکە و هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوە دوو تەحەدای سەرەکین کە لە دوای ئازادکردنی ڕەققە بەرۆکی هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە دەگرن.

بەهۆی شەڕی ڕەققەوە 200 هەزار کەس لە دانیشتووانی ناوچەکە ئاوارە بوون و چاوەڕێ دەکرێ لەگەڵ بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنەکەدا ژمارەی ئاوارەکان بەرزتر ببێتەوە. وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرزدا هاتووە، هێزەکانی هاوپەیمانان پارەی پێویست بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ئاوارانەیان نییە.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# سیاسەتی گوێچکەنان

کاتێ راپەڕینی گەلانی ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێنا و کۆماری ئیسلامی وەک جەمسەرێکی نوێ خۆی راگەیاند کە (نە غەربیە نە شەرقیە، جمهوریی ئیسلامیە)، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەک هەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بڕی، بەڵکوو گەمارۆی ئابووریشیان خستە سەری. ئیمام خومەینی کە ئەرک و بەرپرسیارێتی قۆناغی دارشتنەوەی ئێرانی تازەی لەئەستۆ بوو، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەرگەی ئەو گەمارۆ سیاسی و ئابوورییە بگرێت کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دراوسێکانییەوە خرابووە سەری، یەکەم کارێک کە دەیکات بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەک دەبێ لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بوارە جیاجیاکان تا راوێژیان لەگەڵ بکات و بە پشتبەستن بەپلانی زانستی، کۆماری ئیسلامی رووبەڕووی قەیرانەکان ببێتەوە.

لە رۆژانێکی زۆر کورتتر لەو ماوەیەی بۆ شارەزایانی دیاری کردبوو تا بە پرۆژەوە بگەڕێنەوە، پسپۆڕە ئابووریناسەکە کە مامۆستایەکی زانکۆی تاران بوو، دەگەڕێتەوە و بە ئیمام خومەینی دەڵێت هاتووم تا فەرمان بدەی (گوێچکەی نان) قەدەغە بکرێت. ئیمام خومەینی تووشی سەرسوڕمان دێت لەوەی چاوەڕوانی پرۆژە و پلانی زانستیی زۆر گەورەی لەم ئابووریناسە کردووە و ئەویش هاتووە داوای قەدەغەکردنی گوێچکە نان دەکات. بەسەرسامییەوە دەڵێت ئەمە پلانی تۆ بوو بۆ خۆژێنی؟! مامۆستاکە دەڵێ پێویستە لەم کارە بچووکانەوە دەستپێبکەین، ئەم چەند رۆژە خەریکی توێژینەوە بووم، ژمارەی هەموو ئوتێل و چێشتخانەکانم وەرگرتووە و لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای شار و لادێ، گەڕەکی هەژارنشین و دەوڵەمەند کۆمەڵگەیەکی ئێرانیی بچووککراوەم هێناوە، ئەو گوێچکە نانەی لە ماڵان و ئوتێل و چێشتخانەکان فڕێ دەدرێت، بەراوردم کردووە بە ژمارەی دانیشتووانی ئێران و ئەو برە گەنمەی ساڵانە ئێران لە وڵاتانی دەرەوە هاوردەی کردووە، بۆم دەرکەوتووە ئەو لێوارە زیادەیە یەکسانە بە بڕی ئەو گەنمە هاوردەکراوە، ئەگەر جەنابتان فەرمایشت بکەن بەوەی نانی ئێرانی قەدەغەیە گوێچکە و لێواری زیادەی هەبێت، ئەوا بڕی گەنمی جووتیارانی خۆمان بەشی نانی تەواوی گەلانی ئێران دەکات.

هەر لەوێ ئیمام خومەینی فەرمانی قەدەغەکردنی لێواری نان دەردەکات و تا ئێستاش کاری پێدەکرێت، ئیتر ئێران گەنم هاوردە ناکات. ئەو گەمارۆیەی ئەوکاتە خرایە سەر ئێران، ئەم وڵاتەی وا لێکرد پشت بەخۆی ببەستێ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی و ئێستا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەمترین پێویستی بە جیهانی دەرەوە هەبێت و ئەگەر گەمارۆی لەسەر نەبێت، رەنگە بتوانێ کەلوپەل و پێداویستی بۆ بەشێکی زۆری وڵاتان دابین بکات.

هەرێمی کوردستان لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدایە و دەیەوێ بەهۆی پرۆسەی ریفراندۆمەوە رێگەی سەربەخۆیی بگرێتەبەر، بەڵام تا باسوخواسی سەربەخۆیی گەرمتر دەبێ، تا لەو وادە دیاریکراوە نزیکتر دەبینەوە کە بۆ رۆژی ریفراندۆم دیاریکراوە، هاووڵاتیان زیاتر تووشی راڕایی و ترس دەبن لە ئاکامەکانی دوای ئەو پرۆسەیە. خەڵک بەنیگەرانییەکی زۆرەوە لە دۆخەکە دەڕوانن و ترسی ئەوەیان هەیە کاردانەوەی وڵاتانی دراوسێ زیاتر ماندوویان بکات. چونکە ئەزموونی رابردوو ئەوەی پیشانداون کە ئێمە وڵاتێک نین بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین، سێ ساڵ پێش ئێستاشیان بینی کاتێ بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی کە هەم مەترسی بوو هەم دەرفەت، دەکرا هەرێمی کوردستان بیکردایە بە سەرەتای لەسەرپێوەستانی خۆی و بەپلان ستراتیژێکی دابنایە و ئیتر کوردستانیش پشت بەخۆی ببەستێ، بەڵام بوو بە مەترسی و قەیرانێکی قووڵی ئابووریی دروستکرد کە ژیان و گوزەرانی چینەکانی خوارەوەی تەواو شێواندووە.

خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە نیگەران بن لە ئایندەیان، بەڵام ناشکرێ ئەوەش ببێتە هۆکاری لەدەستچوونی دەرفەتەکان، کۆنفۆشیۆس بەو جۆرە باس لەگەیشتن بە ئامانجەکان دەکات کە "ئەگەر مرۆڤ تەنیا یەک لایەنی نەرێنی ئامانجەکە بهێنێتە پێشچاوی خۆی، هەرگیز پێی ناگات".

ئێستا هەلومەرجێک هاتووەتە پێش کە کوردستان دەباتە قۆناغێکی ترەوە، بەڵام پێویستی بە بزواندنی کۆمەڵگە هەیە. راستە مەترسیمان هەیە، بەڵام ناکرێ هەر مەترسییەکان ببینین. گەرچی ئاو و هەوا و سروشتی کوردستان بەجۆرێکە ئەگەر حوکمڕانی کوردی لە چارەکە سەدەی رابردوو بەپلان کاری بۆ بنیاتنانەوەی کوردستان بکردایە، وەک ئێستا نەدەبوو کە پێویستیی رۆژانەی ژیانی خەڵک لە هێلکە و تەماتە و ماست و ئارد و پەنیر و تەنانەت بۆ بەنزین و سووتەمەنی، پەنا بەرێتە بەر وڵاتان، لەکاتێکدا کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵی و خاوەنی نەوتیشە.

سروشت و ژینگەی کوردستان هاوشێوەیە لەگەڵ سووریا کە شەش ساڵە شەڕ و کوشتار زۆربەی وڵاتەکەی گرتووەتەوە، پێنج ملیۆن کەس ئاوارەی وڵاتان بوون و لەناوخۆشدا زیاتر لە حەوت ملیۆنیان شوێنیان گۆڕیوە، کەچی هێشتا بازاڕەکانی کوردستان بەشی زۆری سەوزە و میوە و بەروبوومی کشتوکاڵی لە سووریاوە بۆ دێت. لە پرۆسەی ریفراندۆمدا هاووڵاتیان ترسی داخستنی سنوورەکانیان هەیە کە لەسەر حسابی قورسکردنی ژیانی خەڵک تەواو دەبێت. ئەگەر سەرخانی وڵاتێک ئیدارە و سیاسەت و دامەزراوەکانی بێت، ژێرخانەکەی ئابوورییە، کوردستان هەردووکی پێویستە، سەربەخۆیی و خۆژێنی. ئەگەر خاوەن ئیرادە بین هێشتا دەرفەتی ئەوەمان لەبەردەم ماوە کار لەسەر هەردوو پایەکە بکەین، بەڵام هاوشێوەی ئەو سەردەمەی ئێران پێویستمان بە پرۆژە و پلان و بڕیاری ئازایانە هەیە. ئەمە نیشانەی نەبوونی پلانە کە هەرێمی کوردستان ساڵانە بەبەهای دەیان ملیۆن دۆلار تەماتە و خەیار هاوردەی وڵاتەکەی دەکات و کاتێ خەیار و تەماتەی ناوخۆ دێتە بەرهەم، جووتیار فڕێی دەدات و دەرخواردی ئاژەڵی دەدات. وڵاتێکین بەپێی داتا و ئامارەکانی ژووری بازرگانی، ساڵانە بەبەهای 250 ملیۆن دۆلار برنج هاوردە دەکەین لەکاتێکدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گونجاون بۆ چاندنی برنج. ژینگەی کوردستان لەبارە بۆ چاندنی توتن و تا پەنجاکانی سەدەی رابردووش وەک نەوت تەماشای دەکرا، کەچی ئێستا ساڵانە بە بەهای 500 ملیۆن دۆلار جگەرە هاوردەی کوردستان دەکرێت.

کوردستان سەرباری ئەو کێشە ئابووری و قەیرانە داراییانەی تووشی هاتووە، وڵاتێکە داهاتەکانی بەشی ژیانێکی شەرەفمەندانەی ئەو ژمارە خەڵکە دەکات کە لەسەر خاکەکەی دەژین، بەڵام گرفت لە نادادی و گەندەڵی و بەهەدەرچوونی سامانەکانێتی. مافی خۆمانە بەرەو سەربەخۆیی بڕۆین و ببین بە دەوڵەت، گەلی کورد هیچی لە گەلانی تورک و فارس و عەرەب کەمتر نییە کە زۆر لەمێژە لەم ناوچەیە پێکەوە دەژین. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستمان بە ئیمامێکی بڕیاردەر هەیە ئەولەویەتی ئەوە بێت سەرچاوەکانی ئەو فەسادە ریشەکێش بکات کە خەریکە بڕست لە کوردستان دەبڕێت. بنبڕکردنی سەرچاوەکانی گەندەڵی و گرتنەوەی ئەو کون و کەلەبەرانەی قووتی خەڵکی لێوە دەبردرێت، دەبێتە ئەو بزوێنەرەی خەڵک جۆش دەداتەوە بۆ ئەو کاروانەی کوردستان دەگەیەنێتە کەناری ئارامی.



بەختیار کەریم

# "رێباز" یان "بنەماڵە"ی نەوشیروان مستەفا؟

سروشتی خێڵەکیی کۆمەڵگەی ئێمە مایەی تێڕامان و واقوڕمانی بەردەوامی لێکۆڵەرانی کورد بووە. خێڵ لای زۆربەی نووسەر، سیاسی و رۆشنبیری کورد، وەک بەربەستی سەرەکیی دەبینرێت لەبەردەم پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگە، دروستکردنی شار و بونیاتنانی دەوڵەت. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا خێڵ پێگەی "شەیتانێکی پێویست"ی وەرگرتووە کە تاوانباری سەرەکییە لە دادگاییکردنی مێژوودا!

بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانی ئێمە، سەرەتای تەمەنیان تەرخان کردووە بۆ دژایەتیکردنی خێڵ و دەسەڵاتی خێڵەکی، بەڵام لەپاش مردنیان دەبنەوە بە سیمبولێک بۆ "پەرستن"ێکی خێڵەکییانە. تەنیا خێڵ دەتوانێت درێژە بە ژیانی ئەم سەرکردانە بدات لەپاش مردنیان، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر گرنگترە لە ژیانی پێش مردن! وەک دەبینین سایەی سەرکردە کۆچکردووەکان، زۆر سەنگینترە لە سێبەریان کاتێک کە لەژیاندا بوون. لە سایەی ئەم سەرکردە کۆچکردووانەدا، سەدان نووسەر پێدەگەن، سەدان شعیر و شانامە و رۆمان لەدایک دەبن. هەموو هەوڵێکیش بۆ خوێندنەوەی رەخنەگرانەی ژیانی ئەم سەرکردانە، دەکەوێتە بەر شاڵاوێکی دڕندانەی خێڵەکیی لایەنگرانی کە تەنها مێژوویەکی کۆلاجکراو و مونتاژکراویان دەرخوارد دەدرێت!

یەکێک لە گەورەترین پیشەسازییەکانی ئێستای کوردستان بریتییە لە داتاشینی ئەفسانە، توێژێک لە نووسەر و رۆشنبیری مشەخۆر دروستبوون کە دەتوانین ناویان بنێین: ئەفسانەتاش. ئەم توێژە کە تەمەنێکی درێژیان بەسەر بردووە لە نووسینی رەخنەیی لە بونیادی خێڵەکیی کۆمەڵگەی ئێمە، ئەمڕۆ سەرقاڵی داتاشینی ئەفسانەی پاش مەرگی سەرکردەکانن! لەئەنجامدا بەشدارییەکی کارا دەکەن لە بەرهەمهێنانەوەی ئەو بونیادەی بانگەشەی گۆڕینی دەکەن. هەروەک چۆن سەرکردەکان لە کاراکتەری دژەخێڵەوە دەبنە داکۆکیکار و داهێنەری بنەماڵە و خێڵی سیاسی، ئەم رۆشنبیرانەش لە رەخنەگری پۆستمۆدێرنی لاوەوە، دەبنە پیرە ئەفسانەتاشی ئەم یان ئەو سەرکردەی خێڵەکی!

تێڕامانێکی خێرا لە بونیادی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردی، دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە حیزبی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، هێندەی چالاکییەکی سیاسی بووە، دە هێندە چالاکییەکی خێڵەکی بووە. بەشێوەیەک خێڵ و حیزب لە سیاسەتی کوردستانی باشووردا ئاوێزانی یەکدی بوون، تەنانەت ئایدیۆلۆجیا زۆر بەهێزە گەردوونییەکانیش نەیانتوانیوە هەژموونی خێڵ تێپەڕێنن. کۆمیونیزم لە سەدەی رابردوودا و ئیسلامیزم لەم سەدەیە، لەو ئایدیۆلۆجییانەن کە بوونەتە قوربانیی هەژموونی خێڵ. ئەم دوو ئایدیۆلۆژیایە کە هەوڵی جێگرتنەوەی خێڵیان دەدا بە خێڵێکی گەورەتری گەردوونی (خێڵی جیهانی یان ئوممە)، یان شکستیانخوارد یان ناچاربوون ببنە بەشێک لە بونیادی خێڵەکی-سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی.

بزووتنەوەی گۆڕان کە بزووتنەوەیەکی نائایدیۆلۆجییە، کۆکەرەوەی راستڕەو و چەپڕەوە لەژێر چەترێکدا و تەنها کۆمەڵێک ئامانج یەکیاندەخات. لەگەڵ گۆڕینی تێڕوانینی ئەم هێزانەدا بۆ ئەو ئامانجانە، یان ئەگەر لە ڕوانگەی هەندێکیانەوە ئامانجەکان بەدیهاتن، ئەم کۆبوونەوە پراگماتیکییە کۆتایی پێدێت. ئەگەر پێشتر سەرکردەی رەهای ئەم بزووتنەوەیە فاکتەری کۆکردنەوەی ئەم ئاراستە جیاوازانە بووبێت لەسەر خوانێکی کردەیی، ئێستا پاش کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، بزووتنەوەی گۆڕان دەستەویەخە رووبەڕووە لەگەڵ ئەم بونیادە خێڵەکییەی کۆمەڵگەی کوردی. لەلایەکەوە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان ئاراستە و خێڵە جیاوازەکانی گۆڕان و لەلایەکی ترەوە ناکۆکییە دەرەکییەکانی لەگەڵ پارتی و یەکێتی، دواجار گۆڕان ناچار دەکات یەکێک لە دوو رێگە هەڵبژێرێت:

یەکەم، وەک حیزبێکی سیاسی لەسەر ئەو پرنسیپە لاستیکیانە بلەوەڕێت کە بانگەشەیان بۆ دەکات و بێهوودە بەردەوام بێت لە بەرزکردنەوەی دروشمی خەیاڵی بەرووی هەژموونی رەهای پارتی و یەکێتیدا. ئەم بژارەیە گۆڕان دەکات بە حیزبێک کە توانای شۆڕشکردنی نەبێت بەسەر رۆحە شۆڕشگێڕییەکەی خۆیدا. دواجار خۆی دەبێتە قوربانیی ئەو شۆڕشەی تەنها لەناو خۆیدا دەتوانێت بەرپای بکات و دەبێت بە "حیزبی شیوعی"یەکی تر، کەمێک گەورەتر یان کەمێک بچووکتر.

لە بژارەی دووەمدا، گۆڕان دەتوانێت ببێتە یەکێکی دیکە لە حیزبە بنەماڵەییە خێڵەکییەکانی کوردستان و دەنگە جیاوازەکانی هەناوی لە دەوری "بنەماڵە"ی نەوشیروان مستەفا کۆببنەوە. چونکە بەپێچەوانەی زۆرینەی ئەفسانەتاشەکانەوە، ئێمە رامان وایە کە نەوشیروان مستەفا خاوەنی رێباز یان ئایدیایەکی سیاسیی دیاریکراو نەبووە. لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەڵوێست و کارەکانی رەنگدانەوەی بڕواهێنانێکی پراگماتیکی بوون بە کۆمەڵێک پرنسیپی گشتی کە هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکە بانگەشەی بۆ دەکەن. خەباتی سیاسیی ئەم سەرکردەیە لێوانلێوە لە گۆڕان و گەشتکردن، لە ماویستێکی توندوتیژەوە بۆ سەرکردەیەک کە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا توندوتیژی رەتکردەوە. لە دژایەتیکردنی ئیسلامییەکانەوە بۆ داکۆکیکارێکی سەرسەخت لە سەوابتەکانی ئیسلام! بەدەر لەوەی وەک تاکەکەس چۆن ژیاوە کە ئەوەش دەبێت جێگەی گفتوگۆ بێت، گرنگترین میراتی سەرکردەی سیاسی ئایدیاکانیەتی. نەوشیروان مستەفا خاوەنی ئایدیا و قوتابخانەیەکی هزریی سیاسی نییە تا شوێنکەوتەکانی درێژەی پێبدەن، تەنها دەکرێت وەک تاکەکەس بەپیرۆز بکرێت و بکرێتە سەرمایەیەکی رەمزی بۆ ئەوانەی بەناوی ئەوەوە لە ئایندەدا حوکم دەکەن.

گۆڕان لە مانگەکانی داهاتوودا، ناچار دەبێت بە بڕیاردان و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ، تەنها کوڕەکانی (خۆزگە بکرایە بمانگوتایە کچەکەشی) دەتوانن ببنە فاکتەری هێشتنەوەی گۆڕان بە یەکگرتوویی و رێگرتن لە ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشانی. تەنها ئەوان دەتوانن ببنە پرد لە نێوان: نەوەی کۆن و نوێ، سێبەری باوکیان لە رابردوو و سایەی خۆیان لە ئایندە، هێزە کۆنەپارێزە ئیسلامییەکان و چەپە توندڕەوەکان (پاشماوەی ماویزم و ئیسلامیستەکانی ئێستا کە بانگەشەی پۆست-ئیسلامیزم دەکەن) و هەموو دژیەکەکانی تر کە لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا کۆبوونەتەوە.

سروشتی کۆمەڵگەی کوردی زۆر شت دەسەپێنێت بەسەر سیاسەت و سیاسەتکاراندا کە لەوانەیە خۆیان بڕوایان پێی نەبێت. گۆڕانیش مەحکومە بەم گۆڕانکارییە و هاتنە ناو ریزی حیزبە بنەماڵەییەکانی کوردستانەوە، بەپێچەوانەوە مەحکوم دەبێت بە هەناسەدان لەو هەوا سنووردارەی ئەفسانەتاشەکان بەرهەمی دەهێنن و پاش ماوەیەک ئەزموونی خنکان و لەبەریەکهەڵوەشان دەکات.



مامەند رۆژە

# هایدرۆپۆلیتیکی کاک عەبدولستار مەجید

## بەرایی

ماوەیەکە ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتووەتەوە. دەمودەست ئەم پرسە کاریگەری لەسەر کشتوکاڵ داناوە و قەیرانی ئاوی خواردنەوەشی لێکەوتووەتەوە. لەم دۆخەدا کە هەرێمی کوردستان بەرەو گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەنگاودەنێ، گرتنەوەی ئاو راستەوخۆ دەبێتە دۆزێکی سیاسی کە لەتوێی هایدرۆپۆلیتیکدا شیدەکرێتەوە.

پێگەی هایدرۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان لەچاو ئێران و تورکیا لەرزۆکە، بەڵام پێگەکەی لەچاو عیراق بەهێزە. بۆیە پێدەچێ لە ئایندەیەکی نزیکدا لە هەرێمی کوردستان قەیرانی ئاوی شیرین سەرهەڵبدات، چونکە ئێران کۆمەڵێک بەنداوی لەسەر چەمی ئەڵوەند، سیروان و ئێستاش لەسەر زێی بچووک دروستکردووە و پێدەچێ لە ئایندەیەکی نزیکیشدا تورکیا کۆمەڵێک بەنداو لەسەر ئاڤاشین، باسیا، زێی گەورە، خابوور و هێزل دروستبکات. بەمجۆرە کوردستان بەر هەڕەشەی ئاو دەکەوێت.

یەکەم کەس کە لەسەر ئەم دۆزە هاتووەتە دەنگ بەڕێز عەبدولستار مەجید وەزیری کشتوکاڵە. ئەو باش لە رەهەندەکانی پشتەوەی ئەم دۆزە گەیشتووە، بۆیە کۆدەکانی شیکردووەتەوە. کاک عەبدولستار یەکێک لە وەزیرە سەرکەوتووەکانی ئەم کابینەیەیە کە خاوەن دید و پرۆژەیە. هەروەها هەڵگری دۆزی نەتەوەییە و کاتێک لە بەغدا کورسیی نزمیان بۆ دانا، هەڵوێستە بەناوبانگەکەی دەنگیدایەوە. ئەو جەخت لە کۆمەڵێک پرۆژە دەکاتەوە کە رەهەندی ستراتیژییان هەیە. سەبارەت بە گرتنەوەی ئاویش ئاماژەی بە هەڕەشەکانی هایدرۆسیاسەت کردووە. لێرەوە هەڵوێستی کاک عەبدولستار دەکەینە بەرایی بۆ چوونە ناو ئەم بابەتە.

## کوردستان: تەحەداکانی هایدرۆپۆلیتیک

نەتەوە یەکگرتووەکان و یۆنسکۆ سەدەی بیستویەکەمیان ناوناوە سەدەی هایدرۆپۆلیتیک. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی کەمیی ئاوی شیرین، کەمیی رێژەی باران، بەکارهێنانی لەرادەبەدەری ئاوی شیرین و زۆربوونی رێژەی دانیشتووانەوە رووبەڕووی قەیرانی ئاو بووەتەوە. هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا لە 20 ساڵی ئایندەدا گەلێک وڵات بەتایبەت وڵاتانی عەرەبیی حەوزی خەلیج لەگەڵ تەنگژەی ئاوی شیرین بەرەوڕوو دەبنەوە.

کوردستان وڵاتێکی تینوو نییە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سەرووریی کوردستانی باکوور و کوردستانی رۆژهەڵات دەست کورد بکەوێ، دەبێتە دەوڵەتێکی کارامەی هایدرۆپۆلیتیکی کە دەتوانێ دەست بنێتە بینەقاقای سووریا، عێراق و ئێران و تەنانەت ئەرمەنستانیش. بەڵام دۆخی هەرێمی کوردستان وا نییە و گرفتی هایدرۆپۆلیتیکی هەیە. 70%ی سەرچاوەکانی ئاوی شیرینی ئەم هەرێمە لە ئێران و تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش رێژەیەکی ترسناک پیشاندەدات.

هەرێمی کوردستان ناوەندی راکێشانی کۆچە و دانیشتووانیشی هەڵدەکشێت. لەبەر ئەمە بووژانەوەی ئابووری پەیتا — پەیتا و بەرزبوونەوەی دانیشتووانی لەگەڵ وەرگرتنی کۆچی سەدان هەزاری لە ئاوارە، پەنابەر و کارخواز وای لێدەکا کە پێویستییەکی لەرادەبەدەری بە ئاوی شیرین هەبێت. ئاسایشی ئاو راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی خۆراکیشەوە هەیە. بۆیە کەرتی کشتوکاڵ، پیشەسازی، خزمەتگوزاری و ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان لەبەردەم هەڕەشەدایە.

## ئێران: هایدرۆپۆلیتیک و جڵەوکردنی کوردستان

بەهۆی نەبوونی رژێمێکی حقووقی لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستان، گرتنەوەی ئاو بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت و بێ هەماهەنگیی دوولایەنە، قۆستنەوەی سیاسەتی ئاوی وەکوو کارتی فشاری ستراتیژی، دەبێتە سەرچاوەی گرژی لەنێوان ئەم دوو وڵاتە و دۆخی ئاسایش بەر هەڕەشە دەکەوێت.

ئێران نەک لەژێر عەباوە، بەڵکوو لەسەر عەباوە بە رۆژی رۆشن و لە سەرووبەندی پرۆسەی گشتپرسیدا، یەکێک لە گرنگترین کارتەکانی خۆی پیشانداوە.

لەدوای سەردانەکەی عەبادی بۆ تاران، ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتووەتەوە. ئەمەش دەسپێکی گەمەیەکی ترسناکە کە زاناکان بە گەمەی هایدرۆپۆلیتیکی ناوی دەبەن.

ئێران ئێستا دەتوانێ لەرێی بەنداوەکانییەوە و لەرێی پرۆژەکانی گۆڕینی رێڕەوەکانی ئاووە، ئاوی ئەڵوەند، سیروان و زێی بچووک و تەنانەت چەندین چەمی بچووکی دیکەش بگرێتەوە. ئێران ئێستا دەستی لە بینەقاقای هەرێمی کوردستاندایە و کارتێکی یەکجار ترسناکی قۆستووەتەوە. بۆیە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی هەردوولا دەستپێدەکا کە ئەمە لەگەڵ قۆناغێکی هەستناکدا هاوکاتە: پرۆسەی گشتپرسی.

## ئەنجام: هەڕەشەکە بە هەند وەربگرن!

ئێستا بە رۆشنی دەرکەوتووە کە پرۆسەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەروا بێ گرفت و بەئاسانی بەرەو پێشەوە ناڕوات، دەرکەوت کەوا گەلێک بۆسە و گەلێک بۆمبی نەتەقیوی لەبەردەمدایە. یەکێکیشیان پرسی هایدرۆپۆلیتیکە.

ئێستا با بێین و ئەم گریمانەیە دابنێین کەوا ئێران بەبیانووی جۆربەجۆرەوە ئاوەکانی ئەڵوەند، سیروان و زێ دەگرێتەوە. واتە لەپاڵ ئامرازەکانی هەڕەشەی وەکوو حەشدی شەعبی، بودجە، راگرتنی فڕینی ئاسمانی و تۆپباران و تەنانەت مووشەکبارانی کوردستان، کارتی هایدرۆپۆلیتیکیش بەباشی دەقۆزێتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: گەلۆ کوردستان چی لێدێت؟

ئەگەر ئێران ئەم کارە بکا، ئەوە ئاسایشی ئاو، ئاسایشی خۆراک و لەگەڵ ئەمەش ئاسایشی گشتیی هاووڵاتیان بەر هەڕەشە دەکەوێت. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کەمیی ئاو ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەی ناوخۆیی، گرژیی کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتی هاووڵاتیان. بۆیە وەک بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئاماژەی بۆ کردووە، دەبێ هەڕەشەی هایدرۆپۆلیتیک بەهەند وەربگیرێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# یەکێتی چ کارەیە؟

## 1

یەکێتی کە ئێستا لە نێوان گۆڕان و پارتیدا ڕۆڵی ناوبژیکاری هەڵبژاردووە، بەقەد گۆڕان لە لەباربردنی تەوافوقی سیاسیی کوردستان و، بە قەدەر پارتیش لە پەککەوتنی پەرلەماندا تاوانبارە. نە یەکێتی و نە گۆڕانیش لە مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەماندا، ڕاستگۆ نین و خۆشیان زۆر باش دەزانن کە ئەگەر ئەوە پرسێکی نیشتمانیی هێندە پیرۆزە، هەنگاوی کردنی گەلێک زۆرن و مەسەلەی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەی یوسف محەممەد بۆ هەولێر، ناتوانێ ئەو تەخریباتە گەورەیە چارەسەر بکات کە لە ئەنجامی پەیمانشکێنی و لادان لە ڕێککەوتن، تووشی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بووە.

بە دیوێکی دیکەشدا، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ پەرلەمان کارا ببێتەوە و تەوافوقێکی سیاسیی تۆکمە دروست نەبووبێت، هیچ لە وەزعی سیاسی ناگۆڕێت، بگرە ئاڵۆزتریشی دەکات.

یەکێتی دەزانێ کە گۆڕان نایەوێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو پرۆسەیە بەبێ گۆڕان بەڕێوەنەچێت. لەوەیاندا یەکێتی مەبەستیەتی تا هەڵبژاردنی داهاتوو پێگەی بەرامبەر گۆڕان لاواز نەبێت، چونکە لەوەش دڵنیایە کە وەزعی گۆڕانی دوای نەوشیروان مستەفا ئاڵۆز دەبێ و، نایەوێ ببێتە کەرەستەی سیاسیی یەکبوونی ناوماڵی گۆڕان.

بەڵام پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کە ئەوە دامانناا پەرلەمان کارا نەکرایەوە و مەسەلەی بڕیاردان لە گشتپرسیی هەرێمی کوردستان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیشەوە، بە پەرلەماندا تێپەڕ نەبوو، ئایا ئەو کاتە هەڵوێستی یەکێتی چی دەبێت؟ ئایا یەکێتیش بە ڕەسمی دژایەتیی خۆی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی ڕادەگەیەنێت؟ مەگەر هەر یەکێتی نەبوو کە دەیگوت ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بابەتێکی نیشتمانییە و نابێ تێکەڵی مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەمان بکرێت؟!

ئەم بڕیارە نەک بۆ ئێستای یەکێتی، بگرە بۆ ڕابردووی یەکێتی و خەباتی مام جەلال مایەی نەنگییەکی مەزن دەبێ کە پرسی چارەنووسی میللەتێک ببەستنەوە بە وەرگرتنەوەی پۆستێک یان شەخسێکەوە.

یەکێتی لە بڕیارێکی لەو چەشنەدا، جارێکی دیکە هەم خۆی و هەم سنووری کوردستان دابەش دەکاتەوە. بۆیە دەستنیشانکردنی نوێنەر بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری گشتپرسی (بە تایبەتیش کە مەتڵەب ئەوەیە ئەو کەسە هەم خەڵکی سلێمانی بێت و هەمیش لە باڵی دەستڕۆیشتوو) یەکێتی لە ئیحراجییەکی گەورەی مێژوویی ڕزگار دەکات.

## "نەخێر" چارەیە!

## 2

ئەگەر تا وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی لە کوردستان، تەوافوقێکی سیاسی نەهاتبێتە ئاراوە (تەنانەت ئەگەر یەکێتیش پشتیوانیی پرۆسەکە بکات) ئەوا بەڕێوەبردنی پرۆسەکە لە سلێمانی و ناوچەکانی نفوزی گۆڕان زەحمەتە. ئەگەرچی بەو وەزعەی ئێستا هەیە گۆڕان جگە لە بایکۆتکردن هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، بەڵام بەدووریش نازانرێت کە هەوڵی خۆی لەسەر ئاستی جەماوەری و ڕێکخستنەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی سندووقەکانی دەنگدان لەو ناوچانە دانەنرێن و پرۆسەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بێ ئیعتیبار بکات.

بەڵام ئەوەی بەرەی "نەخێر" ناتوانێ ببینێت، ئەوەیە کە مەسەلەی دەنگدان بە سەربەخۆیی کوردستان مەسەلەیەکی ئەخلاقی و ویژدانییە و کەم کەس هەیە بتوانێ بچێتە بەردەمی سندووقی دەنگدان و بڵێ نەخێر. دەشێ کەسانێک لەژێر کاریگەریی ئینتیمای سیاسییان لەو ڕۆژەدا نەچن دەنگ بدەن، بەڵام پڕوپاگەندە بۆ بەڵێ چەند ئەرکی بارزانی لە پابەندبوون بە ئەنجامی گشتپرسی قورس دەکات و، چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی لێ دەکات، بۆ بەرەی نەخێریش بەهەمان شێوە دەبێت، چونکە ئەوا گریمان دەنگی نەخێر سەرکەوت، ئایا ئەو بەرەیە دەتوانێ لە حاڵەتێکی وەهادا، دەستەبەری هەموو ئەو مافانە بکات کە کورد وەکو نەتەوەیەک و شەریکێک دەبێ لە چوارچێوەی وڵاتی بەناو عێراقدا هەیانبێت؟ ئایا دەتوانن بیر لە حەجمی ئەو زیانە بکەنەوە کە بەر مێژووی کێشەی کورد لە ئاستی جیهانیدا دەکەوێت؟

جاران لەسەردەمی دروستبوونی قیادەی موەقەتەدا، یەکێتی قسەیەکیان بڵاوکردبووەوە کە قیادەی موەقەتە بۆ تێکدانی شۆڕشی نوێ دروستبووە، چونکە ئەوان دەڵێن ئەگەر شۆڕشیشمان پێ نەکرێت، خۆ پێمان تێکدەدرێت! ئەو قسەیە ئەگەر ڕاست بووبێت، ئەوا ئەوەی ئەمڕۆش هەمان ڕاستییە کە بەرەیەک لە کوردستان دەڵێ ئەگەر گشتپرسیشمان پێ نەکرێت، خۆ پێمان تێکدەدرێت.

## کەرکووک دێت و سلێمانی دەڕوات

## 3

خاڵێکی زۆر گرنگ کە کەمتر باسی دەکرێت، ئەو دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییە گەورەیەیە کە لە سۆنگەی ئەنجامدانی گشتپرسی لە کوردستاندا دێتە دی. دەستکەوتێک کە کورد دوو شۆڕشی لە پێناودا کردە قوربانی، ئەویش کەرکووکە. کەرکووک و سلێمانی وەزعیان هاوتەریبی یەک دەبێ، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز. کەرکووک بە بەشداری لە گشتپرسیدا دوو ئامانج دەپێکێ، یەکەمیان دەبێتەوە بە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستان و دووەمیشیان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدات. سلێمانیش ئەگەر دەنگی نەخێر تێیدا سەرکەوێت، ئینکاری لە مێژووی خەباتی سیاسی و نیشتمانیی خۆی دەکات و دەکەوێتە دەرەوەی سنووری کوردستان. بەڵام لێرەدا ئەوەش هەیە کە ئەهەمیەتی ستراتیژیی سلێمانی یان هەرێمێکی لەو شێوەیە بێ کەرکووک زۆر ناچیزە. بۆیە هەوڵێک هەیە کە مەسەلەی کەرکووک و سلێمانی بەیەکەوە ببەسترێتەوە. ئینجا هەر چۆنێک بێت، لە ماوەی داهاتوودا وەزعێکی ئەمنی و سەربازیی ئەوتۆ بۆ کەرکووک دروست دەکرێت کە ئەنجامدانی گشتپرسی تێیدا زەحمەت بێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گشتپرسی و خامنەیی

خامنەیی بەڕاست یان بەشۆخی لە دیداری هەفتەی ڕابردوویدا لەگەڵ عەبادی، هەوڵەکانی ئەنجامدانی گشتپرسیی لە کوردستان بە مقۆمقۆ ناوبرد و گوتیشی قبوڵ ناکرێ. ڕۆژانی ڕابردووش کوردی فەیلی لە بەغدا کەوتنە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە. هاومەزهەبە عەرەبە چاوڕەشەکانیان بە ناردنی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بۆ گەڕەکەکانیان، پێیانگوتن پاش گشتپرسی چیدیکە هاومەزهەبی دادیان نادات و کورد هەر کوردە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەیە کە لە سعودیەوە دەیبیستین و خەڵکی سادە جگە لە سیاسییەکانیان، بە هاشتاگ نەک پشتیوانی لە گشتپرسی دەکەن، بەڵکو پەلەشیانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ڕۆڵەکان زۆر سەیر گۆڕاون. لە هەشتاکاندا هەر ئەو سوپا سوننە عەرەبییە، کە پشتیوانیی سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداویشی هەبوو، بەشداریی دەکرد لە ئەنفالکردنی کوردی زۆرینە هاومەزهەبی. هەمان خامنەیی و کۆماری ئیسلامییەکەشی پشتیوانییان لە شۆڕشی باشووری کوردستان دەکرد کە لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی سوننەی توندئاژۆی تێدابوو، کەچی ئێستا گشتپرسی بۆ خامنەیی مقۆمقۆیە و بۆ شاسەلمان، وەک لە حەرەکات و سەکەناتی دەردەکەوێ، پلانە و دەبێ وەدیبێت.

زۆر کەس ئەو پێشبڕکێیەی سعودیە و ئێران لەسەر گشتپرسیی کوردستان بە شەڕی چاڵدێران دەچوێنن. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، شەڕی چاڵدێران کە ئەنجامەکەی دابەشبوونی کوردستان بوو، لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەتی هاوسنوور و مەزهەب جیاوازدا ڕوویدا کە هێزی سەربازی و مەعنەوییان تارادەیەک وەکو یەک بوو. ڕەنگە بکرێ کۆماری ئیسلامی بە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی بچوێندرێ و ڕاستییەکەی لە پەلهاویشتن لە ناوچەکەدا لە سەفەوییەکانیش واوەتر چووە، بەڵام سعودیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نییە و ناشتوانێ ببێ. سعودیە پارەی نەوتی هەیە، مەککە و مەدینەی هەیە و لۆبییەکی یەکجار بەهێزی لە ئەمریکا و ناوەندەکانی بڕیاردانی جیهاندا هەیە. ئەمانە پراگماتیکانە بیری لێبکەینەوە گرنگترن لەو چەکانەی ئێران بەدەستیەوەن، بەڵام بۆنموونە سعودیە ناتوانێ بە سوپاکەی بێتە سەر سنووری ئێران و کوردستان دابەش بکات.

ئەوەی لە قەیرانی یەمەنەوە دەستیپێکرد و دواتر قەیرانی قەتەری بەدواداهات و سبەی قەیرانی پاش گشتپرسیی باشووری کوردستان دەبێت، هەمووی نیشانەکانی ئەوەن کە سعودیە و هاوپەیمانەکانی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ کۆنسێرڤاتیڤە ئەمریکییەکان لەو خاڵەدا یەکیانگرتووەتەوە کە لەپاش داعش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستێکی نوێ دروست بێت و تێیدا سنوور بۆ هەژموونی فراوانی ئێرانی پاش ڕووخانی سەدام دابنرێ و بەرژەوەندییە وزەییەکانی ئەو بەرەیەش پارێزراو بن. یەکێک لە ڕێگەکانی سنووردانانەکەش دروستکردنی دیوارێکە لەنێوان ئێران و سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو لە ڕێگەی خاکێک کە ناوی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانە.

من وای تێدەگەم کە قەیرانی قەتەر کۆتایی دێت و ئەو وڵاتەش دەتوانێ دیوارێکی دیکە بێت بۆ سنووردانان بۆ هەژموونی ئێرانی، ئەمەش بەو مانایە نییە کە قەتەر بەلای سعودیەدا دەیشکێنێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوەی سعودیە دەیکات ئەوەیە کە ناهێڵێ پلانە قەتەرییەکە بۆ ملکەچپێکردن و گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە وڵاتانی کەنداو سەرکەوێ، بەڵام قەتەر وەک هێڵی نێوەڕاست دەمێنێتەوە لەنێوان ڕیاز و تاراندا کە ناچار دەبێ لەبەر بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی بێلایەنی هەڵبژێرێ. ئەمە دەکرێ پاش چەسپاندنی گشتپرسی کەیس ستەدییەکی باش بێ بۆ کوردستان. واتە لە ئێرانی بگەیەنێت کە هەم لە بەرژەوەندیی تاراندایە و هەم لە بەرژەوەندیی ڕیازیشدا کە کوردستانێکی سەقامگیر لەو نێوانە وەک هێڵی نێوەڕاست هەبێ، کە نە بهێڵێ پریشکی ئاگر بگاتە نێو ئێران و نە ڕێگەش بدات سعودیە هەست بکات شیعە دەستیان لە بینەقاقای گیرکردووە. ئەگەر من لەجێی جەنابی خامنەیی بم، هەر وا بیری لێدەکەمەوە. چونکە دەزانم هەولێر نە دژایەتیی تارانی پێدەکرێ و نە دەیەوێ بیکات. بۆیەش باشترە مقۆمقۆکەی بکاتە کردەوە و ناوچەکە لە جەنگێکی گەورەی دیکەی بێئەنجام ڕزگاری ببێ.



د. ئێدی کۆهێن*

# ئیسرائیل پێویستی بە سەربەخۆیی کوردستانە

ڕۆژی 25ی سێپتەمبەری 2017 گشتپرسییەک لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێت. دەنگی خەڵک ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە کوردستانی نیمچە سەربەخۆ لە عێراق جیادەبێتەوە و دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەمێنێتەوە. گشتپرسییەکە یەکەمین هەنگاوی کۆنکرێتیی کوردی عێراقە بەرەو وەدیهێنانی خەونی یەک سەدەیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هێزە براوەکان بەڵێنی سەربەخۆییان بە کورد دا. ئەمە نەبووە کردەوە، هۆکاری سەرەکیش نارازیبوونی مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری تورکیای نوێ بوو.

لەوکاتەوە کورد بەدەست ڕاوەدوونان و سەرکوتکردنەوە لەو وڵاتانەدا کە بەسەریدا دابەشکراون، ئازار دەچێژن. ئێستا کورد گەورەترین گرووپی نەتەوەیین کە لە سەرتاسەری جیهاندا دەوڵەتی خۆیان نییە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە لە ساڵی 2003، کورد ئۆتۆنۆمییەکی فراوانیان هەبووە کە وایکردووە دیسان ئارەزووی سەربەخۆییان لەلا زیندووببێتەوە. ئەم ئارەزووە ئەوکاتە گەیشتە لوتکە کە پێشمەرگە هاوکارییەکی گەورەی کرد لە شەڕی دژی داعشدا. ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە سوپای عێراق نەیدەتوانی سەرکەوتووبێت لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی مووسڵ لەدەستی ڕێکخراوی داعش. بەڵام شتێکی زۆر سەیر هەیە لە چیرۆکی سەرکەوتنی عێراقییەکاندا لە کوردستان. ئەویش ئەوەیە کە نیمچە قەیرانێک لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستبووە و هۆکارەکەشی زیندووبوونەوەی ئارەزووی سەربەخۆیی کوردستانە.

لەسەر ئەو مەسەلەیە پێناچێ هیچ گۆڕانێک لە هەڵوێستی حکومەتی ئێستای عێراقدا بەراورد بە حکومەتەکانی پێشتر هەبێت. بەگوتەی حکومەتی ناوەندی و کەسایەتییە عێراقییەکان کە دژی سەربەخۆیی کوردستانن، کورد وەکو ئاشووری و ئێزدی و تورکمان بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگەی عێراقین و نابێ لە وڵاتی عێراقی دایک داببڕێن.

ناکۆکیی قووڵیش لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر خاوەندارێتیی نەوتی کوردستان هەیە و لەسەر ئەوەش ناکۆکی هەیە کە داهاتی نەوتەکە بگەڕێتەوە بەغدا یان لە کوردستان بمێنێ. پشتیوانییەکی چاوەڕواننەکراو لە کوردستان بەمدواییانە لەلایەن سعودیەوە کرا، کە پێدەچێ تۆڵەکردنەوە بێت لە تورکیا لە بەرامبەر ئەوەی پشتیوانی لە قەتەر دەکات.

سەبارەت بە ئیسرائیلیش، هەرچەندە بێدەنگییەکی بەهێزی فەرمی هەیە لەسەر ئەو مژارە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئۆرشەلیم پشتیوانی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکات. سێ ساڵ لەمەوبەر، سەرۆکوەزیران ناتانیاهو ڕایگەیاند کە ئیسرائیل پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات لەو بەشەی عێراقدا کە ئێستا کورد ئۆتۆنۆمییان تێیدا هەیە. "ئێمە پێویستە پشتیوانی لە ئارەزووی کورد بۆ سەربەخۆیی بکەین. ئەوان شایانی سەربەخۆیین". ئەمانە قسەی ناتانیاهو بوون لە گوتارێکیدا کە لە ئەنیستیتیوتی ئاسایشی نیشتمانی لە تێل ئەڤیف پێشکەشی کرد.

ئەو لێدوانە، کاردانەوەی توندی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراقی بەدواوە بوو، چەندینجاریش بە میدیاکانی گوت کە هەوڵ هەیە کوردستان بکرێتە "ئیسرائیلی دووەم". کاتێک ڕۆژنامەڤانانی ئیسرائیلی بۆ ڕووماڵکردنی شەڕی دژی داعش گەیشتنە عێراق، مالیکی نەیتوانی چیدی ڕق و تووڕەبوونی خۆی بشارێتەوە. زۆر لە سەرکردەکانی عێراق شانبەشانی مالیکی، تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە هاوکاریی ئیسرائیل دەکات. بەردەوامیش ئەوە بیردەهێننەوە کە لە ساڵانی شەست و حەفتای سەدەی ڕابردوودا ئیسرائیل هاوکاریی کوردی کردووە لە شەڕی دژی حکومەتی ناوەندیدا.

ئەو وڵاتانەی پشتگیریی گشتپرسی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە خەڵکی کوردستان دەکەن، زۆر کەمن. هەرێمی کوردستان کە هیچ دەریچەیەکی دەریایی نییە و دەورەدراوە بە دوژمنەکانی، سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ عێراق، ئێران، سووریا و تورکیا. ئەو وڵاتانە، بەتایبەتیش ئێران و تورکیا، بەتووندی دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن. ئەوانیش وەک مالیکی لەوە دەترسن کە کوردستان وەک دوورگەیەکی دۆستانە و ئارام و سەقامگیر لە ناوچەیەکدا کە بە جەنگ و دوژمنکاری دەورە دراوە، بەکردەوە ببێتە شتە ناخۆشەکە، واتە ئیسرائیلی دووەم. هەرکاتێک لەم ساڵانەی دواییدا باسی سەربەخۆیی کوردستان کرابێت، ئەو دەستەواژەیە بۆ دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکە بەکارهێنراوە.

بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئێرانی و تورکەکان هەوڵبدەن گشتپرسییەکە سەرنەگرێت و لایەنە کوردییەکان وا لێبکەن پێک ناکۆک بن. بەڵام بۆ ئیسرائیل هەم لەڕووی ئابوورییەوە و هەم لەڕووی ئاسایشیشەوە پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی کوردستان قازانجی هەیە. بۆ سنووردانان بۆ جووڵەی میلیشیا جیهادییەکان لە سووریا و عێراق، پێویستە ئۆرشەلیم ڕۆڵی هەبێت لە گۆڕانکارییەکانی نێو کوردستان. بۆیە لە بەرژەوەندیی سوپای ئیسرائیلدایە کە مەشق و ڕێنمایی بداتە پێشمەرگەی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان. دەکرێ لەوەش واوەتر بڕۆن و بنکەیەکی سەربازی لە کوردستان بکەنەوە بۆئەوەی بەهۆیەوە دەوڵەتی کوردستان بپارێزن. هەروەها دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەتوانێ ڕێگە خۆش بکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەو جووانەی کاتی خۆی لەوێوە هاتوونەتە ئیسرائیل و کاتی خۆی دەوڵەتی عێراق دەریکردوون و ماڵ و موڵکیانی تاڵان کردووە. ئەمە پێگەی ئیسرائیل لە ڕێککەوتنەکانی داهاتووی ئاشتیدا لەگەڵ عەرەب بەهێزتر دەکات.

لەپەنای ئەو بەرژەوەندییە گەورانەوە، خەڵکی ئیسرائیل هاوسۆزییەکی گەورەیان لەگەڵ خەباتی ڕەوای کورد هەیە. زۆر خاڵی هاوبەش هەن لەنێوان گەلی کورد و گەلی جوو. هەردووکیان ماوەی درێژ تووشی ڕاوەدوونان بوون و بە جیهاندا پەرتەوازە کراون.

ئێران، تورکیا و وڵاتانی عەرەبی قەت دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا نانێن. بەڵام کورد نابێ کات بەفیڕۆ بدەن و دەبێ یەکسەر دوای گشتپرسی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان و جیابوونەوە لە عێراق ڕابگەیەنن. ئەگەری زۆر بەهێز هەیە کە دەوڵەتی کوردستان ببێتە دوورگەی سەقامگیری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. ئەوەش وای لێدەکات زۆر جیاواز بێت لە وڵاتانی دەوروبەری. بۆیە دەبێ ئیدارەی ترەمپیش پشتیوانی لە گشتپرسی و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق بکات. چونکە ئەم گۆڕانکارییە لەبەرژەوەندیی تەواوی ناوچەکەدایە.

دەبێ کورد ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، ئەمەش چەندە زووتر ڕووبدات باشترە. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات و هەر تەنیا پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نەکات. چونکە مافی بڕیاردان لە چارەنووس و سەربەخۆیی پێویستە مافی هەموو کەس بێت و ناکرێ تەنیا خەڵکێکی دیاریکراو ئەو مافەیان هەبێ.

*** د. ئێدی کۆهێن، توێژەرێکی ناسراوە لە (سەنتەری بنگۆریۆن- سادات)ی ئیسرائیلی. نووسەری کتێبی (هۆلۆکۆست لە ڕوانگەی مەحموود عەباسەوە)یە.**



زریان ڕۆژهەڵاتی

# حەشدی شەعبی پەیەدە و پارتی نزیک دەکاتەوە؟

ساڵح موسلیم و چەند بەرپرسێکی ڕۆژئاوا لە دژی ئەگەری پێشڕەویی حەشدی شەعبی بەرەو سووریا دەنگیان بەرزکردووەتەوە. پرسیار ئەوەیە: داخۆ ئەمە تاکتیکە یان سەرەتای قۆناغێکی نوێیە کە تێیدا پەیەدەش تەرەفگیریی خۆی یەکلایی دەکاتەوە؟

ئەگەر ئەمە سیاسەتی دوورمەودای پەیەدە بێت، ئەوا دەتوانێت ڕۆڵی لە نزیککردنەوەی پارتی و پەیەدەدا هەبێت و زیاتر لەوەش نەیاری ستراتیژیی دۆزی کورد لە سێ پارچەی ڕۆژئاوا، باشوور و ڕۆژهەڵات یەکبخات. دواجار، هەڕەشە و هاوپەیمانیی هاوبەش، هێزەکان لێک نزیکدەکاتەوە!

## حەشدی شەعبی و سێکوچکەی هەڕەشە بۆ ڕۆژئاوا

هەرچۆن بێت، پەیەدە- هێزەکانی سووریای دیموکرات ئێستا قەڵەمڕەوێکیان لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدەستدایە و تەنانەت بەرەو ناوچە عەرەبنشینەکانیش مل دەنێن. هەرچەندە، ئەم هێزە بە ڕواڵەت بەرگری لە بیرۆکەیەکی ئەنارشیستی ئەنتی دەوڵەتی دەکات کە ئۆجەلان پێشیخستووە، بەڵام بە کردەوە مەقوەماتی دەوڵەت و حوکمڕانی بنیات دەنێت. بۆیە لەدوای شەڕی داعش و لە کاتی بەشکردنی "دەسکەوتەکانی جەنگ"دا نایەوێت قەڵەمڕەوەکانی خۆی لەکیس بدات. حاڵی حازر، لە دوو میحوەری گرنگەوە هەڕەشەی ستراتیژی لەسەر مان و نەمانی ئەم قەڵەمڕەوە لە ئارادایە و ئەگەر حەشدی شەعبیش بچێتە ناو سووریا، ئەوا سێکوچکەیەکی تەهدید بۆ پەیەدە دروست دەبێت کە ئامانی نادات.

یەکەم: تورکیا- بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سووری لە جەرابلوسەوە تا باب هاتوون. لەوانەیە بە چاوپۆشیی ڕووسیاش گوشارەکانی لەسەر ئەو ناوچەیە زیاتر بکات!

دووەم: بە ئەگەری زۆر لە داهاتوودا سوپای سووریا- میلیشیا شیعەکان هەوڵەکانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە کوردییەکان زیاتر دەکەن.

ئەگەر حەشدی شەعبیش لە ملی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو بەشەی کوردستانەوە، واتا لە شەنگال و بەعاجەوە پێشڕەوی بکات، لە ماوەی درێژخایەندا هەڕەشەیەکی سەربازیی گەورە بۆ مان و نەمانی قەڵەمڕەوەکەی پەیەدە دروستدەکات و لە باشترین حاڵەتدا لەژێر گوشاری سێکوچکەی تورکیا- سووریا- حەشدی شەعبیدا، بە لاوازی و گەمارۆدراوی دەمێنێتەوە.

خاڵێکی دیکە پەیوەندی بە عەرەبە سوننەکانی ناو هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە هەیە کە پەیەدە ناتوانێت لە سیاسەتەکانیدا چاوپۆشییان لێ بکات. لەڕاستیدا هاوکارییەکانی دنیای دەرەوە و پڕچەککردنەکەی ئەمریکاش بەهۆی فۆرمولی هاوپەیمانی کوردی —عەرەبی سوننییەوە بووە. هاتنی حەشدی شەعبی بۆ سووریا، ئەویش لەڕێی پەیەدەوە دەتوانێت نارەزایی عەرەبە سوننییەکان بورووژێنێ و گرفتی بۆ دروستبکات. بۆیە لەم حاڵەتەدا ڕۆیشتنی حەشدی شەعبی نەک تەنها هەڕەشەیەکی دەرەکی، بەڵکو هەڕەشەی ناوخۆییش بۆ پەیەدە دەخولقێنێ.

## یەکلاکردنەوەی سەنگەر و هاوپەیمانیی سروشتی کوردی - کوردی

لەوانەیە تا ماوەیەک بەر لە ئێستاش باسکردن لەوەی کە پەیەدە وەک هەڕەشە سەیری حەشدی شەعبی بکات، دوور لە واقیع سەیر بکرایە، چونکە پەیەدە بۆ مانەوەی خۆی، ستراتیژێکی فرەڕەهەندی پێڕەو دەکرد. لەلایەک کەین و بەینی لەگەڵ ڕژێمی سووریا و ئێران و ڕووسیا هەبوو، لەلایەکی دیکەش بە چەتری ئەمنی ئەتڵەسییەوە شەڕی داعشی دەکرد، بەڵام ئۆپەراسیۆنی ڕەققە، بڕیاری ئەمریکا بۆ پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات و قەیرانی قەتەر دۆخەکەی گۆڕیوە. ئیدی خاڵی وەرچەرخان نزیکبووەتەوە و وا پێدەچێ پەیەدەش خەریکی یەکلاکردنەوەی خۆی بێت.

دۆسییەی سووریا و قەیرانی قەتەر، تورکیا و ئێران و ڕووسیای زیاتر لە یەک نزیک کردووەتەوە. ئۆپەراسیۆنی ڕەققە و هاتنی چەکی ئەمریکیش، دۆخی هێزەکانی سووریای دیموکراتی گۆڕی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا پتەوتر کرد. قەیرانی قەتەریش دەروازەیەکی بۆ دروستبوونی پەیوەندیی پەیەدە و سعودیە و ئیمارات و ئوردن کردووەتەوە. بەمجۆرەش ئاراستەی هاوپەیمانی کوردی- عەرەبی سوننی لە ڕۆژئاوا خەریکە بەهێزتر دەبێت کە دەتوانێت دۆخی گەمارۆدراوی ڕۆژئاوای کوردستان بشکێنێ و لەڕێی ئوردنەوە نەفەسێکی پێ بدات. بێشک، ڕۆیشتنی حەشدی شەعبی بۆ سووریا پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە دەبێت.

حەشدی شەعبی لە عێراقیش دەمێکە تەهدیدی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە. لە خانەقینەوە تا شەنگال سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی جەڕاندووە. بۆیە خەریکە نەیارێکی هاوبەش بۆ پرۆژەی کوردی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان تەعریف دەبێت. ئەگەر وابێت ئەوا ئێران و عێراق و سووریا دەبنە نەیاری سەرەکی پرۆژەی کوردی لە سێ پارچەی کوردستان و کاریگەری لەسەر دۆخی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش دادەنێت.

پەیەدە سەر بە ڕەوتێکی فیکری سیاسییە کە خۆی بە ڕکابەر و بەدیلی ڕەوتی فیکری سیاسی پارتی دەزانێت، بەڵام تەنیا ئایدیۆلۆژی ئاراستە بە سیاسەتی کرداری نادات، بەڵکو بەرژەوەندی و دۆخەکانیش ئەو کارە دەکەن.

ئەگەر پەیەدە کرانەوەیەکی سیاسی- سنووردااریش لە ناوخۆی ڕۆژئاوا دەستپێبکات، هەرێمی کوردستان دەتوانێت پاساوێکی سیاسی و یاسایی بۆ ئاوەڵاکردنی زیاتری سنوورەکان و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەیەدە پەیدا بکات و بەوەش زەمینەی هاوپەیمانییەکی ڕەسمی لە ماوەی درێژخایەندا فەراهەم بکات. بەڵام تورکیا و مانەوەی پەکەکە لە سنوورەکانی باشوور- ڕۆژهەڵات (لەوانەیە بۆ پاراستنی هێزەکانی لە سنوور مل بۆ داواکانی ئێران بداتەوە.) دەتوانن تەگەرە بۆ ئەمە دروستبکەن. جا ئەگەر ئەوەش ڕوونەدات، ئەوا دەشێ هاوپەیمانییەکی سروشتی لە بەینیاندا هەبێت. لانیکەم گرفتەکانی بەینیان قووڵتر نەکەن، چونکە دواجار ملۆزمێکی هاوبەشیان لێ تایبن بووە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## عەزیز وەیسی لەبەر شەهیدان هەڵناپەڕێ

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# لایەنگرانی داعش لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا

لەکاتێکدا ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش هەتادێت لە عێراق و سووریا بچووکتر دەبنەوە، لایەنگرانی رێکخراوەکە لە فیلیپین و ئیندۆنۆسیا ناوچە کۆنترۆڵ دەکەن.






### گروپی ماوتی:

گەورەترین گروپی لایەنگری داعشن. هەر دوو برا عومەرخەیام و عەبدوڵڵا ماوتی بەشدارییەکی سەرەکییان لە هێرشەکەی سەر مەراویدا هەبوو.



### چەکدارانی ئازادی ئیسلامیی بانگۆسمۆرۆ و ئەنساری خەلیفە لە فیلیپین:

گروپی لایەنگری داعش و سەر بە بەرەی ئازادی ئیسلامی مۆرۆن لە میندناو. بەرەی ئازادی ئیسلامی لە 2014 رێککەوتنی ئاگربەستیان لەگەڵ حکومەتی فیلیپین واژۆ کرد.

### گروپی ئەبوسەیاف:



ئیسنیلۆن هاپیلۆن،سەرکردەی گروپی ئەبوسەیاف لە ناوچەی میندناو، لە ساڵی 2014 بەیعەتی بە داعش دا. هاپیلۆن زۆرجاران وەکوو ئەمیری داعش لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ناوزەد دەکرێت.

### جەماعەی ئیسلامیە:

گروپێکن کە بانگەشەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکەن. شانەکانی ئەم گروپە لە تایلەند، سینگاپور، فیلیپین و مالیزیان.

### کەتیبەی نوسانتارا:

800 بۆ 900 کەس لە ئەندامانی یەکەی چەکدارانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا لە سووریا شەڕیان کردووە و 200 کەسیان گەڕانەتەوە. ئەوان بە کەتیبەی نۆسانتارا ناسراون.

### جەماعە ئەنسارو تەوحید:

لقێکن لە جەماعەی ئیسلامی ـ شانەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی لە شارەکانی ئیندەنۆسیان، لەوانەش لە ئاچیە، سولاوێسی و جاڤا.

سەرچاوە: Graphic News